PDF4Kurd

پرۆژەی تیپی شانۆی سالار
بۆ چاپکردنی تێکستی شانۆیی
(3)

# سازی ئاسنین

نووسینی

**جۆزیف ئۆکۆنۆر**

وەر ێڕانی

**ئازاد بەرزنجی**

**2007**

سەرپەرشتیاری پرۆژە

**یاسین قادر بەرزنجی**

---

ناوی کتێب: سازی ئاسنین

نووسینی: جۆزیف ئۆکۆنۆر

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

بابەت: شانۆنامە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج – رێبوار ئەورەحمان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

تیراژ: 1000 دانە

بڵاوکەرەوە: تیپی شانۆی سالار

ژمارەی سپاردن:

چاپی : یەکەم ساڵی 2007

کوردستان سلێمانی

---

# ئەم شانۆ نامەیە

ڕووداوەکانی شانۆنامەی (سازی ئاسنین) ی (جۆزیف ئۆکۆنۆر) دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی بەر لەسەربەخۆیی ئێرلەندە و ڕزگاربوونی لە چنگی ئینگلیزی داگیرکەر، یان وردتر بلێین، دەگەڕێتەوە بۆ سالّی 1920و تەواوی ڕووداوەکانیش لە ماوەی دووڕۆژی بەهاریی مانگی نیساندا ڕوودەدەن. لەو ڕۆژگارەدا سوپای کۆماریی ئێرلەندە I.R.A لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ چەکدارەکانی ئینگلیزدا، کە پێیان دەوتن (بلاك ئەندتانز) و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دژایەتیی ئێرلەندییەکانیان دەکردو لێیان دەکوشتن و دەبڕین. نووسەر لەم شانۆنامەیەدا ویستوویەتی پەردە لەسەر هەندێ لایەنی جوان و لە هەمانکاتدا هەندێ لایەنی دلّڕەقانەی شۆڕش بە گشتی و شۆڕشی ئێرلەندیش بە تایبەتی بخاتە ڕوو. کاتێك شۆڕش دوچاری هیستیریا دەبێت و ڕۆحی تۆلّەسەندنەوە بەسەر لۆجێکی ئەقلّدا زالّدەبێت و هیچ بایەخێك بە بەها مرۆییەکان و عەدالەت نادات. ئەو ناعەدالەتیەی کە هێزەکانی بلاك ئەندتانز بەرامبەر بە سوپای کۆماری ئێرلەندە دەیکەن، ئەمانیش بە هەمان شێوە وەلآمیان دەدەنەوە، بەلآم لە سەرێکی ترەوە نووسەر پێمان دەلّێت کە لە ناو شۆڕشی ئێرلەندیدا ئاڕاستەیەکی تر هەبووە کە هەولّی داوە ڕەهەندێکی ئینسانی فراوان بە شۆڕشەکە ببەخشێت، کە لە شانۆنامەکەدا خۆی لە کاراکتەری (ئۆریۆردۆن)دا دەبینێتەوە، هەربۆیە بەدرێژایی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە نەغمەیەکی ئینسانیی غەمناك

دەبیستین كە لە تارەكانی سازەكەی ئۆریۆردۆنەوە دێتەگوێ، ئۆریۆردۆن دەیەوێت ڕۆحی لێبوردەیی بە شۆڕش ببەخشێت. ئەو دەیەوێت بڵێت كە هەر شۆڕشێك ئەگەر گوێ بە بەها ئینسانیەكان و هەست و سۆزە مرۆییەكان نەدات، ئەو شۆڕشە ڕەهەندی مرۆییانەی خۆی لە دەست دەدات.

لەو پەیامانەی تر كە ئەم شانۆنامەیە دەیەوێت پێمانی ڕابگەیەنێت ئەو گۆڕانەیە كە خۆشەویستی لە ناو قووڵاییەكانی مرۆڤدا دەیخولقێنێت، بەڕادەیەك كە دوژمن دەكات بە دۆست و لە ناخەوە سروشت و تێفكرینی دەگۆڕێت. ئەوەتانێ جۆن تریگارسن هەر چەندە ئەفسەرێكی سەر بە هێزەكانی (بلاك ئەندتانز)ی ئینگلیزە، بەڵام كاتێك بەدیل دەگیرێ و دەخرێتە ژێر چاودێریی ئۆریۆردۆنەوە، عاشقی مۆلی دەبێت و لەو ڕابردووە سەربازییەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و لایەنی ئێرلەندییەكان دەگرێت. ئەمە جگەلەوەی كە جۆن پرۆتستانتە و مۆلیش كاسۆلیكە ئەم دوو ڕێبازە ئایینیەش بەردەوام لەگەڵ یەكدا دژبوون.

بە كورتی ئەم شانۆنامەیە بانگەشەیەكە بۆ دژایەتیكردنی جەنگ و تیرۆر لە ژێر هەر پەردەیەكدا بێت و بانگەوازێكە بۆ خۆشەویستی و لێكبوردن و سڕینەوەی سنوورە ئایینی و نەتەوەییە بەرتەسكەكان، و هاوارێكە لە پێناوی ئازادی و ئاشتی و ئاسوودەییدا بۆ مرۆڤ.

**وەرگێڕ**

سازی سازژەنەکەی (فین) سێ تاری هەبوو:
تارە بڕۆنزییەکەی گوێگرانی تووشی باوێشك دەکرد...
تارە زیوینەکەش دەیخستنە پێکەنین... بەڵام ئاسنینەکە دەیگریاندن.

سەرنج :

ناونیشانی شانۆنامەکە (قیسارەی ئاسنین)ە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەکوردیدا وشەیەکی پڕاوپڕمان بەرامبەر بە قیسارە نییە، وشەی سازم دانا کە لە کوردیدا مەرج نییە هەر بەمانای ئەو ئامێرە بێت کە بە (ساز) ناسراوە ، بەڵکو بەمانای هەر ئامێرێکی مۆزیك دێت و منیش لێرەدا بەم مانایەی دووەم بەکار هێناوە.

و . کوردی

**کاراکتەرەکان**

پیتەر تۆلی:– پیاوێکی ئینگلیزە خاوەنی موڵکە لە ئێرلەندە. Tolly Peter

شامۆس:– خزمەتکاری تۆلی یە. Shamus

مایکل ئۆریۆردۆن:– کارمەندە لای تۆلی و لە هەمانکاتدا لە سوپای کۆماریی ئێرلەندەدا ئەفسەرە (ماوەیەك دەبیٚ کوێر بووە) Micchel O'Riordon

مۆلی کنسێلا ئامۆزای ئۆریۆردۆنە Molly Kinsella

جۆن تریگارسن:– ئەفسەرێکی سوپای ئینگلیزیە و لای ئۆریۆردۆن بەندە John Tregarthen

شۆن کیلی:– ئەفسەرە لە سوپای کۆماریی ئێرلەندەدا Sean Kelly

سکانلۆن:– یارمەتیدەری کیلییە Scanlon

سەربازی ئینگلیزی 1st Blank and Tans Soldier

سەربازی ئینگلیزی 2st Blank and Tans Soldier

دێرمۆت:– لە سوپای کۆماری ئێرلەندەدا پاسەوانە Dermot

فیلام:لە سوپای کۆماری ئێرلەندیدەدا پاسەوانە Phelam

(دیمەن)

هۆڵی دانیشتن لە کۆشکێك لە ئێرلەندە کە موڵکی تۆلی یە .

کات:– خاکەلێو (نیسان)ی 1920

پەردەی یەکەم:– لەبەیانیدا

پەردەی دووەم:– هەرئەو ڕۆژە – لە دوانیوەڕۆدا .

پەردەی سێیەم:– لە بەیانیی ڕۆژی داهاتوودا، نزیکی بەرەبەیان .

# (بەشی یەکەم)

هۆڵی دانیشتنە لە کۆشکێکی ئێرلەندیدا، خاوەنەکەی پیتەر تولییە، کە میراتگری موڵکی چەند ئەندازیارێکی ئاودەستی تەندروستی یە... هەندیٚ کەل و پەلی بیٚ بایەخ دانراوە... چەند شەمعەدانێکی زیوی.. چەند چرایەك... شووشەمەنی... چەند شتێکی تر کە پێویستیان بە چاککردن هەیە... دەرگایەك بەرەو رێچکەو یاریگاکان دەچێت... پێپلیکانەیەك دەبینرێت... پەنجەرە درێژەکان بە پەردەی ئەستوور داپۆشراون، لەبەرئەوە سەرتەختەی شانۆ تاریکە هەر چەندە تۆزێك ڕووناکیی ڕۆژ دێتەژوورەوە. لە قووژبنێکی ژوورەکەدا دوور لە پێپلیکانەکان مایکل ئۆریۆردۆن دانیشتووە کە ماوەیەکە چاوەکانی کوێربووە... ڕووی لە بینەران دوورە، دەنگی شووتی شەمەندەفەرێك سیٚ جار لەسەریەك دەبیستریٚ".

**تۆلی:**– (**بەپێپلیکانەکاندا دێتە خوارەوە**) پێم وتیت شەمەندەفەرەکە گەیشت.

**شامۆس:**– قوربان تووڕەمەبە... بە (**تیم**)م وتووە، جەنابت بەتەمای سەفەریت، بێگومان چاوەڕێت دەکات.. ئەمەندەش چەنەبازە تا سەعاتێکی تریش (**دان**) مەشغوڵدەکات.

**تۆلی:**– باشه.. دەکەواتە خێراکە، چونکە ئەبێ سبەینێ لە لەندەن بم.

**شامۆس:**– (**بەخاوی دەجوولێتەوە**) پەلەمەکە گەورەم.. ماوە زۆرە.. ئەبێ ژیان وەکو سەمایەکی خاو بەسەربەرین..، ئەمەیە ژیان، وێردێکی ئایینیە. تۆ لەو بڕوایەدایت پاپا ئۆسۆلیڤان بە ڕاکردنەوە بەسەر پێپلیکانەکاندا بەرەو کوشتارگەکە بچێت؟ (**لە خوار پێپلیکانەکانەوە جاڤاکان فڕێ دەدات و ئاوڕ دەداتەوە تا سەربکەوێتەوە**) باوادابنێین ئەمە پێپلیکانەی کوشتارگەکەیە: دەبێ لەسەر خۆ ڕووت وەربگێڕیت و بە سەنگینی قاچت بەرزبکەیتەوە، وەك دێوێك کە بیەوێت بەرێچکەکەدا بپەڕێتەوە.

**تۆلی:**– کە ئەمەندە گورجیت، مێشکت بەشتێکی ترەوە خەریك بکە، سەیروا لە سەعات دە تێپەڕیوە هێشتا پەردەکانت لانەداوە... ئەی تا ئێستا چیت دەکرد؟

**شامۆس:**– گوێ بگرە گەورەم.. سەعات شەش و نیو لەخەو هەڵسام، هەر ئەوەندە خۆر لە ژوورەکەمی دا یەکسەر چووم بۆ...

**تۆلی:**– قەیناکا.. گرنگ نییە.. ببوورە ئەو پرسیارەم لێکردیت.. واخۆم لای ئەدەم (**پەردەکان لائەدات**) ئێستا لەوانەیە خەڵکی وابزانن یەکێکمان مردووە.. (**دوو تەقە لە دوورەوە**). ئاە.. خوایە تۆ بڵێیت هەمدیسان بەزمەکە بێت.

**شامۆس:**– ئەگەر بەباشی و بە هەردوو گوێت گوێ بگریت ئەزانیت بەزمەکە نییە.. تفەنگێکی بیست و دووە بۆ ڕاوکردنی کەروێشك نەك تفەنگی ڕاوکردنی ئینگلیز.. ئای.. لێم ببوورە گەورەم بە ڕاستی لە بیرم چووەوە کە تۆش ئینگلیزیت.. باوەڕت بێ دڵم بەرامبەرت زۆر پاکە..

**تۆلی:**– هێمنی و ئاسایشی ئەم ناوە پاڵی پێوەنام بۆ کڕینی ئەم خانووە بەڵام ئێستا پیاو ناوێرێت لە پەنجەرەکەوە سەری دەرکات یەکسەر لاری دەکەنەوە.

**شامۆس:**– گەورەم ئێستا تەنها کەروێشکەکان لەمەترسیدان نەك تۆ. (**بەخێرایی**) بێگومان ئەوە جۆنی ئەفسەر و خاتوو مۆلی‌یە.. ماوەیەکە زۆر پێکەوە بۆ ڕاو دەردەچن.

**تۆلی:**– خۆزگە یەکێکتان پێی دەوتم ئەم جۆنە کێیە و چی ئەکات لێرە؟.. ئەترسم بەینێکی تر بێمەوە ببینم چەند کەسێکی چەکدار ماڵەکەمیان داگیرکردووە و ئەفسەرێکی سەیر و سەمەرەی ئینگلیزیش بەئارەزووی خۆی کەروێشکم بۆ ڕاودەکات. من سەرم لەمانە دەرناچێت..

**شامۆس:**– وشەی (**چەند کەس**) وەك جوێنێك وایەو ئێرلەندییەکی پێ وەسف ناکرێ.

**تۆلی:**– ئێمە هەموومان بەکەس ناو دەبرێین، ئەوەش پاداشتی ئەوەیە کە لە دایکبووین.

**شامۆس:**– ئاوەها؟ ئەی باشە تائێستا مایکل هیچی دەربارەی ئەو ئەفسەرە بۆ باس نەکردوویت؟

**تۆلی:**– لەوەتی هاتووم بۆ ئێرە دووقسەم لەگەڵ نەکردووە.. خۆ هەرنایەت بۆ ئێرە.. من ئەوم کردووە بەجێی متمانەی خۆم و موڵکەکانم خستۆتە ژێر دەستی، ئەویش بە ئارەزووی خۆی چیی بوێت وای لێ دەکات. هەر وەکو موڵکی خۆی بێت.. وابزانم ئەوانەی بۆ ئێرەش دێن هەمووی هاوڕێ و ناسیاوی ئەون.. باشە ئەوە لە کوێیە؟ ئەمەوێ پێش ڕۆیشتنم بیبینم.

**ئۆریۆردۆن:**– (**لەسەر کورسییە پاڵپشت بەرزەکەوە**) ئەرێ ئەوە وا من کوێرم تۆچی؟

**تۆلی:**– بەڕاستی ترساندمت.. باشە چاکترە لێرەیت، شامۆس.. کوا (**میك**) و عەرەبانەکەی؟ ئەم جانتایانەی بۆ بەرە.

**شامۆس:**– میك نەخۆشە، هەر خۆم دەچم عەرەبانەکە ئامادە ئەکەم.

**تۆلی:**– نەخۆشە! تا ئێستاش عەرەبانەکە ئامادەنەکراوە.. کار بەم جۆرە بڕوا فریای شەمەندەفەرەکە ناکەوم.

**شامۆس:**– چۆن فریای ناکەویت قوربان، نیگەران مەبە ئێستە لە وێستگەکە پۆکەر ئەکەن.

(**دەڕوات**)

**تۆلی:**– ئێ ئۆریۆردۆن..! ؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئێ تۆلی ؟

**تۆلی:**– ئەمەوێ پێش ئەوەی بڕۆم هەندێ شتم بۆ ڕوون بکەیتەوە !

**ئۆریۆردۆن:**– دەربارەی چی؟

**تۆلی**: – تۆ پێم بڵێ ئەمماڵەی من بۆ بووە بە بارەگا.. ئەوانەش کێن بە کەیفی خۆیان بە موڵکی مندا دێن و ئەچن.. ئەو ئەفسەرە ئینگلیزەش کێیە.. دەتوانیت کەمێك ئەم شتانەم بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**ئوریوردون**: – تۆ زۆرت لێم ئەوێ، بەڵام وامنیش وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە.. پێش هەموو شتێك ئەو ئەفسەرە ناوی (**جۆن تویگارسن**)ە و ئەفسەرێکی سوپای ئینگلیزەو لای من دیلە.

**تۆلی**: – لای تۆ دیلە؟

**ئۆریۆردون**: – سێ مانگێك دەبێت لای (**دەبلن**)ەوە بە دیلگیراوە و ناردوویانەتە ژێر چاودێریی منەوە.. خۆت ئەزانیت کە من ناتوانم چاودێریی بکەم.. کەسیشمان نییە چاودێریی بکات.. بەڵام خۆی پەیمانی بە من داوە ڕانەکات، ئێستاش ئەوەتانێ کەروێشك ڕاوئەکات.

**تۆلی**: – تێگەیشتم.

**ئۆریۆردون**: – باشتر.

**تۆلی**: – بەڵام ئۆریۆردۆن ڕاستییەکی تر هەیە وابزانم لە یادت چوو.. ئەمە ماڵی منە، تۆیش بۆ من ئیشدەکەیت.. من کرێی ئیشەکەت دەدەمێ، هەرمنیشم ئەوە دیاری دەکەم کێ بێتە موڵکی منەوە و لێی بچێتەدەرێ.. هەروەها من ئینگلیزم و قبووڵ ناکەم ئەفسەرێکی ئینگلیز لە ماڵی مندا دیلبکرێ.. ئەزانیت لە لەندەن بەمە بزانن بە خائینم دەدەنە قەڵەم و ئەمگرن و ورگ و ڕیخۆڵەم دەردەهێنن.. تۆ بۆ لە خۆت زیاتر بیر لە یەکێکی ترناکەیتەوە؟

**ئۆریۆردۆن:** — تۆلی بەس باسی خۆت و موڵکەکەت بکە.. دەشتوانیت بە پۆلیسی لەندەن ڕابگەیەنیت کە سوپای ئێرلەندی دەستی بەسەرماڵەکەتدا گرتووە.. بڕواناکەم هەر گوێشت بدەنێ.. دەتوانیت بە جۆنی ئەفسەریش بڵێیت لێرەلاچۆو بۆ کوێ دەچیت بچۆ، بەڵام ئەویش گوێت ناداتێ... دنیایەکی بێوەفایە تۆلی.. ئەوەش ڕاستی یەکەیە.

**تۆلی:** — هەمووی خەتای دڵفراوانیی خۆم بوو..

**ئۆریۆردۆن:** — (**بەگاڵتە پێکردنەوە**) تولیی دڵفراوان.

**تۆلی:** — کەس ناتوانێت نکوولّی لەمەبکات.. تۆنکوولّیی لێ دەکەیت؟.. بەڵام پێویستە لێرەدا بوەستێت.. من پیاوێکی سیاسی نیم.. کاسبکارێکم و چاوم لە زۆرشت پۆشیوە، بەڵام ئەوەی من لە تۆم ئەوێ ئەوەیە بەلایەنی کەمەوە کە بەڕێزبیت.. وابزانم ئەوەت لەبیرچووەوە کە من دەتوانم دەرتبکەم.. نابێ خۆت بەسەرمدا بادەیت تەنها لەبەرئەوەی من.

**ئۆریۆردۆن:** — لەبەرئەوەی تۆ بەزەییت پیامدا دێتەوە.. ئەو بەزەییەی بە پوولێکی قەڵب نایکڕم.. تۆ لەبەر ئەوە منت نەهێشتوەتەوە کە بەزەییت پیامدا دێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئیشت بۆ دەکەم و شارەزای ئیشەکەتم.. هەرچی موڵك و ماڵت هەیە بە وردی و ڕێکوپێکی بەڕێوەدەبرێت و دەپارێزرێ. هەر کاتێك دێیت بۆخۆت بەتەواوەتی پشوو دەدەیت پاش ئەوەی بە ئاودەست فرۆشتنەوە خۆت کوشتووە.

**تۆلی:** — پێویست بە گاڵتە پێکردن ناکات.. ئیشەکەی من شتێکی زۆر پێویستە..

**ئۆریۆردۆن:**– بەڵێ.. بەڵێ.. تۆ پیاوی (**تەندروستی**)یت و کەس نکوڵی لەوەناکات.. لەوانەیە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە لە شوێنی گونجاوی خۆتدا نەبیت.. تۆ ئەزانیت لە ئێرلەندەدا چی ڕووئەدات؟ دەوڵەتەکەتان هەرچی زیادەی زیندانەکانتان هەیە بە چەکەوە ناردوونی بۆ ئێرە بۆ ئەوەی چەندانی وەکو من بکوژن.. قەت ناوی (**بلاك ئەندتانز**)ت بیستووە یان ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان لە ڕوویان نایەت باسی بکەن؟ ئەوانە ئەو بەڕێزانەن کە شەش مانگ لەمەوبەر بۆسەیەکیان بۆ دەستەکەی من نایەوەو لەو کاتەوە ئیتر من هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم لای ژوورەکە یا ئەو لای ناکەم، هیچ پەنجەرەیەك نابینم.. جا لەبەرئەوە ئەبێ لێم ببووریت تۆلی لەوەی کە ناتوانم بەشداری هەستت بکەم بەوەی نەیەڵم کەس بێتە ئێرە... من ئەزانم ئەمەماڵی تۆیە... بەڵام وەك دەبینیت بارەگایەکی باشیشە، لەبەرئەوەش ئێمە هەر لێرە دەمێنینەوە.

**تۆلی:**– بەڵام ئەمە تاکەی بەردەوام دەبێ؟ ئەزانیت چەند بێتاقەتم لەم بارە.. من تەقدیری هەڵوێستی تۆش دەکەم.

**ئۆریۆردۆن:**– شتێکی باشە، سوپاست ئەکەم، بەڵام ئەم بارەش هەروادەبێت تا ئێرلەندە سەربەخۆیی وەدەست دێنێ، ئەوساش خوا ئەزانێت چیمان لێدێت!

نازانم پێت خۆشە یان نا بەڵام باپێت ڕابگەیەنم کە زۆربەی سەربازە ئینگلیزەکانیش هەر وەکو ئێمە ڕقیان لەو کارانەی (**بلاك ئەندتانز**) دەبێتەوە.. کاتێك ناویان لای جۆن بەریت تف دەکاتەوە.

**تۆلی:**– گوێبگرە.. من سەر لەمە دەرناکەم.. حەزیش ناکەم لەوەزیاتر سەری لێدەرکەم... ناشتوانم سەفەرەکەم بۆ لەندەن دوابخەم.. ئەوەی ڕاستی بێت پەشیمانم لەوەی هاتم.

**ئۆردیۆردۆن:**– نا... باوەڕ بە خۆت مەکە.. کە گەیشتیتەوە لەندەن لەویَ شانازی بەخۆتەوەدەکەیت (**دەنگی تەقەیەك دێ – تۆلی ڕائەچڵەکیَ**) مەترسە ڕاوە کەروێشکە، لە پەنجەرەکەوە سەیرێك بکە بزانە لە ڕێچکەکدا کەسێکی چوارشانە نابینیت قسە لەگەڵ کوڕێکی قژ ڕەشدا بکات؟

**تۆلی:**– (**سەیردەکات**) بەڵێ .. ئەوە هەردووکیانن.

**ئۆریۆردۆن:** چوارشانەکەیان (**شۆن کیلی**)یە.. تۆزێك دەبێت گەیشتووە. ئەم کابرایە لای (**مۆنز**)ەوە دژی ئەڵمانەکان شەڕی کردووە و بریندار کراوە و پاشان تەسریح کراوە.. ئینجا هات بۆ (**دەبلن**) و لەگەڵ مندا لە شۆڕشی جەژنی قیامەتدا ساڵی 1916 شەڕی کردووە و فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچووە و پاشان حوکمەکەی وەستێنراو دواییش لە فەرەنسا جەنگا و تا لە کۆتاییدا و پار لەگەڵ سوپای بەریتانیدا دژی ڕووسیا شەڕیکرد و ئێستاش ئەوەتانێ گەڕاوەتەوە بۆ ئێرلەندە.. کیلی یەکێکە لە هەڵۆ شاز و سەربازە بە جەرگەکانمان. تۆلی کاتێك پیربوویت و نەوەی ساڵحت خستەوەو لەدەوری خۆتت کۆکردنەوە.. ئەودەمە لەو کەللەسەرە کۆنەشتدا یادگاریی ئاڵتوونیت هەڵگرتووە و ئەوسا پێیان دەڵێیت"ڕۆڵەکانم.. لە ئێرلەندە شۆن کیلی

خۆی دەهاتە ناو کۆشکەکەمەوە" ئەوسا ئەوانیش لەناو خۆیاندا دەڵێن باپیرەمان ئێستە هیچی لە باردانییە، بەڵام لە لاوێتیدا هەر لەگەڵ قارەمان و پاڵەواناندا بووە.

**تۆلی:** — لەو باوەڕەدام نەك نەوەکانم، هەر کەسێ باش سەیرم بکات ئەزانێت کە من قارەمان نیم، بۆ ئەوەی ئەمەشت بۆ بسەلمێنم هەر ئێستە لەم ناوە بۆی دەردەچم.. باشە ئەوەندە دوورنین.. هەر ئەوەندەش بگەمە (**بلفاست**) ئیتر ئەحەوێمەوە.

**(شامۆس دێتە ژوورەوە)**

**شامۆس:** — قوربان ئامادەین.. ڕەقەمی قیاسیم لە ئامادەکردنی عەرەبانەدا شکاندووە.. تیمیش شەمەندەفەرەکە ڕائەگرێ... خەمت نەبێ.

**تۆلی:** — من پشت بەتیم نابەستم. بێگومان ئێستا سەرخۆشە.

**شامۆس:** — گوێبگرە گەورەم.. حەقی خۆیەتی.. لە تەمەنی ئێمەوماناندا پێویستە لەسەر هەندێ شت ڕابێین. جا کە (**تیم**) بۆ ئێرە دێت چی دەبینێ. خەریکی کاروباری تۆم.. کەمنیش ئەچم بۆ لای ئەو.. چی دەبینم.. بە سەرخۆشی دەیبینیم.

**(جاشاکان دەباتە دەرێ)**

**تۆلی:** — (**تەوقە لەگەڵ ئۆریۆردۆن دەکات**) خواحافیز ئۆریۆردۆن.

**(مۆلی کنسێلا دێتە ژوورەوە)**

**مۆلی:** — هەلەو مستەر تۆلی.. هەروا زوو دەڕۆیت ؟

**تـۆلی:** — بەڵێ. ناشتوانم بڵێم پێم ناخۆشە.. چونکە کاتێ من هاتم بۆ ئێرە بۆ هێمنی و ئاسایش هاتم.

**مۆلی:** — شتێکی سەیرە، هەروا زوو.

**تـۆلی:** — گوێبگرە.. ئەبێ بەوپەڕی خێرایی بڕۆم پێش ئەوەی مایکل بەلای خۆیدا ڕامکێشێ و کاتێ خۆم ببینمەوە شەڕ بۆ ئێرلەندە دەکەم.

**مۆلی:** — جا خۆ شتێکی باشە مستەر تۆلی .. منیش دەتوانم فێری تەقەکردنت بکەم.

**تـۆلی:** —ئەوە تۆ ئەڵێیت چی... خواحافیز!! **(دەچێتە دەرەوە)**

**شـامۆس:** — **(لەدوورەوە)** گەورەم ئەسپەکە سمکۆڵانێتی و هەمووشتێك ئامادەیە، بابڕۆین.

**تـۆلی:** — **(لەدوورەوە)** ترسم لەم عەرەبانەیە نەبێ؟

**مۆلی:** تۆلی ی بەسزمان، بە چەتر و کڵاوە ڕەشە خڕەکەیەوە، نەیئەزانی چیی بە سەردێ.. ئەبوایە دووسێ فیشەکمان بنایە بە کڵاوەکەیەوە تا لە ئینگلتەرا پیشانی میوانەکانی بدایە.

**ئۆریۆردۆن:** — جا خۆ ئێستەش نەچووە بچێ.. لە دەرگاکەوە تاقییبکەرەوە.

**مۆلی:** — نا.. وازی لێ بێنە... بەشی خۆی چەرمەسەری دیی.. شامۆسیش عەرەبانەکە والێدەخوڕێ لەوانەیە بەسەلامەتی نەگاتە وێستگەکە.

**ئۆریۆردۆن:**- تۆلی مرۆڤێکی چاکە بەڵام هەمیشە ڕقی من هەڵدەستێنیٚ، منیش هەر ئەوەندە گوێم لە قسەکانی دەبێت ئەمەویٚ باشترین سووکایەتیی پیٚ بکەم.

**مۆلی:**- ئەوەی ڕاستی بێت کاتێك دەیبینم خۆم زۆر بەگەمژە دێتە پێشچاو:"بەیانیت باش مۆلی... بەیانیت باش تۆلی".. هەروەکو ئەوەی دیمەنێکی شانۆیی بیٚ.

**ئۆریۆردۆن:**- ئەزانیت ئەتوانین ئەو قسەیە بکەین بە گۆرانییەکی خۆش؟

**مۆلی:**- کە تۆلی هاتەوە بۆی ئەڵێیت؟

ئۆریۆردۆن :- بەڵیٚ.. (**ئەیەوێت گۆرانیی"نەمامە سەوزەکان" بڵێت**)

لە ڕۆژێکی بەهاردا.. تۆلی بەمۆلی گەیشت

**مۆلی:**- چا لەسەر ئاگرەکە هەیە؟

ئۆریۆردۆن :- بێگومان لەوەی شامۆس ماوەتەوە.

(**مۆلی دووردەکەوێتەوە**)

**ئۆریۆردۆن:**- (**بەگۆرانییەوە**) تۆلی وتی بە مۆلی **"منم پاشای ئاودەستان"**.

نازانم بۆچی کەس بەناوی پێشوویەوە بانگی ناکات؟

**مۆلی:**- (**لەدوورەوە**) کیٚ؟

**ئۆریۆردۆن:**- تۆلی

**مۆلی:**– لەوانەیە مەسیحی نەبێ[2].

**ئۆریۆردۆن:**– یا لەوانەیە ناوەكەی پێشووی ناوی خێزانەكەیانی پیسكردبێت... هەر چۆنێك بێت خوا ئاگاداری بێت، (**بەگۆرانییەوە**) مۆلیش بە تۆلی دەڵێت"وازم لێ بێنەو بچۆ بەلای كاری خۆتەوە".

**مۆلی:**– (**دێتەوە ژووری**) چا ناخۆیتەوە؟

**ئۆریۆردۆن:**– با ئەخۆمەوە.. سوپاس (**بەگۆرانییەوە**) "جێگای پاشا عەرشەكەیەتی".. ئەم بەیانییە لە كوێ بوویت؟

**مۆلی:**– لە ئەسپ سواری.

**ئۆریۆردۆن:**– بەتەنیا؟ ئەی بۆ بەمنت نەوت.. منیش حەزم لە ئەسپ سواری.

**مۆلی:**– (**ڕۆری**) قاچێكی شەل بووە.. منیش ئەزانم تۆ حەز بە سواربوونی ئەو ئەسپەیان دەكەیت.

**ئۆریۆردۆن:**– نەك ئەو، كام ئەسپەیان دەڵێیت ئەتوانم سواری بم.

**مۆلی:**– بەهەرحاڵ بە تەنیا نەبووم، جۆنم لەگەڵدابوو.

**ئۆریۆردۆن:**– ئا. وابزانم گوێم لە دەنگی بوو كەروێشكی ڕاودەكرد.

**مۆلی:**– هەردووكمان خەریكی ڕاوەكەورێشك بووین، بەڵام پاشان حەزمان بەوەكرد بە سواری ئەسپەوە ڕاویان بكەین.

**ئۆریۆردۆن:**– خواڕەحمی كردووە نەگلاویت، ئەی هیچت ڕاوكرد؟

**مۆلی:**– نەوەڵا كەروێشكێك چییە ڕاوم نەكرد، بەڵام دارێكم پێكا.

---

[2] چونكە ناوە ئینگلیزییەكەی پێشووی بەمانای (مەسیحی) دێ.

**ئۆریۆردۆن:**– ئەی باشە چۆنی کوا ؟

**مۆلی:**– ئەسپەکە دەلەوەڕێنێت.. تۆزێکی تر دێت.

**ئۆریۆردۆن:**– **دەزانیت** – جاری واهەیە بەڕەقی لەگەڵ خۆم دەدوێم و دەڵێم ئەو دیلی منە.. بەڵام خۆشم باوەڕی تەواوەتیم بەو شتە نییە... ئێستا ئەم جیهانە بەلای منەوە جیهانەکەی جاران نییە، تێڕوانینێکی زۆر جیاوازترم هەیە.. خەڵکی جوانتر دێنە پێش چاوم.. هاوڕێکانیشم هەروەها ؟.. جا نازانم چۆن تەنها ئەفسەرێکی ئینگلیزە و بەس، قەرەبووی خوایە بۆ کوێرەکان یان هاوڕێیەکی خۆشەویست؟ کامیانە ؟

**مۆلی:**– هەردووکیانە.

**ئۆریۆردۆن:**– خۆشەویستترین هاوڕێی ئەم شەش مانگەی دواییمە.. زۆرجار بیر لە شێوەی دەکەمەوە.. تۆ بڵێیت وەك چۆن لە مێشکمدا جوانە وابێت؟!.. ئادەی مۆلی بۆم وەسف بکە..

**مۆلی:**– نا.. مایکل..نا.

**ئۆریۆردۆن:**– دەی.. من و تۆ زەوق و تەبیعەتێکمان هەیە.. جا کەتۆ بۆم وەسفبکەیت هەروەکو ئەوە وایە خۆم بینیبێتم.

**مۆلی:**– وێنەیەکی جوانت لە مێشکتدا بۆ دروست کردووە، جا بێکەم و زیاد لەو وێنەیە دەچێت.

**ئۆریۆردۆن:**– بەڕاستی؟ شتێکی جوانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەیرە... هاوڕێکانی ترم لە دیوی ناوەوەی کەللەسەرمدا هەروەکو تابلۆی هونەری بن و لە پێشانگادا هەڵواسرابن... لە قوللەیەکی

تاریکدا... بەڵام جۆن... (**دەنگێك لە دەرەوە دێ... یا دەنگی پێیە... وەیا تەقەی دووری تفەنگێکە**).

**مۆلی:**– زۆرم پێ خۆشە واخۆشت دەوێ.. گەربهاتایە و هەر دوژمنێك وەکو تۆ بوایە مایکل، ئەم جەنگە گەورەیە تەنیا ساتێکی تر چییە نەیئەخایاند... چایەکی تر ناخۆیتەوە؟

**ئۆریۆردۆن:**– نەء سوپاس... بائەوەشت پێ بڵێم مۆلی کەتۆ لای من چەند خۆشەویستیت... لە خەیاڵی مندا هەمیشە بەلاوی و جوانێتی دەمێنیتەوە، هەر وەکو ئێستا و لەم ڕۆژە بەهارەدا.. یانی هاوڕێیەکی منیت لە دنیای خەیاڵمدا دەژیت. دیارییەکی جوانە بۆ جەژنی لە دایکبوونت.

**مۆلی:**– ئۆ هـ.. جا ئەبێ من چاوەڕێ بکەم تا ئەوکاتە ؟

**ئۆریۆردۆن:**–مەبەستت ئەوەیە پێش جەژنەکەت دیارییەکەت بدەمێ؟

**مۆلی:**– بەڵێ.. بە بیرت دێ کە من منداڵ بووم چەند دیاریت دەدامێ.. هەرگیزیش ساڵێك چاوەڕێم نەدەکرد؟

**ئۆریۆردۆن:**– بەڵێ چاك بیرم دێ.. بەڵام هیچ ئەرکێکی گران نەبوو بەسەرمەوە... بێگومان دیاری شتێکی ئێجگار خۆشە... ئێستاش مادام حەز بە چاوەڕێ ناکەیت ئەمە دیارییەکەتە:–

لاوێتییەکی هەمیشەیی

**مۆلی:**– سوپاست ئەکەم ئەی گەورە دڵباشەکە .

**ئۆریۆردۆن:**- مۆلی بەڕاستی شتێکی سەیرە... ئێمە هەر چەند ڕۆشنایی کە متر بێتەوە جوانتر دێینە پێشچاو.. وانییە.

**مۆلی:**-نا.. وامەڵێ

**ئۆریۆردۆن:**- لە بەرتیشکی خۆردا کاممان باشین ماندوو وشەکەت دەنوێنین.. لەبەر ڕۆشنایی مۆمیشدا نیمچە بۆشناخین، بەڵام لە تاریکیدا.. هەروەکو ئێستای من.. چ پیاو بین یا ئافرەت هەر وەکو خواوەندمان لێ دێ.. تۆچۆن ئەمە لێك ئەدەیتەوە؟ بزانم دەتوانیت ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێنیت؟

**مۆلی:**-ئاوەها مایکل! یانی هەموو ئافرەتێك لە جوانیدا خواوەندێکە بۆخۆی؟

**ئۆریۆردۆن:**- نا.. نا.. زۆرشتی سەیر لەم کەللەسەرەمدایە، ئەوانەی جوان بن تەنها هاوڕێیەکانی خۆمن.

**مۆلی:**- بەڵام تۆ لەوباوەڕەدا نیت کە دوو خۆشەویست لە چاوی یەکتریدا هەمیشە جوان دەمێننەوە؟

**ئۆریۆردۆن:**- بۆماوەیەکی کەم با.. بەڵام تۆبڵێیت هەتا هەتایە لە ئاستی یەکدا بە کوێری بمێننەوە؟

**مۆلی:**- مایکل تۆ قسەی سەیردەکەیت...

**ئۆریۆردۆن:**- ئای... چەند دڵداری درۆزن لەم ساتەدا بە گوێی خۆشەویستەکەیدا دەچرپێنێت **"خۆشەویستەکەم ئێستا چەند جوانیت،**

**هەمیشە لە پێشچاومدا وادەمێنێتەوە"** بەم جۆرەش دیواری هیوا بەرزدەبێتەوە بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێ دەڕووخێ.

**مۆلی:**— باشە تۆ کەی دەبیتە یەك قسە؟ ئەم قسەیەی ئێستات لە دەستێکدا و لاوێتییەکی هەمیشەش لەدەستەکەی ترتدا.. لەگەڵ خۆتدا مەنتیقی بە .

**ئۆریۆردۆن:**— من نایەڵم دەستی ڕاستم بزانێت کە دەستی چەپم چی دەبەخشێ.

**مۆلی:**— بەهەرحاڵ .. ڕێگە بە کەس نادەم ڕێی خۆشەویستیم لێبگرێت!

**ئۆریۆردۆن:**— منیش حەزدەکەم.

**مۆلی:**— هەتا برا گەورە تاقانەکەشم!

**ئۆریۆردۆن:**— تکات لێ دەکەم بە من مەڵێ برا.. هەرگیزیش برات نەبووم؟

**مۆلی:**— هەرگیز!!

**ئۆریۆردۆن:**— جارێکیان با... بەڵام ئێستا نەء ...

**مۆلی:**— ئاوەها.. ئەڵێی خۆت لە من دوور ڕادەگریت؟

(**گوێی لە دەنگی جۆن دەبێت، بەرەو دەرگاکە دەڕوات، لەبەرئەوە ئاگای لەم قسانەی دوایی ئۆریۆردۆن نابێت)**

**ئۆریۆردۆن:**— من خۆم لە تۆ دوور ڕاناگرم... بەڵکو خۆم بە نزیکترین کەست ئەزانم... من... .

**مۆلی:** – واجۆنیش هات... بەخێر بێیت. **(جۆن دێتە ژوورەوە)**

**جۆن:** – هەلەو مۆلی.. هەلەو مایکل... بەڕاستی ڕۆژێکی بەهاریی دانسقە بوو.. ئەبوایە لەگەڵماندا بهاتیتایە.

**ئۆریۆردۆن:** – ئەڵێی دڵت بەرامبەر کەروێشك ناسك بووە بۆیە دەتەوێ بە سواری ئەسپەوە ڕاویان بکەیت؟

**جۆن:** – بە خۆشترمان زانی.

**ئۆریۆردۆن:** – بۆ جاری داهاتوو تیروکەوان بەکاربێنە.. گەر وابێت بڵێ ئیتر لەمرۆ بەدواوە پیتزای کەروێشك ناخۆین.

**جۆن:** بیرۆکەیەکی خراپ نییە. زۆر ڕقم لەو جۆرە پیتزایە نییە.

**ئۆریۆردۆن:** – زۆر ڕقت لێ نییە؟ خوا ڕەحممان پێ بکات.. دەشڵێیت کە بە زمانی مەتەڵ قسەناکەیت؟

**جۆن:** – چا لەسەرئاگرەکە هەیە؟

**مۆلی:** – چای تازەت بۆ لێئەنێم... چونکە لەوانە نییە تەبیعەتە ناسکەکەت ئەو چایەی لا پەسەندبێ.

**جۆن:** – نا بە پێچەوانەوە... وام لێ هاتووە زۆر حەز لە تلّپەکەی شامۆس دەکەم.

**مۆلی:** – ئاخر ئێمە خۆمان ڕازی نابین، چونکە ناومان بە خزمەتی میوان و میوان ڕاگرتنەوە بە ناوبانگە.

**(مۆلی دەچێتە دەرەوە)**

**جۆن:**– هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ژیانی دیلێتیم ئەوەندە خۆش بێت؟

**ئۆریۆردۆن:**– خۆیشی لە ڕاستیدا خۆش نییە.. کەلە ساڵی 1916 دا بە دیل گیرام وا نەرم نەبوون لەگەڵمدا... بەڵام ئێمە گەر لەگەڵ دیلەکانماندا دڵنەرم نەبین ئەی چۆن دەتوانین لەگەڵ هاوڕێکانماندا دڵنەرم بین.

**جۆن:**– زۆر ڕاستە.. لەوانەیە قسەکەمت بەلاوە سەیربێت بەڵام پێت دەڵێم کە ئەم سێ مانگەم خۆشترین کات بووە لە ژیانمدا.. بەڕاستی من سوپاسگوزاری هەستی تۆ و مۆلیم.. کاتێك لە جێگەکەمدا لێی درێژدەبم سوپاسی خۆم بۆ ئەو کوڕە دەنێرم کە سێ مانگ لەمەوبەر و لە شەوێکی زستاندا لوولەی تفەنگەکەی نا بە پشتملمەوە. بەڕاستی وەکو فریشتەیەك بوو دەرگای بەهەشتێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ کردمەوە.. منی خستە زیندانی و ئازادییەوە...

**ئۆریۆردۆن:**– جۆن ئێمە هەمووومان.. بەشێوەیەك یا بە شێوەیەکی تر دیلین و لە زینداندایین.. ئەوەتا من دیلی تاریکیم.. و هەمووومانیش دیلی جەستەی خۆمانین..جۆن.. وانییە؟ گەر لە ناو هۆشماندا خۆمان شاردەوە.. خۆمان لە ناو فەلسەفەیەکدا دەبینینەوە کە دیوارەکانی ئەستوورن.. ئەگەر لە ژیانەکە خۆیشی ڕامانکرد دەکەوینە پشت دیوارە بڵندەکانی ئەبەدییەتەوە.. هەروەك دەبینیت بوونمان، بوونێکی چواردەور تەنراوە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەندە بتوانین لەم

قەفەسەدا بخوێنین خۆمان بە بەختەوەر دەزانین... لەبەرئەوە پێویست بە نیگەرانی ناکات.

**جۆن:**– من نیگەران نیم مایکل تەنها جار بە جارێك نەبێت، ئەو شەڕەتان لەگەڵ (**بلاك ئەندتانز**)دا هەفتەیەك لەمەوبەر زۆر پەستی کردم... من بە شتێکی خەیاڵی دەهاتە پێش چاوم.. وەیا بەختەوەرییەکەی ئێرەی من خەیاڵییە.. بەهەرحاڵ مەترسیی ئەو پێکدادانە وەك مەترسیی پێکدادانی دوو ئەستێرە وابوو.. ئەوەتا ئێستاش هاتووینەتەوە سەر بارە سروشتییەکەی خۆمان.. هیچ پێکدادانێکی تر ڕوونەدات؟

**ئۆریۆردۆن:**– جۆن تۆخۆت باش ئەزانیت کە من ناتوانم نهێنیی جەنگت لەگەڵدا باس بکەم، هەر چەند خۆشم نازانم بۆ ... باشە گەر شەڕ ئێرەی گرتەوە تۆ لەگەڵ چ لایەکدا دەجەنگیت؟ من دڵنیام لەوەی ناچیتەوە لای (**بلاك ئەندتانز**).

**جۆن:**– نەخێر... (**بلاك ئەندتانز**)ی چی.

**ئۆریۆردۆن:**– لەگەڵ ئەوەشدا تۆ وەکو سکانلۆن ناوی لێ ناویت (**خوێنڕێژی خاکی لەبەر**)یت.

**جۆن:**– باشە ئەم سکانلۆنە کێیە؟

**ئۆریۆردۆن:**– یارمەتیدەری شۆن کیلییە.. هەردووکیان دوێنێ شەو گەیشتنەوە ئێرە. ناتوانیت وای لێبکەیت خۆشی بوێیت.. ئەو دەڵێت چاوەڕێی هیچ کارێکی باش لە ئینگلتەرەوە ناکرێت".

**جۆن:**— ئەمە جوێنێکەو بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، ئەمە هەر وەکو قسەی جوولەکە دووڕووەکانە کە دەیانوت"**چاوەڕێی هیچ کارێکی باش لە مەسیحییەکان ناکرێت**".

**ئۆریۆردۆن:**— لەوانەیە... بەڵام ئێوەی پرۆتستانت لە ئێمە باشتر لە ئینجیل شارەزان.

**جۆن:**— تۆ ئەتەوێت وەڵامێك دروستبکەیت لە باربێت، بەڵام ئاشکرایە کە شۆن کیلی بۆ پشوو نەهاتووە بۆ ئێرە.. من ئەزانم ئەو خەڵاتە دانراوە چەند گرنگە بەلایەوە، بەڵکو بگرە زیاتریشە لەو خەڵاتەی کە بەتۆی دەدەن.

**ئۆریۆردۆن:**— ئەگەر دڵت بەو قسانە ئاو دەخواتەوە جۆن.. لەو باوەڕەدا بە لەم ساتەدا لە تۆ زیاتری لێ نازانم... چونکە من لەو لیستەیەدا نیم.. هیچ شتێکیش نییە وام لێ بکات حەز بەزانینی ئەو شتانە بکەم کە پێویست ناکات.

**مۆلی:**— (**بەچایەوە دێتە ژوورەوە**) چایەکم بە چاکترین شێوازی ئینگلیزی بۆ لێناون، بەشێوازی مسز بیتۆن.

**جۆن:**— سوپاس.. بەڵام ئەوە مەهێنەرەوە بیرم کە من لەناوتاندا بێگانەم، چونکە حەزناکەم واهەست بکەم.

**مۆلی:**— دەبێ پێش ڕۆیشتنت لێرە گۆرانیی "**خەڵکینە لە ئاڵای سەوزم بپێچنەوە**" مان بۆ بڵێیت.. چونکە هەست ئەکەم ئەمە ڕوو ئەدات.. جۆن ئۆتر یگارسنی ئینگلیزیی کۆچەر.

**ئۆریۆردۆن:**— دەربارەی ئەوە گۆرانییەك هەیە..

**مۆلی:**— ئەم بەیانییە گۆرانی دەربارەی هەمووشتێك هەیە.. سەیری ئەو هەموو ڕووناكییە لە باخچەكەدا (**قسەكان وادەكات كە لە هەستی ئۆریۆردون نزیك بێتەوە**) دەتوانیت لێرەوە بۆنی گوڵەكان بكەیت.. باڵندەیەكی تێدانییە كە نەخوێنێ.. گوێ بگرە.. جۆرە هەستێكی خۆش هەیە بە ژیانێك كە تازە دەست پێدەكات.. هەروەكو ئەمە یەكەم بەیانی بێت كە خۆری تێدا هەڵبێ.

**ئۆریۆردۆن:**— لەوانەیە وابێت.. لەوانەیە هەمووی پێنج خولەك بێت خوا ئەم جیهانە پڕ بیرەوەری و تۆمار و كەندو كۆسپەی دروست كردبێت.. تیۆرەیەكی بەجێیە.. ئادەی بزانم بیسەلمێنە كە تیۆرەیەكی هەڵەیە.

**جۆن:**— پێویست ناكات مایكل.. من خۆم وا هەستدەكەم كە ئەمە یەكەم بەیانیە.. پێویست بە سەلماندن ناكات.. ئێمە تەنها ئەوەمان لە سەرە بە خۆشی بە سەری بەرین... تامی ئەم چایە لە خۆشیدا ئەچێتەوە سەر چایەكانی دایكم.

**مۆلی:**— ئای.. لەبیرت چووەوە كە جیهان پێنج خولەك دەبێت دروستبووە.. ئەمەش یەكەم قۆریی چایە كە لێنراوە... ئەمیش یەكەم پیاڵەیە كە بە پێی فەرمایشتەكانی خواوەند بۆ مسز بیتون دروستكراوە.

**ئۆریۆردۆن:**— كەواتە با تامی بكەم... ئەمە شتێكە نابێ لەكیسم بچێت.

**مۆلی:**— دەبێ هەموومان تامی بکەین.. لەخۆشیی (**دروست بوون**) هەڵیبدەین.. هیوادارم بیرۆکەیەکی خۆش بێت (**دەیخۆنەوە**).

**ئۆریۆردۆن:**— گەرم و شیرین هەر وەکو یەکەم قومی ئاو کە ئادەم لە کانییە بلوورییەکانی بە هەشت خواردیەوە .

**مۆلی:**— چایەکی خۆش وەکو خۆشیی بەزەیی و لێبوردنی خوا لە پیرەمێردێکی حەفتا ساڵە کە لە ژیانیدا گوناهی زۆری کردبێت.

**جۆن:**— چایەکی بەلەزەتە.

**مۆلی:**— ئای.. وا ڕۆژ خۆی پەنهانکرد.. سەیری ئەم هەورە چڕە کوتوپڕە هەر دەڵێیت ئاو و هەوای ئینگلتەرەیە..

**جۆن:**— ڕێك ئەو وایە.

**مۆلی:**— لەوانەیە ڕەشەباش هەڵبکات.

**ئۆریۆردۆن:**— ڕەنگبێ خوا ڕقی لە جیهان هەڵگرتبێ و بیەوێت تا دەخولەکی تر کۆتایی پێ بهێنێت.

(**کاتژمێر یانزدە لێدەدات**)

**مۆلی:**— ئای.. وامەڵێ مایکل.. دەنگی کاتژمێرەکە ترساندمی و بەتایبەتیش ئەم سەعات یانزدەیەش.

**جۆن:**— هەر دەڵێیت ئێوارەیە.. ئەو هەورە کردی بە خۆرنشین.

**ئۆریۆردۆن:**— کەواتە باوای دابنێین ئێوارەیەو بەپێی ئەو کاتە هەڵسوکەوت بکەین.. بەلای منەوە جیاوازیی نییە.. با بۆ خۆمان پاڵی لێبدەینەوە و بحەوێینەوە.

**جۆن:**– (**بەمۆلی**) وەرە ئێرە.. لای منەوە (**مۆلی لایەوە دادەنیشێت**) ئێستەش مایکل ڕات چییە بەبۆنەی ئەم دانیشتنە خێزانییە خۆشەمانەوە گۆرانیمان بۆ بلێیت ؟

**مۆلی:**– زۆر ڕاستە.. دەی مایکل.. کوا سازەکەت؟

**ئۆریۆردۆن:**– لای پەنجەرەکەوە دامناوە.. بۆ ئەوەی هەر کە شەماڵێك هات تارەکانی بلەرێتەوە... دەبڕۆ بۆم بهێنە... گۆرانیی غەمگینتان دەوێ یان دڵخۆشکەر؟

**مۆلی:**– ئۆو.. گۆرانییەکی غەمگینمان بۆبلێ.. گۆرانیەکی غەمگین.

**جۆن:**– بەڵێ.. گۆرانییەکی غەمگینمان بۆ بلێ.. چەند غەمگین بێت ئەوەندە خۆشترە...

(**ئۆریۆردۆن دەست بە ئاوازی گۆرانیی باخچەکانی سالی دەکات**)

**ئۆریۆردۆن:**– (**گۆرانی یەکە دەڵێت**)

لای باخچەکانی سالی یەوە

خۆشەویستەکەمم بینی

بەدوو پێی سپیی بەفرینەوە

بەو ناوەدا تێدەپەڕی

ئامۆژگاریی کردم ئەوین

بە ئاسانی وەربگرم

وەکو سەوزبوونی گەڵا

بەلق و پۆپی دارەوە

بەڵام منی گێل و نەفام قایل نەبووم،
لە تەنیشت ڕووبارەکەوە
وەستاین من و ئەو پێکەوە
دەستە بەفرینەکانی خستە سەرشانم
ئامۆژگاریی کردم ئەوین
بە ئاسانی وەربگرم
وەکو سەوزبوونی گیا
لە باخچە و سەرپردەکاندا
بەڵام منی گێل و نەفام قایل نەبووم
ئێستەش فرمێسک دەڕژێ لە دوو چاوم(3)

**(لە کاتی گۆرانییەکەدا جۆنی و مۆلی دەستیان دەخەنە دەستی یەکترییەوە.. لە بەشی دووەمی گۆرانییەکەدا سێبەری پیاوێکی گەورە لەسەر پلیکانەکان دەردەکەوێت کە چاو دێرییان دەکات).**

**کیلی:- (کاتێك گۆرانییەکە تەواو دەبێت، ئەم دەست بەم گۆرانییە دەکات)**

چونکە پیاوە مەزنەکانی ئێرلەندە
ئەوانەن کە خوا شێتی کردوون
لەبەر ئەوەی جەنگیان لا سەیرە و
گۆرانیەکانیان پڕ خەمی دەروون(4)

---

(3) (باخچەکانی سالی) هۆنراوەی (و. ب. ییتس).

**ئۆریۆردۆن:**– شۆن! ئەوەچی دەکەیت.. هەر وەکو قەدەر خۆت خزاندە ناومانەوە.. وەك خۆمان گەلێك دڵمان خۆش بێت.. وا ژیانمان کۆتایی دێ.

**کیلی:**– چییە؟ هەمدیسان بۆیە گۆرانی دەڵێیت تا ورەی خۆتی پێ بەرزبکەیتەوە لەسەر پشتی جیهانێك کە خەریکە نوقم بێت؟

**ئۆریۆردۆن:**– لە کەیەوە مرۆڤ پێویستیی بە هۆ هەبووە بۆ گۆرانی وتن؟ من واز لە گۆرانیی خۆم ناهێنم تەنها لەبەر ئەوەی خوا پەردەی بە بەسەر قەفەسەکەمدا داوە، ئەمە ئامۆزامە... کوایت مۆلی؟

**مۆلی:**– ئەوەتام

**ئۆریۆردۆن:**– مۆلی کنسێلا و ئەفسەر جۆن تریگارسن.. ئەمیش شۆن کیلییە.

**کیلی:**– (**بەمۆلی**) هەلەو (**بەجۆن**) ئەفسەر تریگارسن؟

**جۆن:**– لە سوپای ئینگلیزی..

**کیلی:**– بەڵێ .. بەڵێ.. لەبیرم چووە کە لێرەیت.

(**بەگاڵتە پێکردنەوە**) هەڵسوکەوتیان چۆنە لەگەڵتدا.. خۆ هیچ گلەییەکت نییە؟

**جۆن:**– نەخێر!

**کیلی:**– (**ناو بە ناو سەیری مۆلی و جۆن دەکات**) هیچ...؟؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئێ شۆن.. ئەم بەیانییە لە کوێ بوویت؟

---

(4) (گۆرانیی ئەسپە سپیەکە) ج. ل. چیستەرتۆن.

**كیلی:**– منەم دەكرد لەملاو لا.. تۆزێك دەبێت لە كۆشكەكە دام.. تۆ پێم بڵێ بە جارێك هەشت ئاودەستتان بۆ چییە؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئا.. ئەی نازانیت كە خاوەنی ئەم ماڵە تولییە.. ئەو تۆلییەی هەرلێرەوە تا چین ناوی لەسەر سینی یەكان نەخشراوە.

**كیلی:**– باشە قەیناكا.. بەڵام بۆ هەشت ئاودەست.. هەریەكەش لە ڕەنگێك؟

**ئۆریۆردۆن:**– خێزانەكەی خۆی بیردێنێتەوە.. هەریەكێكیان ڕەنگێكی لا پەسەندە.

**كیلی:**– هیوادارم –لە پێناوی ئێرلەندەدا– لە ڕەنگی سەوز دووربكەوینەوە.

**مۆلی:**– مستەر كیلی ئێمە دەڕۆین. من دڵنیام لەوەی بەشتی گرنگتر لەوەوە خەریكیت.

**كیلی:**– زۆر جار شتی گرنگتر دەبێت.. بەڵام ئەم جارە وانییە.

**مۆلی:**– باشە كەواتە پاشان دەگەڕێین... لەوانەیە نیوەڕۆ بتبینین.

**ئۆریۆردۆن:**– جاری خوا حافیزتان بێت... خواتان لەگەڵ جۆن.

**جۆن:**– (**بەفەرەنسی**) خواحافیز.

**(مۆلی و جۆن دەچنەدەرەوە)**

**ئۆریۆردۆن:**– ئێ شۆن.. چی تۆی لەوپەڕی باكوورەوە گەیاندە ئێرە؟

**كیلی:**– لەوە دەچێت كە ئەفسەر تریگارسن بەسەربەستییەكی تەواوەوە لێرە هەڵسوكەوت بكات؟!!

**ئۆریۆردۆن:**— من خۆم وا حەز دەکەم .. کورێکی چاکە.

**کیلی:**— وادیارە کچی مامەکەشت لەگەڵیدا ئاسوودەیە.

**ئۆریۆردۆن:**— (**بە غەمگینی**) بەڵێ.. لەوە دڵنیام.

**کیلی:**— پێم بڵێ بزانم دەستتکرد بەو کارەی وەختی خۆی خۆت پێت ڕاگەیاندم؟

**ئۆریۆردۆن:**— ئەوسا گەرمەی شەڕ بوو.. لەبەرئەوە شتەکەم دواخست.. بەڵام ئێستە چۆن پێی بڵێم کە ئایا دەبێت بەهاوسەرم یان نا؟

**کیلی:**— بۆ؟

**ئۆریۆردۆن:**— جارێك و دووانیش هەوڵم دا.. لەدەستم ڕایدەکرد.. شۆن خۆت دەزانیت بۆ ماوەیەکی زۆر من لە جێی براگەورەی بووم، ئێستەش دەڵێم لەوانەیە هەر بەو چاوەوە سەیرم بکات.. ئەم بەیانیەش خەریکبوو قسەکانم ڕێی خۆیان بگرن، بەڵام هەر ئەوەندە ویستم بچمە ناو باسەکەوە جۆن هاتە ژوورێ.

**کیلی:**— جۆن هاتە ژوورێ!!

**ئۆریۆردۆن:**— ئیتر دوای ئەوە ئاگام لە قسەکانی خۆم نەما!

**کیلی:**— مایکل.. حەز دەکەیت بۆ شوێنێکی تری بگوێزمەوە؟

**ئۆریۆردۆن:**— کێ؟

**کیلی:**— تریگارسن

**ئۆریۆردۆن:**—.. نا.. نا.. ئەو هاوڕێی منەو ناشمەوێت لەکیسم بچێت.. چۆن قسەی وادەکەیت.. چی وام لێ دەکات حەز بکەم لە دەستی بدەم؟

**کیلی:**— هیچ.. بەڵام ڕاستیش نییە دوژمنی خۆتت خۆشبوێت. وابزانم مایکل دڵیشت هەروەکو جاران ماوە و ئاڕاستەکەی نەگۆڕیوە.. ئیتر وەختی خۆیشت بە فێرۆمەدەو.. پەیڕەویی دڵت بکە.

**ئۆریۆردۆن:**— زۆرباش ئەوە دەزانم.. بەڵام چۆن لەوە دڵنیابم کە لەبەر سۆز و بەزەیی ناڵێت "بەڵێ"؟.. من ئەو کاتە نەمدەتوانی سەیری چاوەکانی بکەم.. ئیتر ئێستە ئەبێ چۆن سەری سووڕبمێنێت و دڵی تەنگ ببێ و پاشانیش بە بەزەییەکەوە کە لە ڕاستیدا خۆشەویستی نییە قایل ببێت؟

**کیلی:**— ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە مایکل.. پێویستە بە هەستێکی جەنگاوەرانەوە خۆشەویستی بکەیت.. من سەرم سووڕما بوو لەو شێتی یە جوانەی کە لە شەڕەکاندا دەتنواند.. من خۆم وام هەست دەکرد کە باو و باپیرانمان بە ناختدا هاواریان دەکرد و بەرەو دڵت شاڵاویان دەهێنا.

جەنگاوەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بەو هەستەوە دەجەنگێت.. ئەو ساتانەی من لەگەڵتدا دەبووم دەشڵەژام و وەك ژمێریارێك چۆن بە عەمەلیاتی حسابییەوە خەریك دەبێت منیش وابووم، لەملا برینێك زیاددەکەم، لەولا ژیانێك دەخەمەلاوە... یا ڕەگی دووجای ئازاری مرۆڤێك دەردێنم کە لە خێزانەکەی دوورکەوتۆتەوە.. لە کۆتایی جەنگەکەشدا بەوردی ئەنجامەکەم پێدەوتیت کە لە هەزار نزیك دەبۆوە... بەڵام

لەمەسەلەی خۆشەویستیدا دەبێ ببووریت کە ڕێی تۆ ناگرم چونکە من دڵساردم.. بەدرێژایی ژیانم هەوڵمداوە هەست بە سۆز و خۆشەویستی و ئەوشتانە بکەم بەڵام لە هەوڵدانەکەم بێزار دەبووم.

**ئۆریۆردۆن**:– لەوانەیە لە توانامدا بێت تەنیا جارێك خۆشەویستی بکەم وەك چۆن جەنگام، بەڵام دڵ منداڵە و وابزانم تاریکیش ئەیترسێنێ.. بەهەرحاڵ تۆ هەوڵی چی دەدەیت؟ سارد وەکو ماسییەك لە جەووێکی زیونی خنکاودا بدرەوشێتەوە و لە جیهانێکی سەوزی وەك گژوگیادا بێت. هەرگیز دڵی سارد بۆ مەسەلەی دۆڕاو ناجەنگێت وەکو تۆ کردت، شۆن کیلی ... ئەو سەربازە جەنگاوەرەی زیاتر بایەخ بە مەسەلە دۆڕاوەکان دەدات.

**کیلی**:– ئەوە ڕاستییەکەیە مایکل.. ئەمەوێت هەست بەوانە بکەم و ناتوانم.. هی ئەوەشە دەست ئەدەمە هەر مەسەلەیەك و هەوڵی بۆ ئەدەم تیایدا سەردەکەوم.

**ئۆریۆردۆن**:– ئەی دەربارەی ئەم مەسەلەیەی ئێستامان دەڵێیت چی؟ وابزانم بەشێوەیەکی ڕەسمی و وەك ژمێریارەکە بۆ ئێرە هاتوویت.

**کیلی**:– بەڵێ.. بەڵام لەم ساتەدا ئەو مەسەلەیەی تۆم بەلاوە زۆر گەورەترە.

**ئۆریۆردۆن**:– ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە شۆن. تۆ کاتێك لەسەر چیمەنێك ڕاکشاویت لەوانەیە گوڵێك کە بستێك لە بەری چاوتەوە دوورنییە

كێوێكت لێ بشارێتەوە كە میلێك یا دوومیل لێتەوە دوورە. جا با مەسەلەكەی من بقرتێنین و بڕوانینە كێوەكە.

**كیلی:**— مەسەلەكەی تۆ؟ خۆزگە بتوانرایە بقرتێنرایە... لەگەڵ ئەوەشدا بادەست پێبكەین... زانیاریمان دەربارەی جووڵانەوەی (تانز) هەیە لەم ناوچەیەدا و بۆمان دەركەوتووە كە ئەو هێزەی هەفتەیەك لەمەوپێش هاتە ئەم دەورپشتە تیپێكی پشكنین بوو.. ئەو كەتیبەیەی دوێنێ شەویش لە تزیك كەنداوی جالینەوە بوو ئەچێتە پاڵیانەوەو وابەیەكەوە بەرەوپێشەوە دێن و كاژێرێكیش نابێت گەیشتنە (دالجینی) و ئەوەی ئەوانیش بەتەماین پاكردنەوە و ڕامالێنی ئەم ناوچەیەیە.

**ئۆریۆردۆن:**— ئاوەها.. ئای تولیی بەسزمان.

**كیلی:**— لە ژمارەدا لە ئێمە زۆرترن، لەبەرئەوە باشترین ڕێگاو چاكترین دەرفەت بۆسەیە. هەموو ئەو پیاوانەی دەیانناسم و دۆزیمنەوە كۆمكردنەوە و ئێستاش لە دارستانەكەی لای ڕۆژهەلاتی ئەم كۆشكەوەن چاوەڕێ دەكەن.. ماوەیەكی زۆرمان بەدەستەوەیە و كێشەكەش هەڵبژاردنی شوێنی بۆسەكەیە. جا تۆ چۆن شارەزای لەشی خۆتیت ئاواش شارەزای ئەم دێیەیت.. من بیرم لە دارستانی (**كلۆن**) كردۆتەوە كە ڕێگاكە بەناویدا دەڕوات. تۆچی دەڵێیت؟

**ئۆریۆردۆن:**— نا.. دارستانەكە وەك چۆن بۆ ئێمە ئەبێ بە ڕووپۆشێك بۆ ئەوانیش وای لێدێت و تەقەكانیشمان بێ سوود دەبێت.

**كیلی:**— ئەی كەواتە كوێ؟

**ئۆریۆردۆن:** — ڕات چۆنە بۆ پردی (**گلاسفۆنت**)؟.. ئەوان ناتوانن پیایدا تێپەڕبن.

**کیلی:** — باشە لێرەوە زۆر نزیك نییەو مەترسیی زۆرنییە ؟

**ئۆریۆردۆن:** — ئاخر ئەمە وایان لێ دەکات وابزانن ئێمە ئامادەباشیمان نییە.

**کیلی:** — دەبێت.

**ئۆریۆردۆن:** — چاکترین جێگەیە بۆ بۆسەکە.. دەتوانیت نیوەی پیاوەکانت لەمبەری پردەکەوە و نیوەکەی تریش لە دارستانەکەی لای چەپی ڕێگاکە دابنێیت. پاش ئەوەی (**تانز**) پەڕینەوە نیوەکەی تری دارستانەکە تەقەیان لێبکەن، کاتێکیش بە پەرشوبڵاوی بەسەرپردەکەدا گەڕانەوە کۆمەڵی لای پردەکە دەست بەتەقەبکەن.. کوت و پڕییەك دەبێت لە هەردوولاوە.

**کیلی:** — کوت و پڕی خۆی کوت و پڕی .. دەبێ بیانکەین بە عیبرەت**!** شوێنەکە باش شارەزام.. بزانم لەسەر نەخشەکە کوا؟ (**نەخشەکە دەردێنێ**) ئاها زۆرباشە.. ماوەیەکی زۆریشمان بەدەستەوە دەبێت.. هێشتا تانز لە (**گلاسلوخ**) تێنەپەڕیوە و ئێمە **هەموو** سەری سەعاتێك ڕاپۆرتمان پێدەگات.. گەر تا سێی دوانیوەڕۆ بە توندی جێی خۆمان قایم بکەین ماوەیەکی باشمان لەبەردەمدا دەبێت.

(**بانگ دەکات**) سکانلۆن.

**سکانلۆن:** — (**لەدەرەوە**) واهاتم گەورەم.

**(سکانلۆن دێتەژوورەوە.. باریکەلەیەکی ئەسمەرە، شەرمنە.. دڵسۆزی کیلییە.. تۆزێك دەمارگرژە و هەروەها ڕەگەزپەرستیشە)**

**کیلی:**— تا دوانیوەڕۆ ئامادەبن.. لە کاژێری دوودا کۆببنەوە.. بەتەمای دانانی بۆسەیەکین لە نزیك پردی (**گلاسفونت**) بەڵام ئێستە قسەت لەدەم دەرنەچێت چونکە زۆرن ئەوانەی زمانیان ناوەستێت.

**سکانلۆن:**— ئاه.. سوپاس بۆخوا چونکە ئەوە ماوە بە قەشەکە دەدات گوێ لە دانپیانانەکان بگرێت.. لەوە دەترساین زوو بجوولێین و یەکسەر پاش نوێژی لێبوردن بڕۆین(**دەچێتە دەرەوە**).

**کیلی:**— سکانلۆنی خۆشەویست! زۆر بەباوەڕە و ئەمەش لەسەروو ئەقڵە لاوازەکەوەیەتی.

**ئۆریۆردۆن:**— تۆ دەچیت؟

**کیلی:**—بۆ دان پیانان؟ نەخێر.. پێویست بەوەناکات لە عادەتی خۆم دەرچم.. نزیکەی دەساڵیش دەبێت بۆ دانپیانان نەچووم.

**ئۆریۆردۆن:**— عادەت بۆیە پەیدادەبێت تا لە ناو ببرێ.

**کیلی:**—لەڕێی منەوە نا ... هەر چەندە خەریکبوو لە ساڵی 1936دا لە ناوی بەرم.. کاتێك کۆلۆنێلە بێشەرمەکە لە ئەنجومەنە عەسکەرییەکەدا وتی"**پێویستە لەم شوێنە لا ببرێت و گوللەباران بکرێت**" بەڵام فەرمانی وەستانی حوکمەکەم دەرچوو و منیش لەوە ڕزگارم بوو.

**ئۆریۆردۆن:**— باشە.. هیوادارم خوا مردنێکی هێمن و ئاسوودەت لە جێگەی خۆتدا پێ ببەخشێ!

**كيلی:**– ئەمە ئەوە ناگەیەنیٚ كە من هەر بیٚ باوەڕم.. من باوەڕم هەیە.. بەلاٚم كە مرۆڤ دان بە گوناهی خۆیدا بنیٚ مانای ئەوەیە پەشیمان بێتەوە لەوانەی كردوویەتی، منیش پەشیمان نیم لە هەرشتێك كردبێتم لە ژیانمدا.

**ئۆرپۆردۆن:**– ئەوە یەكێكە لەو عاتیفانەی كە دەلێیت لە مندا نییە ؟

**كيلی:**– من لافی هیچ لیٚ نادەم، مایكل نابیٚ چۆن حەزت لێبوو وا بڕوانیتە هاوڕێكانت.. بەلٚكو دەبێت وەك خۆیان چۆنن وا تێیان بڕوانیت و هەولێش بدەیت چەند توانیت خۆشیانت بویٚ.. ئینجا بەوپەڕی ڕاستییەوە بلێم كە لە هیچ شتێكم پەشیمان نەبوومەتەوە.. حەسرەت و خەفەت ئەو دووخوشكە ناسكە لە ناخی مندا مردوون یان باشتر وایە بلێم هەر لەدایك نەبوون تیامدا.

**ئۆرپۆردۆن:**– بەلٚكو لەوانەیە نوستبن.. ئەوە ڕاستییەكەیە شۆن.. ئەو دوو خوشكە جوانیی نووستوون و چاوەڕێی ماچی شازادەیەكن بەئاگایان بهێنێتەوە.. تۆ ڕات چۆنە ؟

**كيلی:**– بەڕای من ئەوە درۆیەكی جوانی نەفرەت لێكراوە.. من لە خوا داوائەكەم كە بتوانم تەنها جارێك بگریم تا جیهان بە پێچەوانەی میلی كاتژمێرەوە بگێڕمەوە و شتێك بڕووخێنم و لێی پەشیمانبم كە كردوومە، هەندێجار حەز بەوەدەكەم شتێكی ناخۆش بكەم، تەنها هیوایە.. لەوانەیە ڕۆژێك بێت بیكەم.. لەوانەیە

**(سكانلۆن بە هەڵەداوان دێتەژوورەوە)**

چی ڕوویداوه سكانلۆن وا بەبێ فەرمان خۆت هەڵدایە ژووری ؟

**سكانلۆن:**— داوای لێبوردن دەكەم گەورەم... بەڵام نامەی پەلەم پێیە كە هەواڵی ناخۆشیان تیایە... هەواڵی ناخۆش..

**كیلی:**— هێمن بەوە.. بزانم چیت پێیە ؟

**سكانلۆن:**— پەیوەندیی بە (**كیوخ**) و (**ماجیل**) و (**ئۆشی**)یەوە هەیە گەورەم.. دڕندەكان كوشتوویانن. هەواڵەكان هەروەكو ئاگر لە (**دەبلن**)ەوە گەیشتن.

**(كیلی نامەكان لە سكانلۆن دەسەنێت و دەست بە خوێندنەوەیان ئەكات)**

**ئۆریۆردۆن:**— كیوخ و ماجیل و ئۆشی.. چۆن شتی وا دەبێت.. قەت نابێت.. بە دیل گیراون یان.. چی؟

**سكانلۆن:**— بە دیل گیراون و گوللەباران كراون.. بەبێ ئەوەی ماوەی چوونە لای قەشەیان بدەن دەسرێژیان لێ كردوون.. ئەمە گەورەترین تاوانە..

**ئۆریۆردۆن:**— بەڵام ئەوان دیلن!! تا ئێستا دیلی جەنگیان نەكوشتووە !

**سكانلۆن:**— ئەوانە (**تانز**)ن.. (**تانز**).. خوا نەفرەتیان لێ بكات.

**ئۆریۆردۆن:**—.. دروودی خوایان لێ بێ... ماجیل.

**كیلی:**— (**بەڕقەوە**) ئای مەسیح! سێ هاوڕێ لە باشترین هاوڕێكانم كوژراون، كەچی هەست بە تۆزێك خەفەت ناكەم؟ هەرچۆنێك بێت مایكل

ئێستا لە تۆ خۆشەویستترم بۆ نەماوەتەوە.. تۆو (**كڤین بێرن**) هەر ئێوەم بۆ ماونەتەوە.. (**لەسەر خوێندنەوەبەردەوام دەبێت**) **" تاكو كوشتن بە كوشتن و هەق بە هەق بێت سێ ئەفسەر لە ئەفسەرە دیلەكانی سوپای ئینگلیزی لە ڕێگەی قورعەوە هەڵدەبژێردرێن"**

**ئۆریۆردۆن:**— ئەمە مانای چی ؟

**كیلی:** — تۆڵەسەندنەوە. ئەوپەڕی گێلی.

**سكانلۆن:**—بۆ گێلی یە گەورەم؟ ئەوە دادی یەزدانە.

**ئۆریۆردۆن:**— جەنابت قسەی تیا مەكە.. شۆن ڕات چییە.. چی ڕوودەدات؟

**كیلی:**— مەڵبەندی سەركردایەتی تووشی هیستریا بووە..ئەمە گێلێتیی هەڵچوونە.. ! ئا... ! ئێستا زانیم بۆ وا بە ئاسانی ئەمەیان بۆ من نووسیوە... ئەوان واهەست دەكەن كە من ویژدانم هەرنییە.. هەقی خۆیانە، بۆ قورعەكەش منیان داناوە.. لەگەڵ دوو ئەفسەری گەورەی ئەم ناوچەیە.. ئەو دووانەش ئێوەدەبن..

**ئۆریۆردۆن:**— ئێمە ! ! بەڵام شۆن ئێمە..

**كیلی:**—پێویست بە مشتومڕ ناكات.. ئەمە فەرمانی ڕوون و ئاشكرایە، جا ئیتر گێلی بێت یا نەفامیش پێویستە بەجێ بهێنرێ.. چونكە ئێمە سوێندمان خواردووە.

**سكانلۆن:**— ئای كە پێم خۆشە تۆڵە بۆ هاوڕێكانم دەكەمەوە.

**ئۆریۆردۆن:**— تو مەسیح ئەگەر وا زلەو قسانە ناهێنیت..

**کیلی:**- گوێبگرن **"له ماوەی سێ ڕۆژدا و لەلایەن ئەو ئەفسەرانەوە کە چاودێرییان دەکەن، دەبێ بکوژرێن"** کارێکی چاکیشیان کردووە لیستەیەکیان بە ناوی ئەفسەرە دیلە ئینگلیزەکانەوە ناردووە.. بەپێی ئەلف و بێ ڕێك نەخراوە بەڵکو تێکەڵاوە... موقەدەم لای عەریفەوەیە، هەروەکو چۆن لە کاغەزی یاریدا شا دەکەوێتە لای ژمارە شەشەوە. ئێستەش پێش ئەوەی دەست بەنانخواردن بکەین ماوەیەکی زۆرمان بە دەستەوەیە.. با دەستبەکار بین. دانیشن.. من وای بەباش دەزانم یەکێکمان دەرزییەك بەدەستیەوە بگرێت و بیکات بە لیستەکەدا، سائیتر بەر هەر ناوێك کەوت. ئێمە بێ لایەنیشین.. جا فەرموو مایکل تۆ دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەیت.

**ئۆریۆردۆن:**-من! ؟ تکات لێدەکەم با ئێمە لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە.. کارێکی جوان نییە کە ئێمە تەنها دیلێك چییە بیکوژین لەبری کردەوەکانی (**تانز**).

**کیلی:**-من هیچ جیاوازی یەك ناکەم.

**ئۆریۆردۆن:**- من دڵنیام لەوەی مەڵبەندی سەرکردایەتی لە دواییدا پەشیمان دەبێتەوە.

**کیلی:**- تۆ خۆت سەرکردە دەناسیت... دەشزانیت کە پەشیمان نابێتەوە.. ئیتر نیگەرانیی بۆ چییە؟ جێگیربوونی چەند گوللەیەك لە دڵدا شێوازێکی باشە بۆ مردن وەکو هەر شێوازێکی تر.. بە هەرحاڵ ڕق و کینەی جەماوەریش قوربانیی دەوێت.. کەواتە ئیتر با بۆ ڕەشەباکە

بنوشتێینەوە... پێش ئەوەی دەست بەکارەکەشمان بکەین ئەمەویٚ شتێك بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە دەرزییەکە بەر هەرناوێك کەوت دەبیٚ ئەوانە بمرن... نابیٚ گۆڕین و لابردن هەبێت.. ئەبیٚ هەروەکو چۆن سەرکردە ناوی لیٚ ناوین وەك (**ئامێری دادی یەزدانی**) بین... ئێستە ئامادەین.؟ ئیتر پێویست بە قسەکردنیش ناکات مایکل دەربارەی ئەم مەسەلەیە... ئێمە سوێندمان خواردووە کە سەر بۆ فەرمانەکان ملکەچ بین، لەبەرئەوە ئێمە لێپرسراو نابین بەرامبەر ئەم شتە... وەکو وتیشم مایکل ئێمە سوێندمان خواردووە... دەفەرموو ئێستەش چاوەڕێی تۆین (**ئۆریۆردۆن دەرزییەکە دەکات بە قائمەکەدا**) سکانلۆن، ئەوناوانەی دەیانخوێنمەوە بیاننووسە.

ڕائید پیتەر پیر دیمۆر.

**سکانلۆن:**— (**دەنووسێت**) پیتەر پیردیمۆر.

**کیلی:**— دوای ئەو (**ئۆریۆردۆن دەرزییەکە بە لیستەکەدا دەکات**) ئەمەیان بەر ناوەکان نەکەوت.. جارێکی تر (**ئۆریۆردۆن دەرزی یەکە بە ناوە کاندا دەکات**) نڤیل دیی کورس... ناوێکی خۆشە..

**سکانلۆن:**— (**دەنووسێت**) نڤیل دیی کورس..

**ئۆریۆردۆن:**— شۆن... تکات لێدەکەم وازم لیٚ بێنە...

**کیلی:**— نەخێر مایکل.. وازت لیٚ ناهێنم، گەر سۆزێکیشم هەبێت ئێستا دەرینابڕم. مادام سوێندم خواردووە بۆ هەر کەسێك بێت پێویستە

خزمەتی بکەم... هەروەها تۆش.. دەی فەرموو. (**لەم کاتەدا تۆلی و شامۆس کە جانتای هەڵگرتووە دێنە ژوورەوە**).

**تۆلی:**– جانتاکان لای پلیکانەکانەوە دابنێ.. دەبێ سبەینێ بڕۆم.. (**ڕووئەکاتە کیلی و ئەوان**) قوربان خەریکی ئیشی خۆتان بن... ماڵ ماڵی من نییە، هی ئێوەیە.

**کیلی:**– (**بەسووکی**) ئەوی تریان...

**شامۆس:**– گەورەم زۆر بەداخەوەم... بەڵام من چووزانم تیم پێش ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە سواری شەمەندەفەرەکە دەبێت؟

(**تۆلی و شامۆس دەچنە سەرەوە**)

**کیلی:**– ئەوی تریان.

(**ئۆریۆردۆن دەرزییەکە بە ناوێکی تردا دەکات**)

**کیلی:**– (**سەیری قائمەکەو شوێن دەرزییەکە دەکات و بۆ ماوەیەك دەڕوانێتە ناوەکەو پاشان کوتوپڕ ڕوودەکاتە سکانلۆن**) ئەفسەر جۆن تریگارسن

**ئۆریۆردۆن:**– (**بەشڵەژاوی و هاوارەوە**) چۆن.. نا.. (**جۆن و مۆلی بە خێرایی دێنە ژوورەوە و دەستیان لە دەستی یەکتردایە**)

**مۆلی:**– (**کەدێتە ژوورەوە**) مایکل.. مایکل.. تۆ لێرەیت! هەواڵمان بۆت پێیە.

**جۆن:**– هەواڵی خۆش.

(**ئۆریۆردۆن حەپەساوە**)

**مۆلی:**– ببووره.. دوایی پێتی ڕادەگەیەنین... مایکلی خۆشەویستم.. دەزانیت شەمەندەفەرەکە تۆلیی بەجێهێشت...

(**هەردووکیان بە پێکەنینەوە و دەچنەدەرەوە**).

**سکانلۆن:**– ئەفسەر جۆن...؟

**کیلی:**– تریگارسن

**سکانلۆن:**– (**دەنووسێت**).. تریگارسن (**ئۆریۆردۆن مات و حەپەساوە... سکانلۆن بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت ناوەکە دەنووسێت**)

**پەردە دادەدرێتەوە**

# بەشی دووەم

**دیمەن:** — *شوێنی پێشوو*

**کات:** — *پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ* (**شامۆس جلی سەوزی خزمەتکاریی لەبەردایەو خەریکی پاککردنەوەی تاقمی قاپ و کەوچکە زیوینەکانە**)

(**مۆلی لە باخچەکەوە دێتە ژووری**)

**مۆلی:** — شامۆس.. مستەر مایکلت لە هیچ کوێ نەبینیوە؟

**شامۆس:** — مستەر مایکل؟ بابیربکەمەوە. دواجار کە بینیبێتم.. ئا.. کەی بوو؟ پێش ئەوەی مستەر تۆلی بۆ وێستگەکە بچێت.. لێرە پێکەوە قسەیان دەکرد... ئەوکاتەی من چووم عەرەبانەکە ئامادەبکەم.

**مۆلی:** — لەوکاتەوە ئیتر نەتبینیوە؟ کەواتە هیچ.

**شامۆس:** — تۆ بوەستە... ئا...کاتێك گەڕامەوە لێرە لەگەڵ کیلی و یەکێکی تردا بینیم.

**مۆلی:** — ئەوساتە خۆیشمان بینیمان.. بەڵام ئیتر نەمانبینیوەتەوە... نانی نیوەڕۆیشی نەخواردووە.

**شامۆس:** — ئەوە باش نییە... پێویستە مرۆڤ خۆی لە لەزەتی ژەمێك نانخواردن بێبەش نەکات.

**جۆن:** — (**لەپلیکانەکان دێتەخواری**) لە قاتی سەرەوەش نەبوو، هەرچەندە ئێستەش لەم کۆشکە بەباشی ئەم کۆشکە شارەزا نیم.. لەوانەیە نیوەی تەواوی نەگەڕابم.

**مۆلی:**– قەیناکا.. دوایی پێی ڕادەگەیەنین خۆشەویستم، لەوانەیە شتێك نیگەرانی کردبێت، ڕەنگە هەواڵێکی ناخۆشی دەربارەی هاوڕێیەکی جەنگاوەری بیستبێت.

**جۆن:**– لەوانەیە... ئەو کاتەی ئێمەش خۆمانکرد بە ژووردا بارەکە نائاسایی دەهاتە پێش چاو .. بەڵام ئەوە بزانە هەواڵی خۆش وەکو شەرابی تریێ وایە چەند ماوەی زیاتر بەسەردا تێپەڕێت خۆشتر دەبێت.

**شامۆس:**– هیچتان لەو شەرابەخواردەوە کە ئەمڕۆ پاڵاوتوومە ؟

**مۆلی:**– بەڵێ... خواردمانەوە، چونکە ئاهەنگمان گێڕا.

**شامۆس:**– ڕەنگێکی جوانی هەیە... کاتێ بەندکرام پاش ئەوەی لە ساڵی 1916دا لە پێناوی ئێرلەندەدا چەکم کردەشان، لە بەندیخانەکەدا دائەنیشتم و لە نێوانی شیشە ئاسنینەکانەوە دەمڕوانییە تەپۆڵکە سەوزەکان و زەردەی ئێواران و ئەستێرە زیوییەکان.. هەروەها بیرم لە بەرکۆشە سەوزەکەم و پاڵاوتنی شەراب و پاکردنەوە و بریقەپێدانی کەوچکەکانم دەکردەوە.. پاشانیش کە دەبوو بە شەو، لەسەر جێگا تەنگەکەم لێی درێژدەبووم و خەوم بە بەستنی تەپۆڵکە سەوزەکانەوە دەبینی بە ناوقەدمەوە و پاڵاوتنی ئاوابوونی خۆر و بریقەپێدانی ملێونەها ئەستێرەی ئاسمان... ئای کە خەوێکی خۆش بوو... کە خەبەریشم دەبۆوە، چەند ناخۆش بوو.

**مۆلی:**– (**بەجۆن**) هانێ... (**کەوچکێکی دەداتێ**) ئەم ئەستێرەیە بە دەستەوە بگرە.

**جۆن:**– ئەم ئەستێرەیەش بۆتۆ... هیوادارم ئاوا نەبن.

**مۆلی:**– خۆمان و بەختمان.. ئەم دوو کەوچکە بۆ خۆمان هەڵدەگرین... باشە شامۆس.

**شامۆس:**– باشە خاتوو مۆلی... هیوادارم ببێتە مایەی بەختەوەریتان... ئەوانی تریش لە سەر مێزەکە دائەنێم با بریقە بدەنەوە و ژوورەکە ڕۆشن بکەنەوە، لەدەرەوە دنیا تاریکە.. قسەش هەیە گوایە تانز دێن... دەبینیت چ بێ دەنگییەك باڵی بەسەر ئەم ناوەدا کێشاوە؟ سەربازەکان خەریکی خۆ گورج کردنەوەن و مەشغوڵن، لەسەروو هەموویشیانەوە کیلی.

**جۆن:**– کەواتە واباشترە هەر لە ماڵەوە بمێنینەوە.

**مۆلی:**– بەخوا من کە گوێم لە شتێك بوو لە پەنجەرەکەوە سەیردەکەم.

**جۆن:**– نا.. بەڕای من واباشترە هەر لێرە بمێنینەوە، هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی ئەوان دەگەڕێنەوە...

خۆزگە مایکل لێرە دەبوو..

**شامۆس:**– گەورەم من ئێستا دەڕۆم... مستەر مایکلیش هاکا هات... جا ئەگەر من بینیم پێی بڵێم کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت؟

**مۆلی:**– بەڵێ.. بەڵێ. تکایە پێی بڵێ.

**شامۆس:**– زۆر باشە. (**دەچێتە دەرێ**)

**مۆلی:**– شامۆسی ئازیز.. دەستەکانی پڕن لە ئەستێرە.

**جۆن:**– ڕۆمانسی یەکی مەزنە... مایکل دەڵێت گوایە بە تاوانی تالآنی بەندکراوە.

**مۆلی:**– جاچیی تیایە؟ دیارە بەلایەوە وێرنێکی خۆش بووە.. شامۆس خاوەن دەروونێکی گەورەیە.

**جۆن:**– (**کەوچکەکەی بەرزدەکاتەوە**) ئەمە نیشانەی زەماوەندەکەمان نییە؟

**مۆلی:**– (**بەناسکی**) بەڵێ...

**(ماچی یەکتری دەکەن)**

**جۆن:**– ئای مۆلی گیان حەزم دەکرد لێرە دوور بووینانە ... لە ئینگلتەرە بووینایە... ئەمەویٚ ئاسوودە بین.

**مۆلی:**– بەڵام تۆ گویٚ مەدەرە ئەمە بەزمەی (**تانز**).. ناتوانم بڵێم شۆن کیلیم خۆش دەویٚ بەڵام پشتم پێی ئەستوورە... بەهەرحاڵ تەماشابکە ئێمە ئاسمانی تایبەت بە خۆمان هەیە. ئاسمانێکی بچووکی پڕ لە ئەستێرە، نەهیچ هەورێك دەتوانیٚ داپیۆشێت و نە هیچ ڕەشەبایەکیش دەتوانیٚ بیشێوێنێت. شامۆسی گەردووناس دروستی کردووە و نەخشەی کێشاوە، سەیرکە، ئەمە بورجی دووانەیە بەخۆی و پشتێن و شیرەکەیەوە.

**جۆن:**– ئەوەش ورچی گەورەیە بە هەڵگێڕراوەیی.

**مۆلی:**– ئای خوایە، ئەزانیت ئەوە مانای باران بارینە؟. ئەوانەش کۆمەڵێك کەوچکی پێغەمبەرانن.

**جۆن:**– ئەمەیش ئەستێرەیەکە سەر بەو ئاسمانە نییە کە ئێمە ناسیومانە... ئەستێرەیەکی تازەیە لە خولگەی ئێمەدا دەسووڕێتەوە.. ناوی چیی لێ بنێین؟

**مۆلی:**– **"نوێژی مێز"**

**جۆن:**– بۆ؟!

**مۆلی:**– لەبەرئەوەی ئەمە کەوچکی شۆربایە.

**جۆن:**–.. بەڕاستی مایکل بەهرەدارێکی مەزنە.. زۆر ڕاستیکرد کە وتی جیهان لەمڕۆوە دەست پێ دەکات.. بەنیسبەت ئێمەوە ئەمڕۆ دەست پێدەکات.. هەمووشتێك جوان و سەیر دێتە پێشچاو... سەرنجت داوە؟ ڕووناکیەکەی ئەم ژوورە زۆرجیاوازە لە ڕووناکیەکی تر، تێکەڵەیەك... لەڕەشەباو هەور لە دەرەوەو ڕووناکیش لە ناوەوە.

**مۆلی:**– خۆشەویستییەکەمان دژی گرمەی هەورە! ئازایانە ڕووبەڕووی دەوەستینەوە... تۆ پێم بڵێ.. لە ئینگلتەرە لە کوێ دەبین؟ تۆ بڵێ ی تریگارسنی ئازیزم کەجلی خاکیی پۆشیوە، بتوانێت ژیانێکی خۆش کە پێی ڕاهاتووم بۆم ساز بکات؟

**جۆن:**– خۆشییەکی ئێجگار جیاواز... وەك جیاوازیی ئینگلتەرە لەچاو ئێرلەندەدا... هەر ئەوەندە لێرە ڕۆیشتین یەکەم کارم ئەوەدەبێت واز لە کارەکەم دێنم، من هەر لە هەفتەی یەکەمەوە لەسەربازێتی بێزاربووم.

**مۆلی:**– ئەی باشە خۆشەویستم بۆ زوو وازت نەهێنا؟

**جۆن:**— ئا... تەمەڵی... کوڕی بچووکی جوتیارێکی دەوڵەمەندم... ئای چەندم حەزدەکرد لە کێڵگەکەیدا کاربکەم !

**مۆلی:**— ئیێ.. بەردەوامبە... پێم بڵێ لە کوێ نیشتەجێ دەبین.. دەمەوێ بە خۆشەویستییەوە چاوببڕمە دوا ڕۆژمان.

**جۆن:**— کێڵگەکە دەکەین بە هەوارمان خۆشەویستم، براگەورەکەم لە ساڵی 1918دا کوژرا. باوکیشم ئێستا حەفتا ساڵانێکە.. زۆریش حەزدەکات و دەیەوێت بگەڕێمەوە لای.. بەم جۆرە پێکەوە لە کێڵگەکەدا دەژین.. من دڵنیام لەوەی زوو باوکمت خۆشدەوێت، دڕترین لووت و سمێڵی هەیە لە ژیانتدا بینیبێتت.. بەڵام چاوەکانی گەش و بریقەدارن.

**مۆلی:**— واهەر لەئێستەوە خۆشمویست.

**جۆن:**— کێڵگەکە دەکەوێتە سەر گردێك لە (**بکنجامشیر**).. گەر سایەقە بێت زۆر بەباشی لەندەن دەبینیت... باوکم تلسکۆبێکی هەیە کە لە ژووری نوستنەکەیدا دایدەنێت، جا بەو تلسکۆبە دەتوانیت کاتێدراڵکەی سانت پۆڵسیش ببینیت.

**مۆلی:**— لە ژووری نوستنەکەیدایە ؟

**جۆن:**— بەڵێ.. ئەویش وەك ئێمە چاودێریی ئەستێرەکان دەکات.. جا کە ئێمە گەڕاینەوە چاودێریی ئێمەیشی پێدەکات هەر چەند دان بەوەدا نانێت.

**مۆلی:**— ئای کە مەحبوبە، کەواتە کە چووم هەموو لەندەن دەکرم.. هیوادارم عەرەبانەیەکی چوار ئەسپیشتان هەبێت.

**جۆن:**– ئۆ خۆشەویستم.. ئێمە ئۆتۆمۆبێلی (**رۆلز رویس**)مان هەیە، جێی تەختی پاشایەکیشی تیادەبێتەوە.

**مۆلی:**– ئای خوایە گیان.. ئۆتۆمۆبێل.. لە هەموو ژیانمدا بە ئەزموونێکی وا خۆشدا تێنەپەڕیوم.

**جۆن:**– ئەمە یەکێکە لە زۆرشتی خۆشی تر خۆشەویستم دێی (**بروم**) لە نزیك کێڵگەکەمانەوە خۆشترین و جوانترین کڵێسەی لێیە کە پاشماوەی کۆنە... قووللەیەکی چوارگۆشەشی هەیە. لای قوللەکەشەوە سەعاتێکی شەمسیی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ هەیە کە لە ژێریدا نووسراوە (**وا شەو دادێ**)، بۆچی ئەو سەعاتانە وا دڵ دەگوشن؟

**مۆلی:**_ پێویستمان بەوەنییە سەعاتێکی کۆن ئەوەمان پێ بڵێت. بەهەرحاڵ ڕۆژ بەوەوە جوانترە.. (**بەناسکی**) جۆنی خۆشەویستم.. دەتەوێ لەو کڵێسە کۆنە قووللەدارەدا مارەم بکەیت.

**جۆن:**– نەء ... کڵێسەیەکی کاسولیکیش لە قەراغ دێیەکە هەیە لە ئاسن دروستکراوە.. ئەوێ کاتێدراڵی ئێمە دەبێت... باشە؟

**مۆلی:**– بەهەشتێکە بۆ خۆی... گەر وایش نەبێت ئێمە وای لێدەکەین.

**جۆن:**– هەر ئەوەندە ئەم هەراو ناکۆکییە کۆتایی بێت بە دەریادا دەڕۆین.. بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە ناتوانین مایکل لەگەڵ خۆمان بەرین.. لە دەستم دەچێ.

**مۆلی:** – نا.. لەپاشاندا سەردانمان دەکات.. و دەبێت بەباوکی ڕۆحیی یەکەم منداڵمان.

**جۆن:** – (**بەزەردەخەنەوە**) بەڵێ...

لە ڕاستیدا من کە ناویم دەبیست هەرگیز لەو باوەڕەدانەبووم لە بارێکی ئاواهیدا ببینم... ناوی ئەو و کیلی وەکو ئەفسانە وایە لای ئەو سەربازە ئینگلیزانەی لێرە شەڕدەکەن... هەستم بەشەرم دەکرد لەوەی کە سەربازی تازە بە پاڵەوان دەدەنە قەڵەم.. من کە خۆم ئەو ڕێگەیەم هەڵبژاردبوو بە ترسێکی زۆرەوە دەچوومە جەنگەوە... خۆشەویستیت بۆم کەم دەکات گەر دان بەوەدا بنێم کە زۆرم پێ خۆش بوو بەدیل گیرام؟

**مۆلی:** – هیچ شتێك نییە لە جیهاندا بتوانێت خۆشەویستیم بۆت کەم بکاتەوە... هیوادارم تۆیش بە من شاد بیت.. گەر وا نەبوایە چۆن یەکتریمان دەناسی؟

**جۆن:** – تەقەکردنم لە مرۆڤی تر دەبووە هۆی خەوی ترسناك و مۆتەکە... یان لەخەومدا تەقەیان لە خۆم دەکرد.. یا زۆرجار خەوم بە چاوێکی شینی گەورەوە دەبینی کە لە دووربینی تفەنگەکەمەوە دەیڕوانیە دڵم.

**مۆلی:** – گوێ مەدەرێ خۆشەویستم.. ئەوانە هەمووی کۆتاییان هات.

**جۆن:** – بەڵێ... کۆتاییان هات.

(**گرمەی هەور... دوو هەورە تریشقە**)

**مۆلی:—** ئەو ڕەشەبایەی دەرەوە لە بیربەرەوە... با تەنها ئاگات لای ئەستێرەكانی ژوورەكەی خۆمان بێ (**دەست بۆ كەوچكەكان درێژدەكات**) پاشەڕۆژی ئێمە پیشان دەدەن.. شاد بە.. تەماشا بكە چەند بریقەدارن.

جۆن:— ببوورە خۆشەویستم.. لە خۆم قایل نیم، دەبووایە واهەست بكەم كە لەوپەڕی بەختەوەری و شادیدام دوای جۆن! قسەیەكم پێ نەماوە لەو قسانەی تۆ جوانترین.. لەوەی لەنێو ئەو كیژانەدا كە بەسواری ئەسپەوە ڕاوە كەروێشك دەكەن، شۆخترینیان خۆشی ویستووم. لەوەدەچێت هەورەگرمەكەی دەرەوە لێرەدا جێگیر بووبێت (**دەست بۆ دڵی خۆی دەبات**) بۆچی؟ هەروەك مایكل دەڵێت ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێنە.

**مۆلی:—** ئاخر لەبەرئەوەی قووڵاییەك لای دڵتەوە هەیە... خۆشەویستم ئێوە دەڵێن گوایە ئێمەی ئێرلەندی باوەڕمان بە خورافات هەیە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لەم ڕووەوە هیچ نەتەوەیەك وەكو ئینگلیز نییە.. ئێوە هەركە هەورێكتان دی بە ئەسپی یاڵ ڕەشی ئەدەنە قەڵەم، یان هەورە تریشقەیەكی زیویتان دی دەڵێن ئەوە قەلەڕەشێك لە شوێنێك نیشتۆتەوە...

**جۆن:—** نا.. وانییە.. بۆشت بسەلمێنم.. وامن لەو قووڵاییە دێمە دەرەوە و بە دڵنیاترین و تاكە ڕێگاش (**ماچی دەكات**).

**مۆلی:—** ئێستەش دڵت تەنگە..

**جۆن:—** گەر ئەوە چارەسەركردنەكە بێت ئا.. (**پێدەكەنن**)

**مۆلی:**– باشتر.

**جۆن:**– باشە خۆشەویستم بۆ لێرە مارەت نەبڕم؟

**مۆلی:**– دیارە نازانیت کە ئەم کارە لێرە چەند گرانە، گەر بارودۆخ باش بێت مرۆڤ ناتوانێت بۆ ژنهێنان لە خاوەن ئاینێکی جیاواز ڕازیبوونی کڵێسە بە دەست بهێنێ.. جا هەیدێ بار شلۆق و خراپ بێت!.. جالەبەرئەوە واز لەوە بێنە با ئەم ماوەی دەسگیرانییە بە خۆشی بەرینەسەر... لە ژیاندا هەر ماوەیەو سیحری خۆی هەیە.. ئەمەیش سیحری دەسگیرانییە. من دڵنیام لەوەی لە ئینگلتەرە دەتوانین ڕازیبوونی کڵێسە بەدەست بێنین.

**جۆن:**– هیوادارم وابێت... چونکە پێش ئێستە داوای ڕازی بوونی کڵێسەم نەکردووە.

**مۆلی:**– خۆشەویستم... ڕۆژی هاوسەرێتیمان ئەوەندە دوور نییە.. ئەو گۆرانییەت لەبیرە؟ چاوەڕێی کاتێدراڵە ئاسنینە بچووکەکەمان دەکەین لە دێی (**بروم**)، هیواداریشم باوکت و مایکلیش بێن.. جا ئەوساتە شادیەکەمان بۆ ماوەیەکی زۆر گەرمیی خۆی بە کڵێسەکەدا بڵاودەکاتەوە و ئێمەش بە (**ڕۆڵزرویس**)ەکەمان بۆ مانگی هەنگوینمان دەچین.

**جۆن:**– لە کوێ...؟

**مۆلی:**– بێگومان لە بەهەشت.. لەوێ زیاتر کوێ هەیە ؟

**جۆن:**– نا بەڕاستیمە.. حەزدەکەیت بچین بۆ کوێ ؟

**مۆلی:**– ئێستا ئەوە گرنگ نییە.. خەون بە شاری ڤینیسیا.. وكابری.. وپاریس و مەغریبەوە دەبینم... خەون دەبینم!

(**گرمەو نالەی هەور**)

**جۆن:**– **هەورە ڕەشەكەی هێنا**... واباشە گڵۆپەكە داگیرسێنین (**دایدەگیرسێنن**) گزنگی پاش ئێوارە... ئەوە كێیە لە ڕێچكەكەدا بەرەو ئێرە دێ... (**لە پەنجەرەكەوە سەیردەكات**) ئۆ.. مایكل.. تۆلی دەستی گرتووە و وادێن .

**مۆلی:**– مایكل. ! با لەو قوژبنەكەدا خۆمان بشارینەوە و بیكەین بە كوتوپڕی بۆیان... (**خۆیان دەشارنەوە**).

**تۆلی:**– (**دێتە ژوورەوە**) خێرا بابچینە ژوورێ تا دێ بارانەكە زیاتر دەبێت... وەك ئێرلەندییەكان دەڵێن فریشتەكە تا بێت زنجیرەكە توند ڕادەكێشێت. خوایە! كێ دەڵێت ئێرلەندییەكان حەز بە گاڵتەدەكەن؟

(**ئۆریۆردۆنیش دێتە ژوورەوە**)

وائێستە گێر و گرفتی جەنگە بچووكەكەتت نییە... جاپێم بڵێ چی لەو باخی ئەرخەوانە بكەین؟

**ئۆریۆردۆن:**– چیی لێبكەین ؟

**تۆلی:**– دارەكان دەبڕینەوە و پارەیەكی چاكیش دەكات لەم ڕۆژانەدا.. جا ئێمەش هەر خزمەتی كەین و سوودی نەبێ واباشترە بیبڕینەوە و لەناوی بەرین.

**ئۆریۆردۆن:**– توخوا واز لەو بیرۆکەیە بهێنە. تاوانی کوشتار و لە ناوبردن ئەوەندە زۆر بووە کەبەس بێت.

**تۆلی:**– گوێبگرە ئۆریۆردۆن... وای لێهاتووە ناتوانم قسەیەکی ماقووڵت لەگەڵ بکەم.. تەنها هۆیەکم بەرێ کە ڕێ لە برینەوەیان بگرێ؟

**ئۆریۆردۆن:**– باخەکە جوانە ..ئەوە هۆ... ئێ وابزانم ئەوەندە پێویستیشت بە پارەکەی نییە ؟

**تۆلی:**– نەخێر...

**ئۆریۆردۆن:**– ئێ... دەکەواتە هەر واز لەوە بێنە.

**تۆلی:**– نازانم تۆ چۆن دەتوانیت وا بە ڕێکوپێکی ئەم شوێنە بەڕێوەبەریت.. من نیوەی تۆش لێرەنیم کە لێیان بێزاردەبم... بەهەر حاڵ ئەوە خۆت و باخی ئەرخەوانەکەت باشە ؟

**ئۆریۆردۆن:**– سوپاس

**تۆلی:**– ئینجا مەسەلەیەکی تریش هەیە...

**ئۆریۆردۆن:**– توخوا تۆلی ئەگەر وازم لێ ناهێنیت... ببوورە لێم ناتوانم گوێت لێبگرم... زۆرماندووم و بێتاقەتم... بۆ کاتێکی تری دابنێ...

**تۆلی:**– دەباشە چۆنت دەوێ باوا بێت.

**(ماوەیەك بێدەنگی)**

**ئۆریۆردۆن:** ئەم گەرمییە چییە لە ژوورەکەدا؟

**تۆلی:** یەکێك گڵۆپەکەی داگیرساندووە.

**ئۆریوردەن:** ئۆ... ئەوەندە تاریکە، ئەمە بۆ کیلی باشە.

**مۆلی:** (**لەقوژبنەکەوە**) مایکل...

**ئۆریۆردۆن:**– مۆلی! کەواتە ڕاستبووم لە هەستکردنم بەوەی کە شتێکی تر هەیە بێجگە لە گلۆپەکە ڕووناکی و گەرمیی زیاتری لە ژوورەکەدا بڵاوکردۆتەوە.

**مۆلی:**– بێجگە لە منیش... یاڵڵا جۆن پێیان بڵێ..

**ئۆریۆردۆن:**– جۆن..

**جۆن:**– نا... تۆ پێیان بڵێ..

**مۆلی:**– باشە با درێژەی نەدەینێ... مایکل.. تۆش مستەر تۆلی.. گوێ لەم هەواڵە خۆشەم بگرن... جۆن من مارە دەکات (**بێ دەنگی**) دەبینە هاوسەری یەك... بۆ قسە ناکەن... کەڕن یا لاڵن؟

**تۆلی:**– باشە... باشە.. شتێکی خۆشە... پیرۆزباییتان لێدەکەم... هیوادارم ئەمە لەداهاتوودا ببێتە هۆی باشبوونی پەیوەندیی نێوان ئینگلتەرەو ئێرلەندە.

(**ڕووئەکاتە جۆن**) وابزانم لەوەو پێش یەکتریمان نەدیوە؟... پێم خۆشە کە یەکترناسینمان لە بۆنەیەکی وا خۆشدا بوو..

**مۆلی:**– چییە مایکل.. هیچ ناڵێیت؟

**ئۆریۆردۆن:**– ها... بەڵێ.

**جۆن:**– دیارە هەواڵەکەی بەلایەوە کتوپڕبوو.. مایکل دەترسم بڵێیت نەمدەزانی ئەمە ڕووئەدات.

**ئۆریۆردۆن:**– ڕاستە وایە جۆن.. بەڵام من خۆیشم ناساغم..

**مۆلی:** — مایکل... !

**ئۆریۆردۆن:** — هەواڵی مردنی گەلێ هاوڕێی خۆشەویستم پێگەیشتووە.. هەروەها هەندێکی تریشیان لە مەترسیدان.. بێگومان من بەوە شادم.. خوا لە یەکتان نەکات.

**مۆلی:** — ئێمەش بەشداری خەمتین لەم کارەساتە ناخۆشەدا مایکل گیان..

**ئۆریۆردۆن:** — جۆن.. ماوە هەیە هەندێك قسەت لەگەڵ بکەم؟

**جۆن:** — فەرموو.. ! !

**ئۆریۆردۆن:** — ئەمەوێ تەنها بۆ خۆت قسە بکەم.. تۆلی ئەگەر زەحمەت نەبێ لەگەڵ مۆلی دا بچنە دەرێ، توزێکی تریش ئەم ناوە دەبێت بە تەقە و گوللەباران.. جا بڕۆن لێرە..

**تۆلی:** — ئاوەها... ئەبێ بە تەقە؟.. باشە.. وا دەڕۆین.. مستەر جۆن ناترسیت لەوەی دەزگیرانەکەت لەگەڵ مندایە.. ؟

**جۆن:** — چۆن شتی وادەڵێیت.. من دڵم لە هەردووکتان پاکە

**مۆلی:** — دوایی دەتبینم جۆن.. لەژوورە بازنەییەکەدا چاوەڕێت دەکەین... خواحافیز مایکل گیان !

**(مۆلی و تۆلی دەچنە دەرەوە)**

**ئۆریۆردۆن:** — دوورکەوتنەوە...؟

**جۆن:** — بەڵێ... چی ڕوویداوە مایکل؟ دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

**ئۆریۆردۆن:** ئاخ.. خوایە.

**جۆن:** – چیه مایكل؟ پێم بڵێ.

**ئۆریۆردۆن:** – بەپێ خاوسی كەوتمە گژوگیایەكی دڕكاوییەوە و .. بیرئەكەمەوە چۆنی لێ دەربچم.. گوێبگرە جۆن دوای ئەو هەواڵەی دەربارەی خۆت و مۆڵی پێت ڕاگەیاندم... هیچ شتێك نییە چارت بكات تەنها شتێك نەبێت، ئەبێ پەیمانیشم بدەیتێ كە بە قسەم بكەیت... باشە.

**جۆن:** – چ شتێك؟ هەرچییەك بڵێیت من ئامادەم.. فەرموو ئەمركە...

**ئۆریۆردۆن:** – ئەبێ هەرئێستە ئێرەبەجێ بێڵیت.. دەستبەجێ بەرە و سنوور ڕاكەیت.. تیژڕەوترین ئەسپیان لەگەڵ خۆت بەرە.. (**موف**) تیژڕەوە .. بڕۆ بۆ ڕۆژئاوا بەرەو (**بالیجینی**) و لەوێشەوە بەرەو باكوور بۆ (**بلفاست**).

**جۆن:** – بۆچی.. مایكل؟!!

**ئۆریۆردۆن:** – جۆن.. تكات لێدەكەم مەپرسە بۆچی و بڕۆ.. لەوێ ئەسپەكە لە هەر تەویلەیەك دادەنێیت دایبنێ و دواتر بەنامە پێم بڵێ لە كوێیە خۆم دەچم ئەیهێنمەوە...

**جۆن:** – گوێبگرە مایكل.. ئەمە ڕەوا نییە من هەر لە خۆمەوە ڕاكەم و بێئەوەی بزانم مەسەلە چییە. بۆ ڕاكەم؟ و كەی بگەڕێمەوە؟ ئەمە كارێكە دەبێ ئەنجامی بدەم یا شتێكە پەیوەندیی بە جەنگەوە هەیە؟.. نابێ بزانم؟

**ئۆریۆردۆن:** – ئێستا تۆ متمانەت بە من نییە؟

**جۆن:**– تا ئەوپەڕی..

**ئۆریۆردۆن:**– کەواتە بڕۆ و لە هیچ مەپرسە.. تۆ پێم بڵێ ئێستا سەعات چەندە؟

**جۆن:**– بەپێی کاتژمێری دیوارەکە سێی تەواوە..

**ئۆریۆردۆن:**– دەخێراکە.. دەی هەرئێستە.. تۆ سەیر... بڵێ بۆ لەوەو پێش پێم ڕانەگەیاندیت؟! نرخی پەیمانێك چییە لە چاو نرخی ژیانی هاوڕێیەك.. نازانم.. نا.. سەرم لێ شێواوە...

**جۆن:**– ژیانی هاوڕێی چی..؟ مەبەستت چییە؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئێستا تۆ نەتوت متمانەت پێم هەیە...

**جۆن:**– بەڵێ.. متمانەم پێت هەیە.

**ئۆریۆردۆن:**– ئێ دەبڕۆ ئەسپەکە زین بکە بڕۆ... بچۆ بۆ (**بلفاست**) و لەوێ نیشتەجێ بە.. یا ئینگلتەرە.. تا بە تەواوەتی بارودۆخی ئێرە هێمن دەبێتەوە.

**جۆن:**– مایکل تۆ لە حاڵەتێکی نائاساییدایت.. من ئەبێ زیاتر شتەکەم بۆ ڕوون بێتەوە.. بێجگە لەوە من پەیمانم داوە پێت کە ڕانەکەم. خۆشت دەزانیت نابێ خیانەت بکەم و پەیمانەکە بشکێنم.

**ئۆریۆردۆن:**– پەیمان...!! نرخی یەك زەنگیانەی نییە لام.. دەبڕۆ..

**جۆن:**– بەڵام پێویستە ڕێزی بگرم مایکل.. من باوەڕم پێی هەیە و هیچ شتێك نییە وام لێ بکات خیانەتی لێبکەم..

**ئۆریۆردۆن:**– گوێ بگرە تۆ حەز لە بەختەوەریی مۆلی دەکەیت؟

**جۆن:**– خۆت وەڵامەکە دەزانیت..

**ئۆریۆردۆن:**– دە ئەگەر ڕاست دەکەیت و بەختەوەریی ئەوت دەوێ چیت پێ دەڵێم ئەوەبکە..

**جۆن:**– گوێبگرە مایکل.. یەك هەنگاو چییە ناجووڵێم تا بە تەواوەتی مەسەلەکەم تێدەگەیەنیت.

**ئۆریۆردۆن:**– جۆن تۆ کاتەکەمان بەفیڕۆدەدەیت.. ئەم کاتە بە نرخە..

**جۆن:**– یەك هەنگاو نانێم تا تێم دەگەیەنیت ئەمە مانای چی.. !

**(ماوەیەکی کورت بێدەنگی)**

**ئۆریۆردۆن:**– مانای ئەوەی کە ژیانت لە مەترسیدایە... مانای ئەوەی ئەگەر ئێستا ڕانەکەیت لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا دەکوژرێیت.. ئەم جەنگە کوێرە هەردووکمانی خستووەتە حاڵەتێکی نالەبارەوە .. من لەم لاوە بەستراومەتەوە بە پەیمانمەوە بە سوپای ئێرلەندییەوە و تۆیش بەپەیمانتەوە بە منەوە.. ئەمەیش ئەبێ بە هۆی ڕووخان و لەناوبردنی سێ دڵ بۆ هەتا هەتایە... ئێستا تێگەیشتیت بۆچی پێت ئەڵێم بە تیژڕەوترین ئەسپ ڕابکە بۆ سنوور؟

**جۆن:**– بەڵام من دیلی جەنگم... ئیتر بۆ دەکوژرێم؟

**ئۆریۆردۆن:**– تۆڵەسەندنەوە... جۆن... تۆڵەسەندنەوە، پیسترین وشە کە لە زمانی ناشرینی جەنگدا بەکار دێ. **(تانز)** سێ ئەفسەری

ئێرلەندیان کوشتووە، ئەمانیش بەڕێگەی قورعە سێ ئەفسەری ئینگلیزیان لەبری ئەوان هەڵبژاردووە تا بیانکوژنەوە ؟

**جۆن:** – جا یەعنی ناوی منیش...؟

**ئۆریۆردۆن:** – ئا.. ئا.. ناوی تۆش..! !

ئای خوایە.. خەڵکی بۆچی یەکتریان خۆش ناوێ.. مرۆڤ هێندەی سەرە دەرزییەك گوناهە بکات لە مەسیح دوور دەکەوێتـەوە، ئەی ژیانێك کە لە بنەڕەتدا بنچینەکەی خۆشەویستییە، گەر هەمووی گوناهەبێ دەبێ چۆن بێت؟... لەبەرئەوە تکات لێدەکەم جۆن هەر ئێستا بڕۆ و خۆشەویستیی من و مۆلیش ئاگادارت بێ.

**(گرمەی هەور)**

**جۆن:** – من... من ناتوانم بڕۆم مایکل.. من دڵنیام لەوەی ئەوان بڕیارەکە جێبەجێ ناکەن.

**ئۆریۆردۆن:** – کیلی و جێبەجێی نەکات... چەندین ساڵە دەیناسم و ئەزانم کە دەیکات... لەبەر ئەوە پێویستە پێش ئەوەی شەڕەکە دەست پێ بکات بڕۆیت... تێگەیشتیت؟ .. چەند لە هاتنی شەو دڵنیام ئەوەندەش لە گەڕانەوەی ئەو... کیلی بە تەقەو دووانی (**تانز**) لە ناو نابردرێ.

**جۆن:** – نا مایکل... نابێ بڕۆم.. من ئەبێ خۆڕاگر بم... کیلی دەبینم و پێی دەڵێم... ڕێگایەك هەر دەدۆزینەوە...

**ئۆریۆردۆن:** – هەی گێل... گەمژە! تۆ چی دەڵێیت ؟

**جۆن:**– ئەگەر ڕایشبکەم... یەکێکی تر لە جێی من دانانێن (**بێ دەنگی**) ها؟ (**بێ دەنگی**).. لەبەر ئەوە ڕاناکەم.

(**گرمەی هەور... دەنگی تەقە... و گوللەباران**)

**ئۆریۆردۆن:**– وا شەڕیش دەستی پێ کرد! وەختمان نەما نەء ... ئەبوایە زووتر پێم بوتیتایە! باشترین هەلمان لەکیس چوو... لە کیسمان چوو.

**جۆن:**– لۆمەی خۆت مەکە مایکل... جیاوازیی زووتر و ئێستە نەبوو...

**ئۆریۆردۆن:**– ڕێگەیەك هەر ئەدۆزینەوە جۆن... گەر ئەمە دواکارم بێت بتوانم ئەنجامی بدەم، ئەنجامی دەدەم... ئەوەت بیر نەچێت کە تۆ هێشتا لە ژێر چاودێریی مندایت.. ئێستەیش بڕۆ چاوت لە مۆلی بێت... ئەو پردی (**گلاسفۆنت**)ەی بۆسەکەیان لاوە ناوەتەوە ئەوەندە لێرەوە دوورنییە.

**جۆن:**– ئەی تۆ لەگەڵم نایەیت؟

**ئۆریۆردۆن:**– نەء ... لێرە دەمێنمەوە... حەز دەکەم بە تەنیابم... تۆ بڕۆ... بەڵکو خوا دەروویەکمان لێ بکاتەوە و چارەیەك بدۆزینەوە...

(**جۆن ئەچێتە دەرێ ... دەنگی گوللەباران دێت... ئۆریۆردۆن خۆی دەگەیەنێتە لای پەنجەرەکەوە و گوێدەگرێت... تەقە بەردەوام دەبێت... ئەمیش سازەکەی هەڵئەگرێ و دائەنیشێ و ساز لێ ئەدات.. ئەوەستێ و**

**گوێدەگرێ.. هەمدیسان ساز لێ ئەداتەوە... کە دەنگی پێ و قسەی دەرەوە ئەبیستێ، هەمدیسان ئەوەستێتەوە).**

**سەربازی ئینگلیزی**(1):- (**لەدوورەوە**) بۆسەیان ناوەتەوە.. خێراکە با بچینە ژوورێ.. (**دووسەربازەکە لەبلاك ئەندتانزن دێنە ژوورەوە، یەکەمیان شەڕەنگێزێکە کە حەز بە ئازاردانی خەڵك دەکات و دووەمیشیان خوێنڕێژە).**

**سەربازی ئینگلیزی**(2):_ لەکوێ..؟

**س**(1):_ لای پردەکە... تۆ وەرە برۆ لای پەنجەرەکەوەو منیش لێرە جێی خۆم دەگرم.. (**ئۆریۆردۆن دەبینێ**) ئووف.. خوا ڕۆژێکی خۆشمان بداتێ.. ئەمەکێیە لێرە؟ بێ هیچ چەکێك... تەنها خۆی و سازەکەی و بەس.

**س**2:- کێیە؟

**س**(1):- یەعنی ئەم چرۆچاوە ناناسیت.. ئەی وێنەکەیت لە پرۆپاگەندەکاندا نەدەبینی؟ خەڵات.. بەزیندوویی یان مردوویی.. خێرا لوولەی تفەنگەکەتی تێبکە ئەمە یەکێکە لە پڵنگەکانیان.

**س**(2):- نایناسم... کێیە؟ بەلای منەوە وێنەکان هەمووی وەك یەك وان.

**س**(1):- مایکل ئۆریۆردۆنی مەزنە! بەخۆی و سازەپڕ لە گوللەکەیەوە بەتاقی تەنیا چاودێریی مەڵبەندی سەرەکی دەکات.

**س**(2):- ئۆریۆردۆن!!؟ یەعنی...؟

**س**(1):– ئا.. ئا.. باشە مستەر ئۆریۆردۆن بە تەنیا لێرەو دوور لە شەڕەکە چیدەکەیت؟... تووشی سەرئێشە نەبوویت؟ (**بێدەنگی، بەدرێژایی ئەم دیمەنە ئۆریۆردۆن بەبێ دەنگی و وەکو تۆپێك بیەوێت بتەقێتەوە بەدی دەکرێ**) هیچت نییە بیڵێیت پێش ئەوەی بە ئیمیت و بارنیل و ئۆلیری بگەیت؟ (**لێی نزیك ئەبێتەوە**).. ئای...!! (**دەست بەبەرچاوی ئۆریۆردۆندا دێنێ**) بەخوا شانسێکی چاکە.. وەرە سەیرکە.. کوێریشە!!

**س**(2):– بەڕاستی شانسە... وازی لێ بهێنین؟ با لە پەنجەرەکەوە سەیرێك بکەم.

**س**( 1 ):– بەمردوویی...یازیندوویی.. پروپاگەندەکانت لەبیرچووەوە ؟

**س**( 2 ):– لەو باوەڕەدانیم کوێرێك بکوژیت.

**س**(1):– بۆ نایکوژم..! من بۆیە ئەیکوژم چونکە بەزەییم پیایدا دێتەوە. (**بۆ ئۆریۆردۆن**) ئێمە نامانەوێ ژیانت هەمووی بە کلۆڵی بەسەر بەریت و ناشمانەوێ ببیت بە کۆسپ بۆ هاوڕێیانت؟ (**بێ دەنگی**) (**بەهاوڕێکەی**) لەبەرئەوە مستەر ئۆریۆردۆن خۆی دەزانێت کە ئێمە چاکەی لەگەڵ دەکەین.. هەموو کەسێکیش ئەم کارەمانی پێ خۆش دەبێت... تۆ برۆ چاودێریی ڕێچکەکە بکەو دڵنیابە لەوەی کە ئەم چەند دواساتە لە ژیانی مستەر ئۆریۆردۆندا تەماوی نییە... (**ئۆریۆردۆن**) ئەبێ لێم ببووریت کە تەقەت لێدەکەم، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانیت بەختەوەر ئەوکەسەیە مردنێکی هێمنانە دەمرێت.

**س**(2):– گوێبگرە.. ئەگەر بەتەمای کوشتنیت خێراکە.

**س**(1):– فەرمان بەسەرمندا مەدە.. حەزناکەم ئەوە بهێنمەوە بیرت کە من لە پایەدا لە تۆ بەرزترم.. ئێ پاش ئەو هەموو دەردو ناکۆکیانەی مستەر ئۆریۆردۆن بەسەر ئێمەیدا هێنا... کۆتاییەکی هەروا ئاسانیشی نابێت... ئەوە نابێتە دادپەوەری، بێجگە لەوە من دادپەروەریشم.. وایش بزانم مستەر ئۆریۆردۆن کاسولیکییە.. نازانم دواجار چووە بۆ ئەوەی دان بە گوناهەکانیدا بنێت... لەوانەیە پێویستی بە یەك دوو دەقیقەی تریش بێت تا تۆبە بکات لە گوناهەکانی؟ ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە و بگرە بە لووت بەرزییەوە بەرەو مردنەکەی دەچێت تا پتەویی خۆیمان بۆ بسەلمێنێت... تۆ بوەستە با بیرێکی لێ بکەمەوە: حەوت گوناهەکە چییە؟... یەکەمیان لووتبەرزی نییە؟ (**بە توندی زللەیەك بە ئۆریۆردۆندا دەکێشێ**)... ئادەی بزانم مستەر ئۆریۆردۆن ئەزانیت کێ بوو زللەکەی لێ دایت؟

**س**(2):– بچینەوە ناو شەرەکە باشتر نییە؟

**س**(1):– نا... نا... بەزیندوێتی سوودمان زیاترە. من حەزم لە ناوشەڕیش نییە... (**بێ دەنگی**) وادیارە مستەر ئۆریۆردۆن هیچی پێ نییە بیڵێت... تەنها وشەیەکیش.. یان شتێ دەربارەی پیرێژنە باشەکە[5] (**ئێرلەندە**).. کاسلین نی هولیهان یان بژی ئاڵای سەوز (**گرمەی هەور**)..

---

[5] ئەوکاتە ئێرلەندەیان وانا و دەبرد.

نازانم هەورەكە چی دەڵێت... تۆ هیچ ناڵێیت... با وابێ... هەموو شتێکی خۆش کۆتاییەکی هەیە. هەندێکیش دەڵێن ژیان خۆشە.

**س**(2):- بۆ خاتری خوا با بچینە دەرێ... وا تەقە وەستا ئێستا دەگەڕێنەوە.

**س**(1):- ڕاستە... دەگەڕێنەوە... باشتر وایە تفەنگ بەکارنەهێنین... دەنگی دەڕوا... لەخاچدانی بێ دەنگ باشترەو زۆر ترسناکتریشە... وانییە مستەر ئۆریۆردۆن؟ (**لێواری چەقۆیەك كە بەدەستییەوەیە دەخاتە سەرملی ئۆریۆردۆن**) زۆر ترسناکترە.

**(ئۆریۆردۆن ڕووی خۆی وەردەگێڕێ و هاواردەكات و قۆڵی سەربازەكەش دەگرێ و یەكێك ئەكێشی بەسەریدا و كابرا بە سەرمێزەكەدا دەكەوێ و كەوچكەكانی شامۆس دەكەونە خوارەوە و پەرش و بڵاودەبنەوە)**

**س**(2):- ئای..! **(دەچێت ئۆریۆردۆن بگرێ، لەیەك دەئاڵێن و دەكەونە سەرزەوی)**

**(سەربازی یەكەم هەڵئەسێتەوە)**

**س**(1):- توند بیگرە... مەیەڵە جووڵە بکات... ئێستە ئەزانم چیی لێ ئەكەم.

**(جۆن لەسەر پلیكانەكان دەرئەكەوێ و تفەنگێكی وابەدەستەوە)**

**جۆن**:- لە شوێنی خۆت بوەستە و بەرەو دیوارەكە بگەڕێرەدواوە.

**(سەربازی یەكەم دەگەڕێتەوە... سەربازی دووەمیش هەڵئەسێت و لەگەڵ هاوڕێكەیدا دەگەڕێتەوە دواوە.. ئۆریۆردۆنیش هەڵدەسێ)**

**جۆن:—** گویٚ مەدەریٚ مایکل.. بوەستە **(ئەچێت و ئۆریۆردۆن لەسەر کورسییەك دائەنیشێنیٚ، لوولەی تفەنگەکەی هەر لە ڕووی سەربازەکانە)**

باش بوو گوێم لە دەنگت بوو.. ئەم دوو دڕندەیە لە کوێوە هاتن؟

**ئۆریۆردۆن:—** نازانم..

**س(1):—** تۆ ئەفسەرێکی بەریتانیت؟ گەروایش نییە ئەم جلانەت بۆ لەبەرە؟

**جۆن:—** بەڵیٚ من ئەفسەرێکی ئینگلیزم.

**س(1):—** کەواتە بەختمان هەبوو.. لە خۆمانە ... بابڕۆین.

**جۆن:—** لەجێی خۆتان بوەستن و دەستتان بۆ سەرەوە بەرز بکەنەوە.

**س(1):—** دیارە چوویتەتە ڕیزی دوژمنەکانمانەوە؟

**جۆن:—** هیچ دوژمنێکم نییە تەنها ئێوە و کەسانی وەکو ئێوە نەبێت.

**س(1):—** ئێمەیان نارد تا یارمەتیت بدەین.. ئێستەش وازمان لیٚ بێنە بابڕۆین... هەرساتێك بێت ئەوان دەگەڕێنەوە.

**جۆن:—** لە شوێنی خۆتاندا بوەستن.

**(پشتێن و مەخزەنەکانیان فڕیٚ ئەدەنە سەرزەوی)**

فەرموو مایکل، ئەوەتان لەبەردەستدا، چییان لێدەکەی بیکە.

**ئۆریۆردۆن:—** نازانم.. چیان لێکەم؟ چەند دەقیقەیەك لەگەڵیاندا بەلامەوە عەزابێکی تەواوبوو.

**جۆن:—** پەیمان وەرگرتن لێیان سوودی نییە.

**س**(1):– جا بۆ تاقیمان ناکەیتەوە...؟ ئەی چۆن دەتوانیت لوولەی تفەنگەمان تێبکەیت؟

**س**(2):– دەی هەڤاڵی خۆشەویستم... دەگەڕێنەوە... ئەی خۆ ناماندەیتە دەست کیلی؟

**ئۆریۆردۆن**:– کێ پێی وتن کیلی لێرەیە؟

**س**(1):– گەورەم چۆلەکە پێی وتین.

**ئۆریۆردۆن**:– سەیرە... ناتوانین تەنها نهێنیەك چییە بیپارێزین.. هەرئەوەندە بایەك بەسەرسەرماندا بڕوات، هەرچی نهێنیمانە لەگەڵ خۆیدا بڵاویدەکاتەوە و ئاگاداری هەموو شتێکمان دەبن.

**جۆن**:– **ها** مایکل.. چیان لێبکەین؟ گیروگرفتێکی گەورەیە..

**س**(1):– گیروگرفت نییە.. وازمان لێ بێنە بڕۆین.. مستەر ئۆریۆردۆن ناتوانێ ئێمە بە دیل لای خۆی ڕابگرێ چونکە لەسەربازێتیدا نەماوە، ئێ... تۆیش وا ڕێکەوت کە لە خۆمانیت.

**دووەم**:– دەی هەڤاڵ تا نەگەڕاونەتەوە.

**ئۆریۆردۆن**:– وازیان لێ بێنە بابڕۆن... با بڕۆن، دەرگای هەموو قەفەسەکان بکەرەوە.. کامەی گەمژەشە مافی سەربەستیی هەیە... بڕۆن.. بفڕن.

**کیلی**:– (**لەدوورەوە**) مایکل !

**س**(1):– بڕۆ با بڕۆین (**گوێی لە دەنگی پێی کیلی دەبێ کە لە دەرەوەیە**) ئەوەکێ یە؟ خێرا بۆ دەرگاکەی تر.

**کیلی:**—بەپەلە دێتە ژوورەوە و (**دووسەربازەکەی**) (**تانز**) دەبینێ.. ئەوە چییە... لەجێی خۆتان نەجوولێن... بوەستن (**لوولەی تفەنگەکەیان تێدەکات**) چۆن دەهێڵم ئەم دووباڵندەیە لە تۆڕەکەم ڕزگاریان بێت ؟

**کیلی:**— (**بانگ ئەکا**). سکانلۆن

**سکانلۆن:**— (**لەدوورەوە**) وا هاتم گەورەم.

**کیلی:**— باسی چیتان دەکرد ؟... کێ لە پاڵ کێدابوو ؟

**ئۆریۆردۆن:**— جۆن ژیانی منی ڕزگارکرد.

**کیلی:**— (**بەساردییەوە**) ئاوەها ؟!..

تریگارسنی ئەفسەر پێش من کەوت لە ڕزگارکردنی ژیانتدا؟ لەوەئەچێ دڵسۆزییەکەی لە نێوان هەردوولادا لێ تێکەڵاوبووبێ.

**جۆن:**— من پەیمانم داوە... ئەوەش مانای ئەوەیە کەمن ناتوانم بەهیچ جۆرێك دژی ئێوە بوەستمەوە.

**کیلی:**— ئەی ئەو پەیمانەی کە داوتە بە سوپای ئینگلیزی نالێت کە نابێ بۆ ئێمەش بجەنگیت؟

**جۆن:**— ئەی دەتویست وازم بهێنایە مایکلیان بکوشتایە؟ (**کیلی بەڕقێکی ساردەوە سەیرێکی دەکات**).

(**سکانلۆن دێتە ژووری**)

**کیلی:**— ئەمانە دووباڵندەی گومڕاهن.. بیانکەرە قەفەسەوە.

**سکانلۆن:**— بۆخاتری مریەم.. چۆن گەیشتوونەتە ئێرە ؟

**کیلی:**— هەر فەرمانێکت دەدەمێ پرسێکی تیادەکەیت.

**سکانلۆن:**— ببوورە گەورەم... ویستم ئەوەیشت پێ ڕاگەیەنم کە لاشەی (**کڤین بیرن**) یان لەوبەری پردەکەوە هێنایەوە... جۆنی باوك لە سەرەمەرگیدا لەتەنیشتیەوە بووە.

(**کیلی گرژ دەبێت و هەروەها تووڕەییەکی زۆریش لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە**)

**ئۆریۆردۆن:**— (**لەبەرخۆیەوە**) کڤین... خوا لێی خۆش بێت.

**کیلی:**— ئەم دووانە بۆ زنجەکە بەرە، پاشان بۆ لێپرسینەوەیان دێم.

**سکانلۆن:**— بەسەرچاو گەورەم... لێرەوە پێشم کەون.

(**سکانلۆن لەگەڵ دووسەربازەکەدا دەچنەدەرێ**)

**سکانلۆن:**— (**لەدوورەوە**) دێرمۆت وەرە یارمەتیم بدە ئەم دووانە بگەیەنین.

**دێرمۆت:**— (**لەدوورەوە**) هەر ئێستە دێم.

**کیلی:**— (**بەجۆن**) ئۆریۆردۆن سەبارەت بە چارەنووست هیچی پێوتیت؟

**جۆن:**— پێی وتم...

**کیلی:**— باشە.

**جۆن:**— بەڵام من لەوباوەڕەدانیم کە ئێرلەندییەکان دیلەکانیان بکوژن.

**کیلی:**— بەداخەوە کە باوەڕەکەت لە جێی خۆیدا نییە.. چۆنیش حەزدەکەیت و پێت خۆشە وا ناوی لێ بنێ.. تاوانی کوشتن.. ئەگەر بەوە

سوکناییت دێت. بەهەرحاڵ کاتی دیاریکراو دووسبەی... شەممەیە... سەعات شەشی بەیانی... شوێنەکەش ئێرەیە، وابزانم تێگەیشتیت؟

**جۆن:** — (**سەری ئەلەقێنێ**) بەڵێ.

**کیلی:** — مایکل هەمو کاروبارەکانیش دەکەونە ئەستۆی من... لەبەرئەوە پێویست بەوە ناکات خۆت ماندووبکەیت.. تا کاتی دیاریکراویش تریگارسن لە ژێر چاودێریی تۆدایە.

**ئۆریۆردۆن:** — شۆن... ! !

**کیلی:** — ئێستەش دەبێ بچم خەریکی لێپرسینەوەبم و راپۆرتەکەم بۆ مەڵبەندی سەرەکی بەرم... وابزانم کارێکی سەرکەوتووانەمان ئەنجام داوە... جا نازانم گەر هاوسەرەکەی کڤین بیرن رای لەگەڵمدا بێت یان نەء.

(**لەکاتی کۆتایی هاتنی قسەکانی کیلیدا مۆلی دێتە ژوورەوە و کە کیلی ئاورئەداتەوە لەسەر پێپلیکانەکان دەیبینێت... ماوەیەك چاو دەبڕنە چاوی یەکتری و پاشان کیلی بە خێرایی بەرەو دەرەوە دەڕوات**)

**مۆلی:** — مایکلی خۆشەویستم...

**ئۆریۆردۆن:** — مۆلی.

**جۆن:** — پێم وتیت دوام مەکەوە مۆلی.

**مۆلی:** — ئەوە ڕاستە مایکل؟ تو مریەمی پاکیزە... بڕواناکەم ڕاست بێت؟

**ئۆریۆردۆن:** — پێت وتووە. جۆن؟

**جۆن:** — دەبووایە.

**مۆلی:** — دەبووایە پێی بوتمایە... ئەو کاتەی کە بە تەنیا مانەوە، خۆم هەستم بەوەکرد کە شتێکی ناخۆش باڵی سامناکی بە سەرماندا کێشاوە... مایکل چی بکەین؟ گەر داوای لێ بکەیت تۆ بلێیت ڕەت بکاتەوە؟

**ئۆریۆردۆن:** — بەڵێ... شۆن کیلی هاوڕێمە و ئامادەیە هەمووشتێك لە پێناوی مندا بکات... بەلاّم گەر مەسەلەکە پەیوەندیی بە لایەنێکی ترەوە هەبوو نەك خۆی ئەوا ناتوانێت دەستکاریی هیچ فەرمانێك بکات... پێشی بلێم خۆشی هەروام وەلاّم ئەداتەوە.

**مۆلی:** — باشە بۆ داوای لێ ناکەیت.

**ئۆریۆردۆن:** — نا... مۆلی... ئەزانم دەلێت **"واز لەم مەسەلەیە بێنە مایکل... تۆ حەقت نەبێ"**، هەمیشەو بە درێژایی ڕۆژانی جەنگ خاوەنی ئەم هەستە نامۆیە بووە،... ئێستەش بارەکە ئاڵۆزترە... بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و نایەڵێت من هەڵیسوڕێنم... بەزەییەکەی لەو جۆرەیە کە هەموومان دەکوژێت.

**مۆلی:** — ئەی باشە چی بکەین؟

**ئۆریۆردۆن:** — لەناوخۆماندا بەدوای وەلاّمی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین. پێویستە خۆمان جۆن ڕزگار بکەین.

**جۆن:**– بەڵام مایکل تۆخۆت گوێت لێ بوو کیلی چیی وت.. من دیلی تۆم... هەروەها هێشتا هەر خاوەن پەیمانی خۆمم... ئەشێ بەڵگەیەکت هەبێ تا بیاندەیتێ.

**ئۆریۆردۆن:**– تکات لێئەکەم ئەو پەیمانە لە بیرخۆت بەرەوە.. مەهێڵە هەندێ وشەی بەتان و پۆ ژیانت لێ بسێنێتەوە. بیرکردنەوە لەبەڵگەش کات کوشتنە... کوشتنی (**ئۆشی و کیوخ و ماجیل**) سوپای خستۆتە ئەوپەڕی تووڕەییەوەو تا چەند هەفتەیەکی تریش هەروادەبن... ئێستەش هەروەکو وتم خۆمان دەتوانین یارمەتیی خۆمان بدەین.

**مۆلی:**– جۆنی گیان... گێل مەبە... ڕاستە پەیمانت داوە بە مایکل، بەڵام ئەو هەر خۆیشی ئەتوانێت بتداتەوە...

**ئۆریۆردۆن:**– ڕاست ئەکات... وامنیش دامەوە پێت... ئەوەش یەکەم دیاریم بێت بۆ ژیانی هاوسەریتان.

**جۆن:**– بەڵام چی دەربارەی ناوی سێیەم دەڵێیت مایکل؟ گەر ناوی من نەبێ ئایا یەکێکی تر لەجێی من دانانێن؟

**ئۆریۆردۆن:**– گوێبگرە جۆن: تۆ ئەوە مەکە بە بیانوو کە ئەگەر تۆ نەکوژرێیت یەکێکی تر لە جێت دەکوژنەوە. ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. هەر ئەوەندە لە خوا داواکارین کە زیان بە کەسێکی تر نەگات، بەڵام ئێستا سەلامەتی و ژیان و خۆشەویستیت هەمووی لە ژێر دەستی خۆماندایە، ئیتر ئەوەندەش پێویست بەقسە ناکات... چونکە زۆر بلێیمان مەرگمانی بەدەمەوە دەبێت.

**جۆن:**– مایکل خۆت ئەزانی مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە، چاکیش ئەزانم گەر لە جێی من بوویتایە چیت ئەکرد..

**ئۆریۆردۆن:**– یەکسەر ئەڕۆیشتم.

**جۆن:**– وات نەئەکرد... هەروەکو منت ئەکرد... مایکل وەنەبێ نەتناسم.. لەوباوەڕەدام کە وشەی پەیمانت لا لە هەموو شتێکی تر پیرۆزتر دەبوو... لەوانە بوو لە زیندان ڕاتبکردایە بەڵام لە پەیمانێك کە دابێتت ڕاتنەئەکرد... وانییە؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئەی خوا... جۆن تۆ وائەزانیت من چیم؟ سوێند بە مەسیح بە ئەسپێکەوە غارم ئەکردو بۆی دەرئەچووم و تا سنوور بۆی نەئەوەستامەوە و هەرشتێکیش ڕێی لێ بگرتمایە نەفرەتم لێ ئەکرد.

**مۆلی:**– لە کاتی ئەم گفتوگۆیەی ئێوەدا من بیرم لە ڕێگایەك ئەکردەوە کە ڕزگارمان بکات... ئێستاش گوێم لێبگرن.. بەبێ هیچ موجادەلەیەك من و جۆن یەکسەر بەرەو ئینگلتەرە دەڕۆین.

**جۆن:**– مۆلی.

**مۆلی:**– تاقە پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە باشترین ڕێگای دەربازبوونمان چییە... (**ڕووئەکاتە جۆن**) گەر لە ژێردارێکدا بووین و ڕەشەبا دارەکەی هەڵکەندو خەریکبوو بکەوێت بە سەرماندا، لە ترسدا بازئەدەین و خۆمان لەو مەترسیە دوور دەخەینەوە . حاڵەتی ئێستاشمان شتێکی لەو بابەتەیە... مایکل چی بکەین؟.. ئێستە جۆن بڕوات چۆنە؟

**جۆن:** — ئێستا نا.. لەوەتەی شەڕ دەستی پێکردووە هەرچی تەویلە هەیە لە ژێر چاودێریدایە... تا ئەم کاتەش ئەتوانم بڵێم لە دەوروپشتماندا سەربازی ئینگلیز هەیە...

**مۆلی:** — ڕێ ئاسنینەکە چۆنە؟

**ئۆریۆردۆن:** — ئەویش لە ژێر چاودێریدایە.

**مۆلی:** — ئەی باشە ناتوانێ کاتێ شەمەندەفەرەکە لای ڕەمپەکانەوە هێواشی کردەوە، ئەم سواربێت؟ ... تۆزێك لەملای وێستگەکەوە...

**ئۆریۆردۆن:** — زۆرباشە ... بۆ ناتوانێت.

**مۆلی:** — شەمەندەفەری بارگواستنەوەکە مایکل... سبەینێ بەیانی نزیکەی سەعات شەش بێرەدا تێدەپەڕێ، تیمی پیرەمێرد چاودێرە کە هەر لە منداڵیمەوە دەمناسێت.. ئامادەیە هەمووشتێك لە پێناوی مندا بکات... گوێبگرە جۆنی، من بە شەمەندەفەری ئێوارە بەرەو باشوور بۆ (**کسلتاون**) دەچم.. کە چاویشم بە تیم کەوت پێی دەڵێم لەگەڵت دێم بەرەو باکوور و زۆرشتی تریشی تێدەگەیەنم.

**جۆن:** — خۆشەویستم.

**مۆلی:** پاشان تۆیش لای ڕەمپەکە لەم لای وێستگەکە نزیکەی سەعات شەش ئەبێ پێم بگەیت.. شۆفێرەکە (**بارنی دونان**)ە، **هاوڕێی** تیمە... پێی دەڵێم لای ڕەمپەکە هێواشی بکاتەوە... تۆزێك تووشی ناڕەحەتی ئەبم لەگەڵیدا، بەڵام ئەوە گرنگ نییە.

**ئۆریۆردۆن:** — ناڕەحەتیی ناوێت، بە شتێك بەرتیل قایل دەبێت.

**مۆلی:**– ئیشارەتێکیشت ئەدەمێ کە مانای ئەوەیە هەموو شتێك ئامادەیە.. ئیشارەتەکەش سێ جار شووتی شەمەندەفەرەکەدەبێت... سێ شووت... هەر کەبیستت خۆت هەڵدەرە ناو فارگۆنی چاودێرەکەوە.. لەوێش تیم چایەکی گەرم بۆ خۆم و خۆت سازئەکات.

**ئۆریۆردۆن:**–پلانێکی زۆر جوانە... منیش هەوڵ ئەدەم ئەمە سەربگرێت. هەوڵی ئەوە ئەدەم بزانم لەو کاتەدا کە جۆن ئەیەوێ بڕوات کێ پاسەوان ئەبێت و دەبێ دڵنیاشبم لەوەی کە جۆن بە سەلامەتی دەرئەچێت... جا ئەگەر دێرمۆت پاسەوان بێت زۆر چاکە... وابزانم هەر ئەویشە... گەر پێویستیشی کرد ئەوا دەسەڵاتی خۆم ئەخەمە کار.. هەوڵیش ئەدەین کەس نەمانبینێت... کیلی لێرە نابێت... ئەمڕۆ دەچێت بۆ مەڵبەندی سەرکردایەتی تا ڕاپۆرتەکانی خۆی بدا پێیان... تاوەکو دوانیوەڕۆی سبەینێش ناگەڕێتەوە... ئەو کاتەش ئێوە بۆی دەرچوون و لەسەر ڕێی بلفاست ئەبن... ئای کە بە سۆزەوە بیر لە بلفاست ئەکەمەوە !

**مۆلی:– (بەشێوەیەکی کەمێك هستیری پێدەکەنێت)**

خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ مایکل... ئای... وا ئێستا بۆ جاری دووەم جیهان لە پێشچاوم ڕۆشن بووەوە... ئێستا بەهیوای ئەوەوەم زوو سبەینێ بێت !

**ئۆریۆردۆن:**– هەندێجار هەست ئەکەم بەوەی کە من لەم تاریکییەی خۆمدا ئەتوانم باڵەکانم بەرەو سەرەوە درێژ بکەم و ئەستێرەکان هەر

وەکو لاپەڕەیەکی نووسراو بخوێنمەوە و تیایاندا بڕوانمە دوارۆژ... تاقیی بکەمەوە؟

**مۆلی:**– بەڵێ مایکل... ئادەی.

**ئۆریۆردۆن:**–**(دەستەکانی بەرزئەکاتەوە)** ناتوانم بیانگەمێ.

(**هەموو پێئەکەنن... ئۆریۆردۆن دەستەکانی دائەگرێتە خوارێ... دەستی بەر کەوچکەکەی سەرمێزەکە ئەکەوێت... بەدەستییەوە ئەگرێت**).

**مۆلی:**– چیتە جۆن؟ بۆ وا ماتیت؟ پێ بکەنە خۆشەویستم.. ژیان بەدەممانەوە پێدەکەنێت.

**جۆن:**– مایکل.. چی بکەم؟ ئەو ناوی سێیەمە ئێستاش لە مێشکمدایە... ئەی ئەم ڕاکردنەی منیش تووشی گیروگرفتت ناکات؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئەرێ تۆشێت بوویت؟ لەوە دڵنیابە کە ئەگەر ئەتەوێت بمێنیتەوە یەعنی ئەتەوێت خۆت بکوژیت.. جا ئەگەر ئەتەوێت بمریت ئەوەچاوەڕێ بکە تا شۆن دێتەوە... ئەگەر ئەشتەوێ بژیت بڕۆ... جۆن من دەرك بەو هەستەی تۆ ئەکەم... منیش هەر ئەو هەستەم هەیە.. بەڵام باوەڕت بێ ئەگەر من لە جێی تۆ بوومایە قەناعەتم بەو ڕۆیشتنە ئەکرد.. جۆن .. تۆیش قەناعەت بێنەو لەگەڵ ئاراستەی شەپۆلەکەدا مەلە بکە.. من تووشی هیچ گیروگرفتێك نابم بە هۆی ڕۆیشتنتەوە، دەبڕۆ و با دڵیشت هیچ نەکات.

**مۆلی:**– گیانەکەم جۆن... هەر ئەوەت داوا لێئەکەم بگەیتە شەمەندەفەرەکەمان... بێیت

**جۆن:**– **(پاش ماوەیەك بە زۆر لە خۆکردنەوە)** باشە.

**ئۆریۆردۆن:**– هیچ شتێك وەکو هەواڵی خۆش مرۆڤ نیگەران ناکات، ئادەی مۆلی برۆ هەندێکمان لە ویسکییەکەی تۆلی بۆبێنە..لە خۆشیی خۆمان دەخۆینەوە و جۆنیش سەرحاڵ دەکەین.

**مۆلی:**– بەڵێ باشە **(ئەچێت چەند پەرداخێك ویسکی دەهێنێت)** فەرموو جۆن شتێك بخۆرەوە با تۆزێك سەرت گەرم بێت.. هیچ شتێکی ناخۆشیش ڕوونادات... مایکل کاتێك کە کیلی لێرە نابێت تۆ جێگری ئەو نیت؟

**ئۆریۆردۆن:**– با..

**مۆلی:**– زۆرباشە... کەواتە ترسمان لە هیچ نەبێت... فەرموو جۆن **(پەرداخێکی ئەداتێ)** لە خۆشیی سبەینێ و شەمەندەفەرەکەی بلفاست.

**(هەموو ئەخۆنەوە)**

**ئۆریۆردۆن:**– بەڕاستی مەشروبێکی خۆشە... دیارە تۆلی لەویسکیدا زەوقێکی نایابی هەیە... ئادەی هی تریش **(مۆلی بۆی تێئەکات)..** ئەمەش لە خۆشی ئەو پاپۆڕەی کە لە بلفاستەوە بۆ لیڤرپول دەچێت.

**(ئەخۆنەوە)**

**مۆلی:**– ئێستە چۆنیت جۆن؟

**جۆن:** — هەست دەکەم سەرم سێ پێ لە سەروو شانەکانمەوەیە.. ئەو شووشەیە چیی تێدایە؟

**ئۆریۆردۆن:** — ویسکیی ئێرلەندیی نایاب... مۆلی هەندێکی تری تێکە...

**جۆن:** — ئەمەش لە خۆشیی کێڵگەکەی سەر گردی بروم.

**مۆلی:** — بەڵێ ...

**ئۆریۆردۆن:** — لەوێ نیشتەجێ دەبن... زۆرباشە.. بەدڵێکی شادو پڕ کامەرانییەوە... **(ئەخۆنەوە)...** ئەزانن هەرگیز وازوو مەست نەبووم... شلەژان و مەی کەتێکەڵ بوون کامەمان بە گوڕین ئەمانخاتە ژێر مێزەکەی خۆیەوە... خۆ من نانی نیوەڕۆیشم نەخواردووە **(دوا پێکی هەڵئەداو دەست بە گۆرانی یەك دەکات و لە پڕێکدا ئەوەستێت)** ئەوە خۆ ئەڵێی بە تەواوەتی ئاگامان لە خۆمان نەماوە؟ تۆزێکی تر شۆن ئەگەڕێتەوە. بڕۆن خێرا لێرە مەمێنن... مۆلی ئەو بەزم و ڕەزمەش کۆبکەرەوە **(مۆلی بەقسەی ئەکات)** مۆلی... بڕۆ عەرەبانەکە ئامادەبکە تا فریای شەمەندەفەری ئێوارە بکەویت.. نەهێڵن شۆن بتانبینێ.

**مۆلی:** — ناهێڵین... وا چاکترە خواحافیزی لە یەکتر بکەین، خوا حافیز مایکل گیان... زۆر زۆر سوپاست ئەکەین **(ماچی دەکات، ڕووئەکاتە جۆن)** تاسبەینێ بەیانی خوات لەگەڵ.. ئەوسێ شووتە تا ڕۆژی مردنمان لە گوێماندا ئەزرنگێتەوە. خۆشەویستم ئاگات لە خۆت بێ و وریابە.

**جۆن:** — ئاگام لە خۆم دەبێت **(ماچی یەکتری ئەکەن)**

**مۆلی:– (ئەچێتەلای دەرگاکەوە)** کە شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت تیم بە خۆی و عەرەبانەکەیەوە ئەگەڕێتەوە **(ئەچێتەوە لای جۆن... ماچێکی تر... پاشان ئەچنە دەرێ).**

**(جۆن لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئەکات... بەماتەمینییەوە دائەنیشێ...سەرئەخاتە نێوان هەردوو دەستییەوە).**

**جۆن:**– بەڕاستی ماوەیەکی درێژە.

**ئۆریۆردۆن:**– شەوێکی کورتە و ئەبڕێتەوە.

**جۆن:**– مایکل حەز ئەکەم بەشتێکەوە مەشغوڵبین تا ئەوەندە بیر لە مەسەلەکە نەکەمەوە، ئەگینا دوایی نازانم چی دەکەم و چی ناکەم.. هەرگیز تووشی ترسی وا نەبووم.

**ئۆریۆردۆن:**– نیگەران مەبە.. خۆم پێت ئەڵێم چی ئەکەین.. تۆ وەرە و لە ژوورەکەی من لەسەر سیسەمەکەی من بنوو.. بە نۆرە ئەنووین، تا سەعات پێنج و نیوی بەیانی پاسەوانیی یەکتری ئەکەین... پاشان ئەتگەیەنمە دەرەوە و بۆ خۆت سەربەست ئەبیت. کیلی لێرە نابێت و تا دوانیوەڕۆ ناگەڕێتەوە... تۆش ڕزگارت ئەبێت و لە چاو ون ئەبیت... ئێستاش با بەیاریی شەترەنجەوە خۆمان خەریك بکەین.

**جۆن:**– زۆر باشە.. بەڵام مایکل من ترسم هەیە.. ترسێکی کوێر... دڵم وەك چۆن چەکوشێك بە شتێکدا ئەکێشێت واڵێ ئەدات و سەرتاپای جەستەشم سارد و سڕبووە.

**ئۆریۆردۆن:**– گویّ مەدەریّ... سبەینیّ ئەبیتە پیاوێکی تر و هەرگالّتەت بەمەش دیّ... وردە وردە هێمنیش دەبیتەوە... بەبێدەنگی لێی دابنیشەو با کاژێرەکانیش وەکو لم بە نەرمی بە ناو ناختدا بخزێن.. ئیتر بەبیّ ئەوەی هەستی پێبکەیت بەیانی ئەبێتەوە.. بەلاّم ئێستەش واباشترە خۆت لە چاو ون بکەیت تا کیلی لێرە نامێنێت.. تۆزێکی تر ئەڕوات، دەبڕۆ بۆ ژوورەکەم، تۆزێکی تر منیش دێم.. باشتر وایە کەس پێکەوە نەمانبینێت ... وابزانم دەنگی کیلیش دیّ.. بڕۆ خێرا.

**جۆن:**– لەم شلّەژاویەم ببوورە .

**ئۆریۆردۆن:**– خێرا برۆ.

**(جۆن بەپلیکانەکاندا سەر ئەکەویّ)**

**(مایکل بەبیّ دەنگی دادەنیشێت)**

**(کیلی و سکانلۆن دێنە ژووریّ)**

**کیلی:**– **(قسەی پێشووی لەگەلّ سکانلۆن تەواوئەکات)** پیاوێکی هیچ و پووچ بوو (**ڕووئەکاتە مایکل**) دوو میوانە بچووکەکەت مایکل .

**ئۆریۆردۆن:**– بەلّیّ ڕاست ئەکەیت .

**کیلی:**– تا ئەوساتەی بەجێشم هێشت هەروابوو. تۆزیّ ماتەمینیش دایگرتبوو.. ئەوی تریشیان هەروا گێل بوو.

**سکانلۆن:**– بتپەرستن.. هەردووکیان بت پەرستن.

**کیلی:— (بەرەو ڕووی سەر بۆفیەکە ئەچێت و دەبینێت لە یەکێك لە پەرداخەکاندا هەندێ ویسکیی تیا ماوە)** مایکل هێشتا زوویش بوو بۆ خواردنەوە.

**ئۆریۆردۆن:—** سەربازەکانی تانز ترساندیانم.

**کیلی:—** پێکێکی پڕیشت بۆ من داناوە... سوپاسی هەستت ئەکەم... **(ئەیخواتەوە)** مایکل سەعات پێنج ئەڕۆم و سبەینێ دەگەڕێمەوە.

**ئۆریۆردۆن:—** ئەچیتە لای سەرکردە؟

**کیلی:—** بەڵێ... پێویستە لەوێ بێت.

**ئۆریۆردۆن:—** کەواتە ئەتوانیت چاکەیەکم لەگەڵ بکەیت؟

**کیلی:—** ئەی بۆ نا.. فەرمووو چییە؟

**ئۆریۆردۆن:—** داوای لێ بکە حوکمەکەی جۆن کەم بکاتەوە.

**کیلی:—** داوای لێ ئەکەم بەڵام مایکل من هیچ هیوایەك لەم داواکردنە بەدی ناکەم.. خۆت سەرکردە ئەناسیت.

**ئۆریۆردۆن:—** بەڵێ ئەیناسم.. بەڵام تکای ئەو داوایەت لێ ئەکەم.. پەیمانم ئەدەیتێ پێی بڵێیت؟

**کیلی:—** پەیمانت ئەدەمێ هەر چەند بێهوودەشە... بەڵام مایکل هیچ هیوایەکی پێ مەبەستە.

**ئۆریۆردۆن:—** نەء .. پێی نابەستم.. ئێستەش باشتر وایە بچم بنووم.. خۆ من هەرگیز هەست بە ئارامی ناکەم... سبەینێ ئەتبینم شۆن.

**کیلی:—** خوات لەگەڵ تاسبەینێ ئەتبینم شۆن.

**کیلی:**— خوات لەگەڵ تا سبەینێ **(ئۆریۆردۆن دەڕوات)** ئەم مەسەلەیە زۆر کاری کردۆتە سەر مایکل.

**سکانلۆن:**— چ مەسەلەیەك گەورەم؟

**کیلی:**— تێناگەیت؟ حوکمی کوشتنی ئەفسەر تریگارسن.

**سکانلۆن:**— بۆ ئەیناسێت.. یان چی؟

**کیلی:**— ماوەی سێ مانگ زیاترە لێرە لە ژێر چاودێریی مایکلدایە.

**سکانلۆن:**— توخوا... ئەو کوڕەیە؟! ئەوەیە کە دەیکوژین.. **(بەپەلە)** بەڵێ.. بەڵێ.. نەگبەتییە.. نەگبەتی.

**کیلی:**— ئەی کیوخ و ماجیل و ئۆشیت لە بیرچووەوە؟ کڤین بیرن...؟ ها.. کڤین بیرن!

**(چی کەوچك لە سەرمێزەکە ماوە بە تووڕەییەکی ساردەوە بە دەست دەیانخاتە خوارەوە)** باشە بۆ ئەو؟ وابزانم هەر ئەبوایە دوا هاوڕێی خۆشەویستم بمردایە تا بە تەنیا بمێنمەوە؟

**سکانلۆن:**— **(لە ژێرەوە و بەشەرمەوە)** من لەگەڵتام گەورەم.

**کیلی:**— **(وەك گوێی لێ نەبێ)** بێجگە لە مایکل هاوڕێی ترم نەماوە.. هەرچی خۆشەویستیم هەیە داومە بەو و لە پێناویشیدا هەمووشتێ ئەکەم.. **(لەگەڵ خۆیدا ئەدوێ)** ئێستەش مایکل ئەزانم خۆشترین شت کە لە ژیانتدا بتەوێ چییە؟ بەیارمەتیی خوا ئەو شتەت بۆ جێبەجێ ئەکەم و ئەتدەمێ... بەڵێ.. ئەگەر بۆ هەتا هەتایە لێشم زویربێت.. **(ماوەیەك بێدەنگی)** بەڵام هەرچییەکم کردووە نایەڵم ئامادەی گوللەبارانەکە بێت.

**سکانلۆن:**— گەورەم... ئەوەندە ئەو پیاوە ئینگلیزەی خۆش ئەوێت؟

**کیلی:**— **(گوێ ناداتە پرسیارەکەی)** پێم وت کە بەیانیی شەممە بۆ کوشتنی دیاری کراوە، مایکلیش چاوەڕێی ئەوە دەکات ئەوکاتە فەرمانەکە جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەبێ کاتەکە بگۆڕین و بیخەینە سبەینێ.. بەڵێ.. سبەینێ ئەبێ گوللەباران بکرێن.. سبەی بەیانی زوو، پێش ئەوەی مایکل لە خەو هەڵسێت، ئەگەڕێمەوە... ژوورەکەی تریگارسنیش ئەکەوێتە ئەولای ژوورەکەی مایکلەوە.. لەبەرئەوە مایکل ئاگای لە هیچ نابێ تا هەمووشتێ تەواو ئەبێت... بەڵێ پێویستە وابکەین.

**سکانلۆن:**— کارێکی زەحمەتیشە بە نیسبەت ئەو پیاوە ئینگلیزەوە... تۆ بڵێیت بیەوێ قەشە ببینێت؟

**کیلی:**— ماوەی وەسیەت و شتی تری پێ دەدرێ... بەڵام ماوەی بینینی مایکلی پێ نادرێ... مایکل لە هەموو شتێ بێ ئاگا ئەبێت و کاتێك پێئەزانێ هەمووشتێ تەواو بووە.

**سکانلۆن:**— کارێکی ناخۆشە بەنیسبەت ئەو ئینگلیزەوە.

**کیلی:**— **(بەساردییەوە)** ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بێت مایکلە، ئەو حوکمەی تریگارسن لەدەستی ئێمەدا نییە... و **(لەگەڵ خۆیدا ئەدوێ)** زۆر هۆی تریش هەیە...

**سکانلۆن:**— هۆی تر گەورەم؟

**کیلی:**— **(بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ سەیری دەکات)** تەنها جەنابت لەگەڵمایت؟ هەروەکو تەنیابم وایە...

**سكانلۆن:**— چییە گەورەم؟

**كیل:**— هیچ... سبەینێ بەیانی زوو دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە.. تێگەیشتیت؟ دەستەی گوللەبارانكردنەكە لەگەڵ خۆم دێنم.. پێویست بەوە ناكات كەس لێرە هەڵبژێریت... كە گەڕایشمەوە ئەفسەر تریگارسن لە خەو هەڵئەسێنین و مەسەلەكەی تێئەگەیەنین. ئێستەش ئەبێ بڕۆم بۆ مەڵبەندی سەركردایەتی.

**سكانلۆن:**— كەی گەورەم؟

**كیلی:**— پێش شەش... پاسەوانێكیش بۆ دوو دیلە تانزەكە دابنێ.

**سكانلۆن:**— بەڵێ باشە گەورەم.. سبەینێش زوو چاوەڕێتم..

**(سكانلۆن چاوەڕێی قسەیەكی خۆش لە كیلیەوە ئەكات... كیلی بە چاوەكانی كە وەك بەرد جووڵەی كردوون تێیدەڕوانێت)**

**(سكانلۆن ئەچێتە دەرێ، كیلی ماوەیەك چاوەڕێ ئەكات و بۆ ماوەیەكی زۆر بە ماتییەوە سەیری شوێن ڕۆیشتنەكەی مایكل ئەكات)**

**(شامۆس دێتە ژوورێ.. كیلی نابینێ... بەڵام كەوچكە پەرش و بڵاوەكان بەدی ئەكات)**

**شامۆس:**— ئای ... ئەوە كێ ئەستێرەكانی لە ئاسمان جیاكردۆتەوە؟

**(پەردە دائەدرێتەوە)**

# بەشی سێیەم

بەیانیی رۆژی داهاتوو، نزیکەی سەعات پێنج و نیوە، سەرشانۆ تاریکە.

**(فیلام)** پاسەوانی یەکەم لە دەرەوە دێتەژووریّ.. پەردەکان لائەدات.. رۆشنایی مانگ و رووناکیی بەرەبەیان دێتە ژوورەوە.

**(دێرمۆت)** پاسەوانی دووەم بەخەوالّوویی و بەدەم باوێشکەوە دێتە ژووریّ.

**فیلام:**– ها... دێرمۆت.. هەلّسایت؟..دە دەقیقە ئەبیّ من خەبەرم کردوویتەوە..

**دێرمۆت:**– ئۆ.. و.. وتم ئەبیّ چی بیّ.. جا کێشی دە دەقیقە لە تەرازووی **(ئەبەدیەت)**دا چییە؟

**فیلام:**– من چیم لە تەرازووی ئەبەدیەت داوە.. تۆ وەرە لە تەرازووی حەسحەسیدا بیکێشە بزانە چەند زۆرە. سکانلۆنیش خەبەری بووەتەوە و لای پردەکە چاوەرێت ئەکات، برۆ بۆ ئەویّ و بهێلّە منیش تۆزیّ لێی راکشێم.

**دێرمۆت:**– گوێبگرە!

**فیلام:**– چییە؟ من گوێم لە هیچ نییە.

**دێرمۆت:**– تازە یەکەم باڵندە ئەخوێنێ.. ئەی سکانلۆن چۆنە بەم بەیانییە زووە هەڵساوە؟ تا شەماڵی بەیانی بۆگەن بکا؟ وابزانم بەبێ کیلیی خۆشەویستی خەوی لێناکەوێت؟

**فیلام:**– دەفەرموو! وا خەریکە هەتاویش دەرکەوێ، یەعنی منیش ئیتر ناتوانم بنووم... باشە بۆ کە خەبەرت ئەکەمەوە زوو هەڵناسیت؟

**دێرمۆت:**– تەمەڵی، چاوی من... تەمەڵییە... مرۆڤ لە هەموو شتێکدا بەهرەمەند نییە... لە جێگا قەڵەمبازدانیش یەکێکە لەو بەهرانەی کە من نیمە. هەمیشە من و کەڵەشێر دواکەسین کە لەخەو هەڵئەستین.

**فیلام:**– باشە وا ئەچم تۆزێك بخەوم... هیچ نەماوە نەیکەم.

**دێرمۆت:**– قەت چاودێریی تەمەڵیی کەڵەشێرت کردووە؟ هەر ئەوەندە کە ڕووناکیی بەرەبەیان دەرکەوت، گوێت لە یەکەم باڵندە دەبێت کە بەخەواڵوویی دەست بەزیقەزیق ئەکات، پاشان هاوڕێیانی دەچنە پاڵی تا بەم جۆرە هەموو کۆرسەکە خەبەریان دەبێتەوە و دەست ئەکەنە گۆرانی بۆ ڕزگاربوونی ڕووناکیی بەیانی لە تاریکیی شەو.. دوای هەموویان کەڵەشێر لە خەو هەڵئەستێ و بە قووقە قوقەکەی کە لە دەسرێژدەچێت ڕۆحی هەموویان ئەبات.

**فیلام:**– ئەوە بۆ نایەیت لامەوە دانیشیت و قسەم بۆ بکەیت تاخەوم لێ ئەکەوێ...

**دێرمۆت:**– نا پێویست ناکات... ئەو بەهرەیەم هەیە کە ئەگەر دەستم بە قسەکرد ناهێڵم کەس خەوی لێ بکەوێت.... بەهرەیە.

**فیلام:**— باشە شەوباش... هیوادارم پاسەوانییەكەت هێمن بێت.

**دێرمۆت:**— بەیانیت باش .. دڵنیابە پاسەوانییەكی پڕهات و هوریا ئەبێت بە بۆنەی لەخەو هەڵسانی باڵندەكان و.. كەڵەشێرەكەوە.

**(فیلام ئەچێت بۆ نوستن... دێرمۆت فونیش كە هاوڕێی كۆنی ئۆریۆردۆن بووە لە دوورگەی ڕۆژئاواوە)** لە پەنجەرەكەوە بۆ ماوەیەكی درێژ ئەڕوانێتە دەرەوە... بە تەمەڵییەوە ئاوڕێكی دواوە ئەداتەوە... لەبەر خۆیەوە ورینگە ورینگی گۆرانیی دێت **(بۆ ماوەی سەعات و چارەكێك ژنەكەتم پێ ناسپێریت؟ ئاخ بۆ تامی بیرەی زەرد و قاوەیی)**

**ئۆریۆردۆن:**— **(لەسەر پلیكانەكانەوە... بەدەنگێكی نزم)**.. دێرمۆت.

**دێرمۆت:**— مایكل! .. چۆنە لە خەو هەستاویت. چی ڕووی داوە؟

**ئۆریۆردۆن:**— دێرمۆت... كەس گوێی لێمانە؟

**دێرمۆت:**— نەخێر... ئێستە فیلام نوست.

**ئۆریۆردۆن:**— ئەتوانیت یارمەتیم بدەیت؟

**دڕموت:**— ئەی بۆ ناتوانم.. چی ئەفەرموویت بێڵێ. وابزانم ئەتەوێ یارمەتیت بدەم كە تریگارسن بڕوات؟

**ئۆریۆردۆن:**— تۆ بڵێی ئەوەی لە دڵمدایە ئاوا بەڕوونی لە دەموچاویشمدا دیاربێت؟

**دێرمۆت:**— تەنها بۆ من مایكل.. بیرم لەوە دەكردەوە چەند تێدەپەڕێت تاداوای ئەوەم لێ ئەكەیت... ئابێدەنگ بە.. هیچ نییە، وامزانی فیلام خەبەری بووەتەوە، بەڵام دیارە دڵی نایەت جێگەكە كە

تاقە خۆشەویستەکەیەتی لە ژیاندا جێی بهێڵێت... فەرموو ئێستا چی بکەم؟

**ئۆریۆردۆن:- (بەسووکی جۆن بانگ ئەکات)**

**جۆن!.. (جۆن دائەبەزێ)**.. ئەمە دێرمۆت فۆنە.. ئەمە یارمەتیمان ئەدات.. پێم نەوتیت دڵی من ناشکێنێت؟

**دێرمۆت:**— ئۆ... لە چیمەنەکەدا سڵاومان لە یەکتری کرد... ئەم بەیانی یەش ئەبین بە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی.

**جۆن:**— بەڵێ... سوپاست ئەکەم.

**دیرمۆت:**— شایانی نییە.. من ئەو ساتە بەختەوەرم کە بتوانم پلانێکی شۆن کیلی هەڵبوەشێنمەوە.. مایکل نازانم چۆنە تۆ خۆشت ئەوێ... ئەو خۆی بەگەلێك ڕاست و بێ هەڵە دائەنێت بەڵام لە ڕاستیدا سەرچاوەی مەترسییە بۆ هەموو هاوڕێکانی.

**ئۆریۆردۆن:**— ئەتوانین ئێستە بڕۆین دێرمۆت؟ چاوەڕوانیی ئەمشەو گیانمانی دەرکێشا.

**دێرمۆت:**— بەڵێ ئەتوانن.. ئۆو.. بەڕاست فیلام وتی سکانلۆن لای پردەکەوە وەستاوە و چاوەڕێ دەکات.

**ئۆریۆردۆن:**— سکانلۆن!! ئیشی چی یە لەوێ؟؟

**دێرمۆت:**— **(بەگاڵتە پێکردنەوە)** وابزانم ئەیەوێ ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ کە کیلی دێتەوە لە کاتی خۆیدا بیبینێت؟

**جۆن:**— باشە ڕێگەیەکی تر نییە بێجگە لە ڕێگەی پردەکە؟

**ئۆریۆردۆن:**— نەخێر.. نییە.

**دێرمۆت:**— بەڵام خەمتان نەبێ.. ئەچم و لەپردەکە دووری ئەخەمەوە... ئیتر کارەکەمان مەیسەر دەبێت.

**جۆن:**— ناتوانین بڕۆین تا ئەو کارە نەکەیت.. چونکە لە پردەکەوە چاوی لە هەموو جووڵەیەکە.

**دێرمۆت:**— هیچ دڵ لە دڵ مەدە... زمانی لووست بۆ ئەخەمەکار و لەوێوە وەکو گا پێش خۆمی ئەدەم و دووری ئەخەمەوە.

**ئۆریۆردۆن:**— جا.. کەی؟ شەمەندەفەرەکە نیوسەعاتی تر دەگات.

**دێرمۆت:**— تەنها دە دەقیقە مۆڵەتم بدە، پاشان ڕێگاکە لە بەردەمتاندا چۆڵ دەبێت. سکانلۆن ئەو پیاوە نییە بەرگەی بەهرەکانی من بگرێت، ئەوسا خوا ئاگادارت بێت تریگارسن تا ئەگەیتەوە ئنگلتەرە.

**جۆن:**— سوپاست ئەکەم

**(دێرمۆت ئەچێتە دەرەوە)**

**جۆن:**— دە دەقیقە...!!

**ئۆریۆردۆن:**—... نە ئەوەشیان و نە ئەمەشیان، دوێنی دەقیقە لامان وەك مێشی هاوین سووك بوو، ئێستەش کێشی هەر دەقیقەیەك سەد مسقاڵ چاوەڕوانیی قورسە.

**جۆن:**— هەروەها سارد و سڕیشە.

**ئۆریۆردۆن:**– ماوەیەك ئەڕوات پێش ئەوەی هەست بە هاوین بکەین... سەعات پێنج و نیوی بەیانیش سەعاتێکی دڵساردە، هەر خوا ڕەحمی کرد کە ئەو تۆزە خەوەشمان لێکەوت.

**جۆن:**– بەڵێ ڕاستە، جا ئەم سەعاتەش زۆر ترسێنەرە؟ تێبینیی ئەوەت کردووە؟ لە کاتی جەنگدا نزیکەی ئەم کاتانە هەموو جۆرەکانی ترسم دەچەشت، بۆیە تەنانەت ڕووناکیی بەیانیش و... تارماییيە پیرۆزەکانی شەویش نزیکم نەئەکەوتنەوە.

**ئۆریۆردۆن:**– بێگومان هەر سەعاتەو خاوەن ڕۆحێکە و دەیپارێزێت، ئەم ڕۆحەش لە باش ناچێت.

**(بە ڕووخۆشیەوە تا دڵی جۆنی بداتەوە)** لە بیرمە ماوەیەك لەمەوبەر جۆرە سەعاتێکی نوێم دروست کرد، هەر سەرە سەعاتێکیش تیایدا بە ژمارە دیاریم نەکردبوون، بەڵکو بەناو، بۆ نموونە: سەعاتی هەنگ یان سەعاتی سەقاقوش، یان کوندەپەپوو. دێتەوە بیرم ئەم سەرە سەعاتەی ئێستا ناوی سەعاتی شەیتان بوو.

**جۆن:**– باسی ئەو سەعاتەتم بۆبکە، تا کاتەکە بەسەربەرین.

**ئۆریۆردۆن:**– شت لەوە باشتر نابێت. بیرۆکەیەکی تابڵێیت جوان بوو. ڕووی سەعاتەکە لە دوو بازنەی مینا پێکهاتبوو کە لە ناویەکدابوون.

**جۆن:**– ئێ..؟

**ئۆریۆردۆن:**– ئەوەی ناوەوە مینای ڕەش بوو کە تەرخان بوو بۆ سەعاتەکانی شەو، ئەوەی دەریشەوە مینای سپی بوو کە تەرخان بوو بۆ سەعاتەکانی ڕۆژ.

**جۆن:**– بەلام بە گوێرەی ساڵەکان و وەرزەکان سەعاتەکانی ڕۆژ دەگۆڕێن.

**ئۆریۆردۆن:**– بۆ خاتری خوا جۆن.. تا ئەم ڕادەیە پرۆتستانت مەبە ! من پێم وتیت کە مەبەستەکە ئەوە نەبوو کە سەعاتێکی جوان بێت، ئەمە بیرۆکەیەکی جوانە بۆ دروستکردنی سەعاتێك.

**جۆن:**– ئۆو... تێگەیشتم. باشە بۆ ڕۆژ دەبێ بۆ دەرەوەبێت؟

**ئۆریۆردۆن:**–ئەی بۆ نا؟ ئەوسا زۆر منالّ بووم و سەیری خۆرهەلاتم دەکرد. بەهەرحالّ لەبری ژمارە، هەموو سەعاتێك بە مینایەکی بچکۆلە دیاریکرابوو، وێنەی کوندەپەپوویەك یان تاوسێك یان ئەژدیهایەك و یان هەر ناوێکی تر کە لەگەلّ ئەو سەرە سەعاتەدا بگونجێت. تێدەگەیت؟ ئەمە شتێکی جوان نیە تا لەسەر ڕەفەی ئاگردانێك دایبنێیت؟

**جۆن:**– هەر بەڕاستی جوانە. دەی باسی سەعاتەکانم بۆ بکە تا ئەو دەقیقانەی ماون تێپەڕن.

**ئۆریۆردۆن:**–شتەکانم هەموو بیرنەماوە. نیوەڕۆ سەعاتی پڵنگ بوو، لەبەرئەوەی بەهێزبوو و وای لە مرۆڤ دەکرد خەوی بێت و تیشکێکی زەردی گەرمی هەبوو کە دەبووە مایەی سێبەری ڕەش و سارد.

**جۆن:** ئافەرین... دڵنیام سەعاتەکانی ترت وەکو ئەم سەعاتە جوان نەبوون.

**ئۆرپۆردۆن:** —نەخێر، بەبیرم دێ سەعات حەوت یان هەشتی ئێوارەش سەعاتی سەقاقوش بوو. چونکە سەقاقوش لە تەبیعەتیدا لە ئێوارە دەچێت. وانییە؟

**جۆن:** — بەڵێ وایە. زۆریش وایە. ئەستێرەکانیش بەژوور سەریەوە و لە ژێریدا... ئەویش وەکو کەشتیەکی سپیی هێمن...

**ئۆرپۆردۆن:** — یان وەکو پاشای دوو ئاسمان بێت.

**جۆن:** — یان وەکو ئەوەی سەقاقوش بێت!

**ئۆرپۆردۆن:** — (**پێدەکەنێت**) بەڵێ..

**جۆن:** — ئەی ئەم سەعاتە هی شەیتانە؟

**ئۆرپۆردۆن:** —بەڵێ سەعاتی شەیتانە.. سەعات چەندە؟

**جۆن:** — هێشتا پێنج دەقیقە تێنەپەڕیوە.

**ئۆرپۆردۆن:** — شەیتان زۆر بەخاوی هەنگاو دەنێت. کوا باڵەکانی؟

**جۆن:** — ئۆو.. هیوادارم سبەینێ سەعاتی سەقاقوش بێت. نا... ئەمڕۆ، ئیدی لە فڕینی سەقاقوش خێراتر دەڕوات... دەمەوێ بجووڵێمەوە.. هەواکەی زۆر ساردە.. ئەوە کام گۆرانی‌یە بوو کە سەبارەت بە سەقاقوشی ئێواران بوو و جارێکیان بۆت وتین؟

**ئۆرپۆردۆن:** — گۆرانیی (**جاست لە بازاڕدا**).

**جۆن:** — بەڵێ زۆرباشە... بە نەرمی بۆم بڵێ... گۆرانییەکی خۆشە.

**ئۆریۆردۆن:**– بەم وەختە دەنگم وەكو قیڕەی بۆق ئەبێ كە بە شەو دەقیڕێنن. شەیتان حەزی لە گۆرانی نییە.

**جۆن:**– وا باڵندەكان ئەخوێنن، ئێمەش بۆ وەكو ئەوان نەكەین.

**ئۆریۆردۆن:**– باشە.. بۆ كات كوشتنەكەش باشە

**(گۆرانی ئەڵێت و سازەكەش ئەگرێ بە دەستییەوە و لێ ئەدات)**

كیژۆڵەكەی دەزگیرانم

هاتە لام پێی ڕاگەیانم

وتی نەدایكم نە باوكم

ڕێم لێ ناگرن بێم بۆ لای تۆ

ئینجا تۆزێك دووركەوتەوە و وتی

هەندەی پێ ناچێ ئازیزم

كە بەبووكی دەمبەن بۆ تۆ (7)

**جۆن:**– (**وەك لەگەڵ خۆی بدوێ**) هەندەی پێناچێ ئازیزم!

**ئۆریۆردۆن:**– ئای كە ساردە... جۆن، هەمیشە چای پاسەوانەكان لەسەر ئاگرەكە ئامادەیە.. لای دەرگاكەوە... با سەر و كوپێ بخۆینەوە.. بەهێمنی بڕۆ.

**جۆن:**– بەڵێ زۆر باشە.

---

(7) لە گۆرانییەكی كۆنەوە لە نوسینی (بادریاك كولم)

**(جۆن ئەچێتە دەرێ... مایکل باڵی خۆی ئەجووڵێنێتەوە تا گەرمی بێتەوە، لەپڕێکا جام دەبێت.. فیلام کە خەریکی گۆڕەوی لە پێکردنە دێتە ژوورەوە مایکل لە جێی خۆی ڕەق ئەبێ)**

**فیلام:** — چۆنیت مایکل... خێرە بەم بەیانییە زووە هەڵساویت؟

**ئۆریۆردۆن:** — بەڵێ... بەڵێ.. هەر خێر دەبێت... خەوم زڕابوو... هیچ نییە بچۆرەوە جێگاکەت...

**فیلام:** — ئەی چا ناخۆیت بۆت بێنم؟

**ئۆریۆردۆن:** — نا... نا سوپاس.. وا دێرمۆت بۆم دێنێت..

**فیلام:** — دێرمۆت! ئای کە تەمەڵ و خەو خۆشە! نیوەڕۆ خەبەری ئەبێتەوە... هەر ئەوەندەش خەبەری بووەوە بەردەبێتە چا خواردنەوە! یەکێك نەزانێت ئەڵێ هەبێت و نەبێت لە باخەڵی ژنێکدایە بۆیە وا درەنگ لە خەو هەڵئەسێت... ئێستە مستەر ئۆریۆردۆن دڵنیایت لەوەی کە فەرمانێکت نییە تا بەجێی بێنم؟

**ئۆریۆردۆن:** — نە... نە... هیچ کارێکم پێت نییە سوپاس، لەوانەیە لەگەڵ دێرمۆتدا بڕۆم و پیاسەیەکی بۆ بکەم... بچۆرەوە جێگەکەی خۆت... خوا ئاگای لێت بێت و خەوێکی خۆش.

**(فیلام ئەڕوات)**

**ئۆریۆردۆن:** — **(بەهێمنی)** ئای مەسیح!

**جۆن:** — **(لە دەرگاکەی ترەوە)** دڵت هیچ نەکات.. ڕۆیشت.

**ئۆریۆردۆن:** — بەڵێ.. نایشگەڕێتەوە... زۆربەی کات من و دێرمۆت پێکەوە گۆرانی دەڵێین.. لەبەرئەوە ئەمە بەشتێکی سەیر نازانێت.

**جۆن:** — (**کوپێك چای کوڵاوی ئەداتێ**)

فەرموو... ئەمە بخۆرەوە... چایەکی خۆشە.

**ئۆریۆردۆن:** — (**ئەیخواتەوە**) بەڕاستی بەتامە.

**جۆن:** — ئەی چا بە تامەکەی دوێنێ بەیانیشت لەبیرماوە کە مۆلی بۆی لێ نابن؟

**ئۆریۆردۆن:** — زۆرچاکم لە بیرە... یەکەم چا بوو کە لە جیهانە تازەکەماندا خواردمانەوە.. وانییە؟

**جۆن:** — ئەم چایەشمان بەتامە...

**ئۆریۆردۆن:** — بەڵێ وایە... سەعات چەندە؟

**جۆن:** — حەوت دەقیقە و نیومان ماوە.

**ئۆریۆردۆن:** — خوایە... کەی تەواودەبێت؟

**جۆن:** — تۆ بڵێی دێرمۆت لە کارەکەیدا سەکەوتوو بووبێت؟

**ئۆریۆردۆن:** — دڵنیابە.. من بەبێ سێ و دوو ژیانی خۆم ئەخەمە ژێردەستەوە... ئەوەندە لێی پشت ئەستوورم.

**جۆن:** — باشە... با گوێمان لە پاشماوەی گۆرانییەکە بێت... هەر ئەوە دەتوانێ وەختەکەمان پڕ بکاتەوە.. ئێستە گەروویشت گەرم و گوڕە.

**ئۆریۆردۆن:** — بڕگەی دووەمی گۆرانی یەکە مراوی یەکەت

دەخاتە دەریاچەوە... بەم جۆرە...

(**گۆرانی دەڵێ**)

دوورە پەرێزلە من وەستا

تا لە باژێر پیاسەبکا

بەلەنجەولار بە م لاولادا

دەڕۆیشت و منیش بە دوایدا

پاشان بەرەومالّ ڕووی وەرگێڕا

تەنها ئەستێرەیەکیش بە ئاسمانەوە دەدرەوشا

مراوییەکەش مەلەی دەکرد لە دەریاچەکەدا...

(**لە پڕێکدا**)... ئەوەچی بوو؟

**جۆن**:— گوێم لە هیچ نەبووە؟

**ئۆریۆردۆن**:— لە دەنگی کونەپەپوو دەچوو کە دێرمۆت لە کاتی تەنگانەدا بەکاری دەهێنێت، گوێ بگرە..

**جۆن**:— هیچ نییە... لەوانەیە کونەپەپوویەکی ڕاستەقینە بێت.

**ئۆریۆردۆن**:— .. لەوانەشە وا بێت..

**جۆن**:— (**لەپەنجەرەکەوە**) هیچ نابینم (**سەیری کاتژمێرەکەی دەکات**) یەك دەقیقەمان ماوە... با کاتە دیاریکراوەکە بێت پەیدادەبێ...

**ئۆریۆردۆن**:— دوابڕگەی گۆرانییەکەو ئینجا وەختی ڕۆیشتنیشت دێت..

(**گۆرانی دەڵێ**)

شەوی ڕابردوو هات بۆ لام..

خۆشەویستی سەفەرکردووم هاتە لام...

زۆر بە هێوری بێ چرپە

بێدەنگی پێ هات بەخشپە

(**لەپڕدا ئەوەستێ**) ببوورە... وامزانی دەنگەکەم بیستەوە

(**دەست بە گۆرانی وتن ئەکاتەوە**)

دەستەکانی کردە ملم

پێی وتم خۆشەویستم

زۆری نەماوە ئازیزم، زەماوەندەکەی من و تۆ

**(لەپڕدا هەڵدەستێ و بەرەو دەرگاکە ئەڕوات.. دەرگاکە دەکرێتەوە و کیلی و سکانلۆن دێنە ژوورێ، کیلی دەست ئەخاتە سەرشانی ئۆریۆردۆن، ئۆریۆردۆن هاوارێك دەکات)**.

**کیلی**:– مایکل.. پێم ناخۆشە بەخەبەریت، بەهێمنی هاتمە ژوورێ تا خەبەرت نەکەمەوە.

**ئۆریۆردۆن**:– چی دەکەیت لێرە؟ بۆ گەڕایتەوە؟ تۆ وتت دوانیوەڕۆ دەگەڕێمەوە... دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ... (**ڕووئەکاتە جۆن**) جۆن... ئەرێ من شێت نەبووم؟ توخوا پێم بڵێ.. کیلی لێرەیە یان من تێکچووم؟

**کیلی**:– بەڵێ مایکل.. کیلی لێرەیە.

**ئۆریۆردۆن**:– باشە مانای چی بەم بەیانییە زووە وەکو مێردەزمە خۆت دابەسەرماندا؟ ئای خوایە... من سەرم لێ شێواوە... جۆن.. بۆ

قسەناکەیت؟ تۆ لەلامەوەیت یان نە ؟ نە.. وەڵام نادەیتەوە.. خوایە ئەمە خەو بێت... دەی خەبەرم بێتەوە... خەبەرم بێتەوە تابزانم کە جۆن وا لای جێگەکەوە پاسەوانی دەکات و وەختی ڕۆیشتنەکەش هاتووە.

**کیلی:**— لەوپەڕی هۆشیاریدایت مایکل... پێشم ناخۆشە چونکە هەندێ هەواڵی ناخۆشم لەگەڵ خۆم پێیە دەربارەی هاوڕێکەت، من وتم ئەو نوستووە و ئاگای لە هەواڵەکە نابێت . داوای وەستانی فەرمانەکەم کرد بەڵام ڕەفزیان کرد... (**ڕووئەکاتە جۆن بۆ فەرماندانێکی ڕەسمی**)

فەرمانی گوللەبارانەکەتم پێیە کەلەلایەن دەسەڵاتدارێتیی باڵاوە دراوە و کارەکەشیان بە من سپاردووە، کاتی دیاریکراو بەرەبەیانیی هەینیدیە، سێی نیسان.

(**ماوەیەك، بێدەنگییەکی سەیر**)

**جۆن:**— هەینی؟ بەڵام هەینی ئەمڕۆیە..

**کیلی:**— بەڵێ.. هەینی ئەمڕۆیە و ئەوەندەشی نەماوە خۆر هەڵبێت.

**ئۆریۆردۆن:**— شۆن.. بێگومان تۆشێتیت.. بۆ ئەتەوێ ئازارمان بدەیت؟ بە گوێی خۆم گوێم لێت بوو کە وتت شەممە... شەممەیش سبەینێیە.

**کیلی:**— ئەزانم... بەڵام ئەوەتا فەرمانی سەرکردایەتی دەڵێت هەینی... ئەمڕۆش هەینییە... هەر چەند کارێکی سەختیشە بەڵام ئەبێ بەپێی فەرمان جێبەجێی بکەین، چارنییە...

**ئۆریۆردۆن:**— (**به لاوازی و بێهێزییەوه**) بەڵام... من...

**کیلی:**— (**ڕووئەکاتە جۆن**) دووقەشەمان لەگەڵدایە، لەدەرەوەن، یەکێکیان پروتستانتەو ئەوی تریان کاسۆلیکە.. ئەتەوێ بچیتە لای کامیان؟ (**وەڵام نییە**) ئەتەوێ بچیتە لای کامیان؟

**جۆن:**— (**بەگاڵتە پێکردنەوە**) کامیان؟

**کیلی:**— قەشە کاسۆلیکەکە یا پروتستانتەکە، ئەچیتە لای یەکێکیان؟

**جۆن:**— نەخێر.

**سکانلۆن:**— (**بەنەرمی**) لەوانەیە دوایی بتەوێ بچیتە لای یەکێکیان!

**کیلی:**— ئێستەیش دەتوانیت دواشت چیت هەیە لەنامەیەکدا بینووسیت... ئێمەش ئەیگەیەنینە جێ... جا وا بەباش دەزانم بچیتە ژوورێکی تر... سکانلۆن، ئەفسەر تریگارسن بەرە و چیی داواکرد بۆی بەجێ بێنە؟

**سکانلۆن:**— بەسەرچاو گەورەم... فەرموو وەرە لەگەڵمدا.

(**سکانلۆن لەگەڵ جۆنی حەپەساودا ئەچنە دەرێ**).

**ئۆریۆردۆن:**— (**پاش ماوەیەك بێدەنگی**) شۆن.

**کیلی:**— بەڵێ...

**ئۆریۆردۆن:**— بێجگە لە خۆم و خۆت کەسی تر لە ژوورەکەدایە؟

**کیلی:**— نەخێر... کەس.

**ئۆریۆردۆن:**— تەنها هەردووکمانین.

**کیلی:**— هەردووکمان و بەس.

**ئۆریۆردۆن:**– شۆن... نازانم تۆ بۆ ئەم بەزمەت بەسەر ئێمەدا هێنا؟ تەنانەت خواش نازانێت بۆ؟ ئەزانیت ئەم هیوابڕینە چ تاڵاو خواردنێکە.

**کیلی:**– لەم حاڵەتانەدا هیچ هیوایەك بەدی نەدەکرا مایکل... ئەوەم پێم وتیت...

**ئۆریۆردۆن:**– بەڵکو بە دی دەکرا... ئێستەش بە دی دەکرێ... من هەرگیز هیوا بڕاو نیم!

**کیلی:**– ئیتر با بەس بێت مایکل، ئەوەندە ئازاری خۆت مەدە... ئەوەندەت ئازار چەشتووە کە بەس بێت.

**ئۆریۆردۆن:**– شۆن.. هەموومان ئەوەندەمان ئازار چەشتووە کە بەس بێت... هەمووەمان.. ئیتر بۆ کارێکی وایش بکەین کە زیاتر ئازار بچێژین؟ تۆ ئەتوانیت ڕزگارمان بکەیت، تاقە وشەیەك لە دەمت بێتە دەرێ، ئیتر جۆن ئەتوانێ لە مردن ڕزگاری بێت... منیش هەروەها لە کارەساتێك ڕزگارم دەبێت کە لە کارەساتی چاو کوێربوونەکەم ناخۆشترە و تۆیش لە پەشیمانی و حەسرەت دوور ئەکەویتەوە، شۆن ئەم جارە هەستی پێدەکەیت... خۆت دەڵێیت گوایە بەدرێژایی ژیانت. هەستت بە پەشیمانی نەکردووە، بەڵام ئەم جارەیان هەستی پێدەکەیت شۆن... هەستی پێدەکەیت...

**کیلی:**– لەوانەیە لەم دواییانەدا هەستی پێبکەم بەڵام ئەوەیش بەشێکە لەو نرخەی کە دەبێ بیدەم.

**ئۆریۆردۆن:**– نرخ؟ نرخی چی... هی چی؟

**كيلى:** — ناتوانم وەڵامى ئەمەت بدەمەوە مايكل.

**ئۆريۆردۆن:** — شۆن... تۆ هەست بەو هێزە پەنهانە ناكەيت كە لە پشتى ئەو تاقە وشەيەوەيە كە لە زارتەوە دێتە دەرێ... جۆن و مۆلى بەتەمابوون زەماوەند بكەن، ئەى ئەوە نازانيت؟

**كيلى:** — ئەيزانم.

**ئۆريۆردۆن:** — ئێستەيش يارمەتيم ئەدا تا بڕوات و لێرە نەمێنێت ... ئەزانيت..؟

**كيلى:** — ئاگادارى ئەوەشم.

**ئۆريۆردۆن:** — ئا لەم ساتەدا مۆلى بە شەمەندەفەرى بەيانى دێت كە پاش چارەكێكى تر دەگات، شۆن ئا لەم ساتەدا مۆلى دڵى بارێك هيواو خۆشەويستيى هەڵگرتووە كە دڵێكى بچووكى وەك دڵى ئەو بەرگەى ناگرێت.. جا كە گەيشتنە ئێرە ئەبێ ئيشارەتێك بدات ئەويش سێ جار دەنگى شووتى شەمەندەفەرەكەيە و ئەيشبێ جۆن لاى ڕەمپەكەوە بازبداتە شەمەندەفەرەكەوە، پاشانيش بەڕێى دەرياييدا بەرەو ئينگلتەرە بڕۆن.. ئەوە پيلانى ڕۆيشتنەكەيان بوو شۆن.. ئێستەيش كە تۆ لە جياتى ئەوەى پاش نيوەڕۆ بێيت ئێستە هاتوويت، چەندەها نەوە لە منداڵان و نەوەى ئەوانيش دەستيان بە هەناسەيانەوە گرتووە تا بزانن ئايا دێنە ژيانەوە يان نا... جا شۆن تەنها وشەيەك لە تۆوە و ئەو نەوانە دەژين .. يان وشەيەكى تر و ئەوان نايەنە ژيانەوە.. ئەوە ئەو هێزە پەنهانەيە كە لەو وشەيەى تۆدا هەيە... وەكو وشەيەكە لەلايەن خواوە

بکرێ شۆن... تۆ ئەتوانیت ژیان بە مرۆڤ ببەخشیت (**کیلی وەڵام ناداتەوە**) شۆن... کوایت؟

**کیلی:**– ئەوەتام.

**ئۆریۆردۆن:**– هەروەها چەندەها مرۆڤی تریش هەن کە چاوەڕێی ئەو وشەیەتن.. مۆلی چاوەڕێ دەکات... باوکی جۆن، منیش... ئێستە سوێندت ئەدەم بەو خۆشەویستییەی کە لە نێوانماندایە.. ئەشزانم کە خۆشەویستییەکی بەهێزە... سوێندت ئەدەم کە ڕووت بەو لایەی تردا وەربگێڕیت و ڕێگە بە جۆن بدەیت بڕوات.

**کیلی:**– مایکل تۆ هەموو لۆمەی بڕیارەکە مەخەرە سەر من... خۆت دەزانیت کە لە جەنگدا ،ئەوەیشت لە یادنەچێ کە ئەمە جەنگە.. کێ دەمرێ؟ ئێمە نازانین... تەنها ئەوەیە ئێمە... هەردووکیشمان پێکەوە ئەو کارەمان ئەنجام داوە، لوولەی تفەنگەکان وەرئەگێڕین و دەست بە پەلەپیتکەکەدا دەنێین.. ئیتر نازانین گوللەکە بەر دڵی کێ دەکەوێ و کێ ئەپێکێت! ئەمەیان خوا ئەزانێ... ئێمە فەرمانمان دەدرێتێ و ئەبێ بەجێی بێنین... ئیتر ئەو ئازار و خەمانەی لە ئەنجامی فەرمانەکەوە دروست دەبن بۆ ئەوانەی کە دەیانکوژین، نابینرێن... لەم حاڵەتەی ئێستەیشماندا تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەوەی دەمانەوێ بیکوژین لەبەرچاوماندایە... نابێ ئەمەش وامان لێ بکات دڵنەرم بین، بەڵکو پێویستە توندوتیژتر فەرمانەکە بەجێبێنین.

**ئۆریۆردۆن:**– بەڵام بارەکە زۆر جیاوازە شۆن... لە جەنگدا... یا ئەکوژم یان ئەکوژرێم، خوێنمان گەرمە داوای بەزەیی خوا ئەکەین... بەڵام ئێستە خوێن ساردە.. کە بشکوژین مانای ئەوەیە خۆمان کاری کوشتنەکەمان هەڵبژاردووە و ئەنجاممان داوە...گوێبگرە شۆن، من ئەزانم تۆ خاوەن تەبیعەتێکی ئاسنینیت.. لەوانەیە هەر ئەمەش وای لێکردبیت سەربازێکی جەسوور بیت بەڵام مشتە کۆڵەی ئەم تەبیعەتە ئاسنینەت لەسەر خۆت زۆر بە هێزترە وەك لە سەر خەڵکی تر، لەبیرمە کە دوێنێ وتت زیاتر لە دە ساڵە ڕووم نەکردۆتە کڵێسە و وتیشت کە ناتوانیت لەو تەبیعەتەت ڕزگارت بێت... تۆ بەدرێژایی ژیانت و پیاوەتیتەوە تەبیعەتەکەتت کردووە بە زرێیەك و خۆت تیایدا حەشارداوە... تەنها جارێك چییە ئەو زرێیەت فڕێ نەداوە تا چاوپۆشی لە کارێك بکەیت کە خۆت بە ناڕەوای ئەدەیتە قەڵەم... بەڵام هەر ساتێ بێت ئەبێ لەو زرێیەت بێیتە دەرێ، ئەگینا ئەقڵت تێك دەشکێ و دڵت دەوەستێ. باشە بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە، گەر ڕێت بە جۆن دا بڕوات چ خەوێکت لێ تاڵ دەبێت، چیت لە کیس دەچێت؟ باشە با وادانێین تۆ ئێستە نەهاتیتایە و سەعاتێکی تر بهاتیتایە... یا ئێمە بە نیو سەعات پێش هاتنی تۆ بڕۆیشتینایە... ئەوسا شانێکت بۆ بائەدا و سووکە بزەیەك ئەیگرتیت و ڕاپۆرتێکت بۆ سەرکردایەتی دەناردو دەتوت باڵندەکە فڕی... نازانم چی وات لێ ئەکات تاقە داوایەك کە لێمکردویت و

هیچی ترت لێ داواناکەم، بۆم بەجێنەهێنیت؟.... بەناوی خوا و ناوی خۆشەویستییەوە تکات لێ ئەکەم ژیانی هاوڕێکەمم بدەیتێ...

**کیلی**:- مایکل گەر مەسەلەکە هەروا ئاسان بووایە هیچ بگرە و بەردەیەکم لەگەڵ نەدەکردیت... زیاتر لە تەبیعەتێکی خۆمم لە پێناوتدا دەگۆڕی.. هەرچەندە ئێستەیش هەر وامکردووە گەر بزانیت... تۆ نەخۆشیت مایکل، نایشتوانی ڕێگەو چارەنووسی ڕاستی خۆت بزانیت وەك من ئێستە ئەیزانم.

**ئۆریۆردۆن**:- ڕێگەو چارەنووسی ڕاستم ناوێت!.. بەهەر حاڵ کەسیش چارەنووسمان نازانێ بێجگە لە خوا! نەمن و نەتۆ ئەتوانین لەم ساتەی تیایدا دەژین زیاتر بزانین لە داهاتوو... جۆن وا لە قاتی سەرەوە دەنووسێت.. مۆلیش وا لە شەمەندەفەرەکەدایەو بەپێی لێدانی تایە ئاسنینەکانی شەمەندەفەرەکە کە ڕووە و باکوور ئەڕوات... ترپەکانی دڵی ئەژمێرێت. من لەوە دوورتر هیچ نابینم، ئەوەش ئەزانم کە ئەم چەند دەقیقەیەی داهاتوو ئەتوانێ ناخی چوار مرۆڤ یان تێکبشکێنێ و یان بەختەوەریان بکات... باسی نەخۆشیم بۆ ئەکەیت وەکو پزیشك بیت... باسی ڕێگەو چارەنووسی ڕاستی من دەکەیت... چارەنووسی من زۆر لە چارەنووسی ئەو سیانەی تر بێ بایەخترە کە چاوەڕێی وشەکەت دەکەن. بێگومان کە چارەنووسی من تاریکە... تازە ئەوەبەشی منە... بەڵام تۆ بۆ چرای ژیانی ئەوان دەکوژێنیتەوە.

**كیلی**:– مایكل تاقه كەسێك بەلای منەوە گرنگ بێت تۆیت و ئەو ئازارەی پێوەی دەتلێیتەوە... ڕۆماننووسەكان دەڵێن گوایە برا كاسۆلیكەكانمان كە لە دادگاكانی پشكنیندا كاریاندەكرد تووشی ئازارێك بووبوون... ئازاری هیوا... دەرگاكانی زیندانەكان بەكراوەیی بەجێدەهێڵران و زیندانییەكانیش بە شێوەیەكی سەیر دالانەكانیان دەبڕی و لای پاسەوانەكانیشەوە بۆ دەروازەی سەرەكی دەچوون كە بەرەو ئازادیی دەبردن... بەڵام سەرۆكی دادگای پشكنینەكە لەبەردەم دەروازەكەدا دەیبینین و چاوەكانیشی پڕ لە فرمێسك و لۆمە بوون... تۆیش مایكل، هیوا ئازارت ئەدات... بەڵام من نەدەرگاكانم بەكراوەیی بەجێهێشتووە و نە دالانەكان بێ پاسەوانی و نەدەروازەكانیش بە كراوەیی... بە تەواوەتی ئەوەشم بۆ ڕوون كردیتەوە كە دەبێ ڕووبدات، چونكە ئەزانم ئەوە تۆزێ لە توندوتیژی كەم دەكاتەوە.. مایكل تۆ ئازاری خۆت ئەدەیت.

**ئۆریۆردۆن**:– لەگەڵ ئەو ڕوونكردنەوەیەشتدا شۆن ئێستەیش زۆر شت هەیە كە هەر لێت تێنەگەیشتم... هەمووی یەك دوو دەقیقە دەبێت كە پێت وتم ئامادەیت لەپێناوی مندا لە تەبیعەتێك زیاتری خۆت بگۆڕیت.. لە هەمان ساتیشدا دەڵێیت كە ئەو كارە ناكەم... پاشان تۆ باسی ڕێی ڕاست و خۆشیی من ئەكەیت... من وەكو هاوڕێیەكی تۆو ئەوانیش قسەت لەگەڵ ئەكەم... بەڵام گەر تۆ ئەو كارەت بەجێهێنا ئەوا من هەمووتانم

لەکیس دەچێت شۆن... جولی و مۆلی و تۆش.. هەمووتانم لە کیس دەچێت...

**کیلی:**— (**بەحەسرەتەوە**) ئەزانم.

**ئۆریۆردۆن:**— ئەی کەواتە لەگەڵ ئەوەشدا ناتەوێ لەو بەڵایە ڕزگارم بکەیت... ئەشڵێیت گوایە هەموو بیرکردنەوەم تۆیت؟

**کیلی:**— گوێبگرە مایکل، لەوانەیە من زۆر بە سارد و وشك بدەیتە قەڵەم... بەڵێ تۆزێك وام... من وەکو خەڵکی تووشی پەشیمانی و کڕووزانەوە نابم... بەڵام ئەیشزانم کێ و چیم خۆشئەوێ و لە خۆشەویستیەکەشمدا دڵسۆزم... من و تۆ هەرگیز لێك جوێ نەبووین.. بەڵام لەوەتەی چوویتەتە دنیای تاریکییەوە... لەو کاتەوە من چاوەکانی خۆم لە پێناوتدا بەکاردێنم.. چاوەکانی من ئێستە ئەزانێ ڕێی ڕاستی تۆ کامەیە... پێویستە جێی باوەڕت بم مایکل... تۆ ئەمەندە بە تەنگ خۆشیی خەڵکییەوە هاتوویت و دێیت کە خۆتت لە بیرچووەتەوە... تۆ هەمیشە چی خۆشیی ئەوان نەك هی خۆتی تیابێت، دەیکەیت.. بەڵام ئێستە سەری گوریسەکە بەدەست منەوەیە و خۆم ئەزانم چیی لێئەکەم.

**ئۆریۆردۆن:**— من لێت تێناگەم... لێت تێناگەم.

**کیلی:**— خۆشەویستی جۆرەها بەرگ ئەپۆشێت مایکل... سەیرێکی دەور و پشتت بکە... خۆشەویستی لای هاوڕێکەت بەرگە تەقلیدییەکەی پۆشیوە.. بەرگی ڕۆمانسیەت... خۆشەویستیش لای تۆ بەرگی زوهد

ئەپۆشیٚ... لەوانەشە ڕۆژێك لە ڕۆژان ،کاتێك بەختەوەر دەبیت... بەرگی شەیتانی بپۆشێت... ئەوبەرگەی ئێستە خۆشەویستیی من ئەیپۆشێت.

**ئۆریۆردۆن:**– بەڵام چۆن بەختەوەر دەبم؟ ئێستە تۆ خۆشت چی دەکەیت؟ تۆ وا دەزانیت هەموو مرۆڤێك بەو جۆرەی تۆ هەست دەکەیت، ئەویش وا هەست دەکات... خۆشەویستیی من هیچ بەرگێك ناپۆشێت.. زوهد.. ئەم قسەیەت چی دەگەیەنیٚ؟ ئەوەی من ئەیکەم نە زوهدە نە جووڵەیەکی ئازایانەیە تا دڵێکی شکستە داپۆشێت... تۆ وائەزانیت من گەر مۆلی بهێنم بەختەوەر دەبم... گەر بیر لەوەدەکەیتەوە باوەڕت بیٚ کە هەڵەیت.. بەختەوەریی من ئێستا بەستراوەتەوە بە بەختەوەریی جۆنی و مۆلی هەردووکیانەوە... تێگەیشتیت؟...هەردووکیان.. تەنها بەختەوەریی من ئەوەیە کە ئەوان بەختەوەر بن...

**کیلی:**– مایکل تۆ لە تاریکییەوە قسەدەکەیت... من ئەتوانم ببینم... لە دەرەوە ڕووناکی کۆئەبێتەوەو لەپڕدا ڕۆژ هەڵدیٚ.

**ئۆریۆردۆن:**– مرۆڤ ئەتوانیٚ لە تاریکیدا زۆر باشتر ببینیٚ وەك لەوەی ڕووناکی بەتینی خۆر کوێری بکات.. شۆن، ئازیزم... وا وەختەکە دەڕوات.. منیش .. منیش نازانم چی بڵێم، لەوە ئەچیٚ وشەکانم وەکو جاران نەتوانن مانای تەواوی خۆیان بگەیەنن، پێم وتیت تۆ ژیانی من وێران دەکەیت.. ئەوکاتەش وەك قوللەیەکی ڕەشت لیٚ دیٚ کە نەرمەبایەك ڕووخاندبێتی... تۆ بە ئاسانی دەڵێیت کە نایکەیت.. چۆن بگەمە ناخت شۆن؟.. دڵت بیٚ من دامەخە... نازانم چۆن ئازاری ناخمت نیشان

بدەم... چۆنیش بەرگەی سەیرکردنی ئەگریت بێ ئەوەی ئەو تەنها وشەیە بڵێیت کە ئەو ئازارە سەختەم لێ دووردەخاتەوە؟

**کیلی:**– تۆ بیر تەنها لەم ساتە دەکەیتەوە، بەڵام من لە هەموو ژیانت... خەمی هاوبەش پەیوەندییەکی بەهێزە... مایکل بەرگەی ئەوەبگرە کە ڕوو ئەدات و مەهێڵە هیوا دەستی بخاتە ناو کارەکەتەوە... هیوا تووشی گێرمە و کێشەت دەکات... سوودیشی بۆت نابێت... ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە کە لەم ڕۆژە تازەیەدا ئەفسەر جۆن تریگارسن دەمرێت... هەر ئەوەندە بەدڵێکی بە هێزەوە ئەم ڕاستیە قبووڵ بکەیت ئەو ئازارە سەختەت نامێنێ و زەمەنیش ئەوی تری جێبەجێدەکات، من دەمەوێ باری ئازارت سووك بکەم و ئەو هیوایەت لێ دووربخەمەوە.

**ئۆریۆردۆن:**– (**بەبێ هێزییەوە**) بەڵام من خۆشم ئەوێ... خۆشم ئەوێ.

(**دەنگی کەڵەشێردێت**)

**کیلی:**– کەڵەشێرەکەش خوێندی.. واکاتی دیاریکراو هات... ڕۆژ واخەریکە لای گردی دارستانەکەوە سەر دەربێنێت.

**ئۆریۆردۆن:**– منیش چەندین ساڵە تۆ بە هاوڕێی دڵسۆزی خۆم ئەزانم... تو مەسیح هاوڕێ مانای چی گەر تەنها وشەیەکی لەدەم نەیەتە دەرەوە کە مرۆڤێك لە مردن و یەکێکی تر لە خەفەت و ئازارێکی هەمیشەیی ڕزگار دەکات؟ ئەی کەواتە ئەوەت بەلاوە گرنگ نییە کە ئیتر من بۆ هەتا هەتایە ڕقم لێت دەبێتەوە؟ بەخوا ئەگەر چاوم دەبوو بەزیندوویی دڵتم دەرئەهێنا.. ئاخرییەکەی بۆم دەرکەوت کە چ مرۆڤێکی

ترسنۆکیت و بە خۆشەویستیی سواڵکەرێکی کوێرەوە خۆت بائەدەیت.. ئێستە من وام.. سواڵکەرێکی کوێر داوای یەك تۆز بەزەییت لێدەكات، بەڵام بە بێ ئومێدی ئەچێتەوە ماڵەکەی.

**کیلی**:– (**دەمانچەکەی خۆی ئەداتە دەست ئۆریۆردۆن و بەهێمنی ئەدوێ**) لوولەی دەمانچەکە ڕێکی کەللەی سەرمە.. کاتێك مردیشم تۆ دەبیت بە ئەفسەری سەرەکی.

**ئۆریۆردۆن**:– (**بە ترسەوە، وەك شتەکەش ئەوەندە سەرنجی ڕانەکێشابێت**) ناتوانم نا.. چۆن ئەتوانم.

**کیلی**:– تۆ ئەعصابت لە سەرخۆی نییە.. فەرموو ئەوە لوولەی دەمانچەکە بەسەرمەوەیە تا نیشانەکە بە هەڵە نەگریت (**بێ دەنگی، کیلی دەمانچەکە وەرئەگرێتەوە**) دەبینیت مایکل، بڕیاردان لەسەر ژیان و مردن ئەوەندە ئاسان نییە... جا وازبێنە و هەقت بەسەر هیچەوە نەبێت.

(**جۆن و سکانلۆن دێنە ژووری**)

**ئۆریۆردۆن**:– ئەوە...

**جۆن**:– (**دوونامە ئەداتە دەست ئۆریۆردۆن**) ئەم دوونامەیەم بۆ بگەیەنە.

**ئۆریۆردۆن**:– بەڵێ.

**کیلی**:– هیچی ترت هەیە بیڵێیت؟

**جۆن**:– نەخێر.

(**بەدرێژایی دیمەنەکە ئۆریۆردۆن نامەکانی وابەدەستەوە و بە سنگی خۆیەوەی گرتوون**).

**سكانلۆن:**– ئێستە دڵنیایت لەوەی كە ناتەوێ بچیتە لای هیچ قەشەیەك؟

**جۆن:**– تۆ دڵت هیچ نەكات.. من دڵنیام..

**كیلی:**– **(پارچەیەك كاغەزی چوار گۆشەی سپی ئەداتە سكانلۆن.. بەهێمنی)** سەردڵی، **(سكانلۆن بە ئەزیەتەوە هەوڵی گیركردنی كاغەزەكە دەكات لە سەردڵی جۆن، ئەیدا لە خوارووی دڵی)**

**جۆن:**– **(بەهێمنییەكی زۆرەوە)** دڵم سەرووترە.

**سكانلۆن:**– **(كاغەزەكەی چاك دەكات)** ببوورە گەورەم.. ببوورە..

**ئۆریۆردۆن:**– **(بەخەفەتەوە)**، جۆن زۆرم هەوڵ دا، زۆر...

**جۆن:**– بەڵێ ئەزانم.

**كیلی:**– برۆین؟ لای باخچەی ئەرخەوانەكەوە چاوەڕێماندەكەن.

**جۆن:**– خواحافیز مایكل.. زۆر سوپاست ئەكەم بۆ ئەو بەختەوەرییە گەورەیەی پێت بەخشیم.

**ئۆریۆردۆن:**– **(بەتێكشكاوییەوە)** جۆن.. جۆن!

(**سكانلۆن و جۆن ئەچنە دەرێ... كیلی دەمێنێتەوە و بۆ ماوەیەك ئەڕوانێتە ئۆریۆردۆن و پاشان ئەچێتە دەرێ**).

**ئۆریۆردۆن:**– **(پاش چەند چركەیەك)** شۆن! شۆن!

(**لە دوورەوە دەنگی شووتی شەمەندەفەرەكە دەبیسترێ بۆ سێ جار لێدەدرێ**)

**ئۆریۆردۆن:**–مەسیح.. لە ڕووناكیدا چی ڕووئەدات؟

**(لە دەرەوە دەنگی فەرمانی گوللەبارانكردنی جۆن دەبیسترێ.. ئۆریۆردۆن لە جێگای خۆیدا وشك دەبێت و نامەكانیش هەر وان بە سەردڵیەوە).**

**(لەدوورەوە دەنگی شووتەكە دێتە گوێ كە سێ جار و درێژتر لە پێشوو لێ ئەدرێ و لە زریكەی ئافرەت دەچێت... و لە كاتی شووتی سێیەمدا پەردە دائەدرێتەوە)**

**كۆتایی**

1981/3/8–7

ئەو سەرچاوەیەی ئەم شانۆنامەیەی لێوە کراوە بە کوردی:

من المسرح الأيرلندي

القيثارة الحديدية

تأليف: جوزيف اوكونور

ترجمة و تقديم : د. أحمد السيد النادي

مراجعة : د . علي الراعي